**فوئـاد سديق**

# تیۆرەکەی فرۆید

٢٠٢٣

**مەعریفە بریتییە لە هێز**

**فرانسیس باکون**(Francis Bacon)

**قورسترین شەڕ لە ژیانتدا ئەوەیە کاتێک خەڵکی هانتدەدەن ببیتە کەسێکی تر ، نەک خۆت بیت**

**شکسپییر**

**ئێمە کاتێک دەتوانین تاوانبار بین کە بتوانین بەرپرسیار بین و، تەنیا کاتێک دەتوانین بەرپرسیار بین  کە ئیرادەی ئازادمان هەبێت.**

**سارتەر**

**پێشکەشە بە**

- هەر سێ جگەرگۆشەکەم، ڤەهێل و ڤینوارو رێنوار .
- ئەوانەی بۆ ئازادی تاک خەباتیان کردووەو قوربانییان داوە.
- ئەوانەی حەقیقەتیان ناشیرن و قێزەون نەکرد، ئەگەر چی ژینگەشیان زۆر بۆگەن بوو.
- ئەوانەی بەبێ هەڵپەکردن، سەرقاڵی کاری جوان و داهێنەرانەن

## ناوەرۆک


| ناوی بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٧ |
| لەبارەی فرۆیدەوە | ٩ |
| شیکاری دەروونی | ١٢ |
| تیۆری شیکاری دەروونی | ١٧ |
| هاتنی فرۆید | ٢٤ |
| فرۆید چی کرد | ٢٧ |
| غەریزە لە زانستی شیکاری دەروونیدا | ٣٥ |
| غەریزە چییە؟ | ٣٧ |
| ولیام جەیمس و تیۆری غەریزە | ٤٠ |
| غەریزە بەپێی ماکدۆگال | ٤١ |
| غەریزە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا | ٤٣ |
| ڕەخنە لە تیۆرەکانی غەریزەی پاڵنەر | ٤٩ |
| کێ تیۆری غەریزەی دروستکردووە؟ | ٥٣ |
| فرۆیدو تیۆری غەریزە | ٥٤ |
| نموونەی تیۆری غەریزە لە ئاژەڵدا | ٥٦ |
| نموونەی تیۆری غەریزە لە مرۆڤدا | ٥٧ |

| | |
|---|---|
| غەریزەکانی ئەمڕۆ | ٥٩ |
| ئیراسمۆس داروین | ٦٠ |
| چارلز داروین | ٦١ |
| کاریگەرییەکانی فرۆید | ٦٢ |
| فرۆیدو هەڵوێستی لە شارستانیبوون | ٦٥ |
| فرۆیدو نیچە | ٧١ |
| فرۆیدو ماکس ڤیبەر | ٩٠ |
| فرۆیدو مۆدێرنێتە | ٩٣ |
| فرۆیدو جولەکایەتیبوونەکەی | ٩٨ |
| فرۆیدو یۆنگ | ١٠٠ |
| فرۆیدو نەست(نا ئاگا) | ١١٠ |
| فرۆیدو خەون | ١١٥ |
| مۆدێرنەو ڤیەنا | ١٢٨ |
| فرۆیدو چارکۆت | ١٣٥ |

## پێشەکی

فرۆید یەکێک لەو چەند فەیلەسووفە بەناوبانگانەیە کە نەخشی مۆدێرنیتەیان جوانتر کرد، زۆر جار دەوترێ فرۆید دەکەوێتە ئاستی بەرزی مارکس و نیچە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فرۆید لەناو کورد بەپێی پێویست ناسراو نییەو، کورد پێویستی بە جۆرج تەرابیشییەک هەبوو تا فرۆیدمان پێ بناسێنێت. بەداخەوە، زانکۆکانیش لەوبارەیەوە کۆڵەوار دەرچوون، پێموابێ هێشتا تەنانەت لە بەشەکانی دەروونزانی زانکۆکانیش فرۆید بە باشی ناسراو نییە. لەکاتێکدا بیروبۆچوونەکانی فرۆید راستە دۆزینەوە بوو، بەڵام بوومەلەرزەیەکیش بوو، کە سەرنجی خۆی لە ناخی مرۆڤ گرتووە. لەوبارەیەشەوە ئازایەتییەکی زۆری پێوە دیارە، کە توانی زۆر بە راشکاوی باسی گرێکوێرەکانی دەروونی مرۆڤ بکات.

ئەمە هۆکارێکی گرنگ بوو، بەدوای ئەو پیاوەدا بچم، کە قوتابخانەیەکی لەمجۆرە، کە تیایدا مرۆڤی بەرەو خۆشەویستی نەبردووە، بەڵکو لایەنە شەڕانگێزەکانی مرۆڤی راڤە کردووە، لەکاتێکدا کەم نین ئەو مرۆڤانەی هەرگیز لەگەڵ سیاسەتی شیکارە دەروونییەکەی فرۆید یەکناگرنەوە. ئەم نووسینەی من زیاتر بابەتێکی تیۆرییە لە رێگای فرۆیدەوە چوومەتە سەر

ڕاڤەکردنی شیکاری دەروونی. ڕەنگە ئەگەر فرۆید مرۆڤی هێندە بە پاڵنەری سێکسی ئاژەڵی و هێندە بە دەروونی نا سروشتی گرێ نەدابوایە، منیش خۆم بەو بابەتەوە سەرقاڵ نەکردایە. بەڵام هەر کۆمەڵگایەک کولتوورو فەرهەنگ و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، بۆیە ناکرێت کەسێک بێت ژیانی ئاڵۆزی خۆی بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیدا گشتاندنی بۆ بکات.

دەشێت ئەم نووسینەی من دەرگایەک بە ڕووی بۆچوونە جیاوازەکانیشدا بکاتەوەو ، گفتوگۆی زانستییانە بێنێتە بەرهەم. پوختەی بابەتەکە ئەوەیە ئەگەر هەندێک کەس پێیان وابێت فرۆید پێغەمبەریش بووە! بێگومان نەیتوانی ببێتە مەسیح. چونکە ژیانی سایکۆلۆژیای ناسروشتی خۆی بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا قلێکردۆتەوە. لێرەوە دەروازەیەکمان بۆ لێکۆڵینەوە لە فرۆید و لە تیۆرەکەی کردۆتەوە، بەپێی توانای خۆم هەوڵی چوونە ناو تیۆرەکەیم داوە، کە لەگەڵ شیکردنەوەی ئەمڕۆدا بگونجێت.

### لە بارەی فرۆیدەوە

ژیان بەسەربردنی فرۆید تا رادەیەکی زۆر هەر لە نەمسا بووە. بەڵام ساڵی ١٩٣٨ واتە پێش ئەوەی دووەم شەڕی جیهانیی هەڵبگیرسێت، نازییەکان دەست بەسەر نەمسادا دەگرن و داگیری دەکەن، ئیتر فرۆید بە ناچاری خۆی و خێزانەکەی رووەدەکەنە لەندەن و تا مردن لەوێ دەمینێتەوە. فرۆید لە بنەڕەتدا لە خێزانێکی هەژاری کەمدەرامەتی جولەکە هاتۆتە سەر دنیا. لە بارودۆخێکی پڕ لە نیگەرانی ژیاوەو، هەوڵیداوە کەسایەتییەکی جیاواز بۆ خۆی دروستبکات.

فرۆید هەوڵیدا لەناو باهۆزی مۆدێرنێتەوە، پێگەیەک بۆ خۆی مسۆگەر بکات، بۆیە بە ئەقڵانییەت توانی شوێن پەنجەی لەناو مۆدێرنێتەو ئەقڵانییەتدا دەستنیشانبکات. واتا فرۆید سووکایەتی بە ئەقڵ نەکردووە، بەڵام هەمیشە بەدوای غەریزەکان و نەست(نا ئاگایی)ییشدا دەچوو. ئا لێرەدایە زۆربەی توێژەران و لێکۆڵەرەوانی شیکاری دەروونی پێیانوایە فرۆید گورزێکی کەمەرشکێنیشی لە ئەقڵانییەت داوە، کاتێک راڤەکەی خۆی خستە سەر نەست و، نەستی بە بکەری کارە ڤێزەونەکانی مرۆڤ داناوە. بەتایبەتی کە بڕوای وابوو، کاتێک لە وشیاری تێدەگەین و دەیناسین، کە توانیمان لە نا وشیاری

تێبگەین و بیناسین. کاتێک چێژ لە خۆشەویستی دەبینین، کە لە رق تێگەیشتبین. ئیرۆس نا ناسینەوە، ئەگەر غەریزەی مەرگ بە جدی وەرنەگیرێت.  ئا لێرەدایە بەو جۆرە ئەقڵانییەتەو بەو جۆرە بەکارهێنانی ئەقڵە فرۆید مرۆڤ بە ئاراستەیەکی تەندروست نابات و دەیکاتە مرۆڤێکی ناسروشتی و ناتەواو. ئاخر ناکرێت مرۆڤ کاتێک خۆشەویستی بکات و خۆشەویستی بدۆزێتەوە، بیر لە رق بکاتەوە.  یان کاتێک مرۆڤ خۆشەویستی بۆ باوک دروستدەکات، فرۆید باوکسالاری و  دەسەڵاتە جەندرمە ئاساکەیمان وەبیر بهێنێتەوە. یان کەی دەروونێکی پاک و باشمان هەبوو، فرۆید دەروونێکی پەشۆکاوو شێواومان بێنێتە بەر هزرو دیدە.

ئەو تیۆرەی فرۆید دایهێنا، گرنگ بوو، بۆئەوەی لە ڕێگای ئەو تیۆرەوە، بتوانرێت کەلێنەکانی دیکەی ناخی مرۆڤ و بیرکردنەوەی مرۆڤ چارەسەر بکرێت. بەڵام فرۆیدیش وەک زۆرێک لە فەیلەسووفەکانی دیکەی مۆدێرنێتە، نەیانتوانی مانایەک بەو شتانە ببەخشن کە پێش خۆیان مانایان نەبوو. ئەمە قسەی میشیل فۆکۆیە. بەڵام فرۆید لەبەرئەوەی لە رەفتاری رۆژانەشیدا هەمیشە پیاوێکی خۆ بە گەورە زان دەبینی و خۆی بە لاوازی نیشان نەدەدا، ئەم حاڵەتەش بەرەو دەمارگیری  لوولت دەدا. رەنگە فرۆید بێ ئەوەی پێی زانیبێت ئەویش کەم یان زۆر لوولدرابێت.

له رووی زانستییەوە لاوازی هەرە گەورەی فرۆید ئەوەیە، کاتێک باسی مرۆڤ دەکات، بە یەک ڕەهەند گشتاندنی بۆ سەرجەم مرۆڤەکان کردووە، واتا بە ڕەهایی باسی مرۆڤ دەکات، بەتایبەت لە دژایەتیکردنی کوڕ بۆ باوک ، یان کچ بۆ دایک . ئەم فەرهەنگە بەسەر هەموو مرۆڤێکی ئەم گەردوونە جێبەجێ ناکرێت. ڕاستە فرۆید کارێکی وەهای نیشانداوە کە هیچ دەروونزانێک یان فەیلەسووفێکی دیکەی پێش خۆی ، ئاوەها نەچۆتە ناو شیکاری دەروونی و ئەو لایەنانەی (غەریزەو نەست)ی مرۆڤی نەخستۆتە ڕوو. بەڵام ناشکرێ مرۆڤ لەناو شیکارە دەروونییەکەی فرۆید دا ئەوەندە شەڕانگێزو بەد ڕەوشت و نامۆ دەربکەوێت. چونکە وەزیفە بەرزەکانی مرۆڤی بۆ ئاستی ئاژەڵێتی چڕ کردۆتەوەو، جیاکارییەکی بنەڕەتی لەنێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا نەکردووە، کە هەیە. فرۆید سوودی لە داروین وەرگرتووەو بە پشتبەستنی بە تیۆرەکەی داروین بەلای پاڵنەرەکانی سێکسدا بایداوەتەوە. بەڵام ئەوەی من تێبینیم کردووە، فرۆید بەهۆی ئەو دۆخە نالەبارەی خۆی تێیدا ژیاوە، توانیویەتی سوود لە ئەزموونی تاڵی خۆی وەربگرێت و داهێنانێکی گەورەی پێبکات. بە جۆرێک توانی بگاتە ئاستی داهێنەرە گەورەکانی جیهان وەک مارکس و نیچە. بەڵام هەر یەکەیان لە بوارێکی تەواو جیاوازدا داهێنەر بوون. ئەگەر چی فرۆید هەوڵیداوە بۆ ئەو قوتابخانەیەی

بەناوی شیکاری دەروونی بنیاتیناوە، سوود لە سەرجەم فەلسەفەو بیرۆکەو بیروبۆچوونەکان وەربگرێت و، بە شێوەو شێوازێکی دیکە دایبرێژێتەوە. ئەویش ئەقڵانیبوونە لە ڕێگای شیکردنەوەی دەروون، کە ناوی لێنرا شیکاری دەروونی.

## شیکاری دەروونی

شیکاری دەروونی لە بنەڕەتدا بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان مێشک و جەستەی مرۆڤ، کە خۆی لە هەست و نەست(نا ئاگا – لاشعور)و غەریزەو سۆزو تەنانەت خەون و خەونبینین و بیرکردنەوەی مێشکدا دەبینێتەوە. ئەم پەیوەندییە لە راستیدا زۆر ئاڵۆزەو، تا ئێستاش چەندین لقی دیکەی لێ بۆتەوەو، چەندین تیۆری دیکەی نوێ هاتوونەتە بەرهەم.

فرۆید بەردەوام ئەوەی باس دەکرد کە قوتابخانەی شیکاری دەروونی لەلایەن خۆیەوە دامەزراوەو، تەنانەت بەر لە خۆی کەس سەرقاڵی شیکاری دەروونی نەبووە. باسی ئەوەشی کردووە کە چۆن بۆ ماوەی (١٠) ساڵ رەخنەی توندی لێ گیراوە، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بووەو تا توانیویەتی ئەم قوتابخانەیە جێگیر بکات و تا ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی رابردوو، توانی ئەم قوتابخانەیە بگەیەنێتە ئاستێکی زۆر بەرز.

بەمەش فرۆید ناوو ناوبانگی بە هەموو دنیادا بڵاوبووەوە. بەتایبەت بە هۆی هەموو ئەو رەخنانەی کە لێی گیراون. ئیتر شیکاری دەروونی چەندین لقی زانستی دیکەی لێ بۆوەو فرۆیدیش درایە بەر رەخنەی توند. بۆ نموونە چ لەسەردەمی خۆی کارل گۆستاف یۆنگ و دواییش ئەریک فرۆم و تا دەگەینە ئەو شیکاری دەروونیانەی کە تازەو نوێن ، تێبینی و رەخنەیان لە فرۆید گرتووە، بۆیە ئێستا شیکاری دەروونی بە شێوازی دیکە هەوڵی چارەسەرکردنی نەخۆشی بۆ دەکرێت. ئەو قۆناخە بەسەر چوو کە فرۆید بڵێ من بە تەنیا ئەو قوتابخانەیەم داهێنا. وەک لە کتێبی ( AN DUTLINE PSYCHOANALYSIS) باسی خۆی دەکات.

(گروم باوم) کە دەروونزانێکی نوێیە ، رەخنەی لە فرۆید گرتووەو دەڵێت، ئەو بەڵگانەی فرۆید تیۆرەکەی خۆی لەسەر بنیات ناوە هەر لە بنچینەوە تەندروست نییە، تەنانەت ئەو بەڵگانەی لە عیادەکەی خۆیشی وەدەستیهێناون جێگەی پرسیارو گومانن، چونکە هەموو بەڵگەکانی فرۆید پشتی بە وتەکانی نەخۆش بەستووە، ئەمەش جێگای رەخنەو گومانکردنە. ئاخر کاتێک کە نەخۆش قسەئەکات، زۆر سەختە بتوانێت هەموو ئەو یادەوەرییە خەفەکراوو کەڵەکە بوانەی خۆی بهێنێتە بەر باس و دەربیبڕێت.چ جای ئەوەی نەخۆش چەند راستگۆ بووە لە گوازتنەوەی رووداوەکان. چونکە تا

ئێستاش هیچ ڕێگایەکی زانستی نییە توانیبێتی بیسەلمێنێت کە نەخۆش یادەوەرییە ڕاستەقینەکانی خۆی لە یادەوەرییە خەیاڵئامێزەکانی خۆی جودا بکاتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی لە نەستی نەخۆشدا یادگەیەکی گەورە هەیە، کە بۆ نەخۆش سەختە دەریانببڕێت. ئا لێرەدایە پرسیارەکە دێتە پێشەوە، کەوابێت ئەو پزیشکانەی شیکاری دەروونی چۆن تەنیا بە پشتبەستن بە وتەو قسەکانی نەخۆش بڕیاری پێویست بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکە دەدەن؟! گرێکوێرەکە لێرەدایە. بۆیە هەندێک لە پسپۆرانی ئەو بوارە بەتایبەت ڕەخنە گرەکانی ئەو بوارە، دەگەنە ئەو ئاستەی بڵێن شیکاری دەروونی لە بنەڕەتدا هەر زانست نییە، تەنانەت پێشبینییەکانیشی لە شوێنی خۆیدا نییە. چونکە پێشبینی بارودۆخی شاراوەی دەروونی جیاوازە لەگەڵ پێشبینی ڕەفتارەکان. بۆ نموونە: (ئێسینک) ئەڵێت: ڕوونترین بەڵگە لەسەر شکستی چارەسەری فرۆیدی ئەوەیە کە هەندێک ڕێگەی تر بە شێوەیەکی سەرکەوتوو جێگەی تیۆری فرۆیدیان گرتەوە ، بۆ نموونە (چارەسەری ڕەوشتی - سلوکی). بێگومان ئەگەر بچینە سەر ڕەخنەی پسپۆرانی ئەو بوارە یەکجار زۆرن، بۆیە نامانەوێ زۆر بچینە سەر ڕەخنەگرتنەکان لە فرۆید. چونکە هەموو تیۆرێک هەر بۆ ماوەیەکە، دواتر تیۆری دیکەی لێ دێتە بەرهەم و دژی دەوەستێتەوە.

فرۆید زانستە نوێکەی خۆی لە دژی مۆدێرنەی کانت پێناسە دەکرد. فرۆید بەشێوەیەکی ئیرۆنی شۆڕشی کۆپەرنیکی کانت ی بە زانستی کۆن ناودەبرد. کاتێک شۆڕشی دەروونی شیکاری لەچوارچێوەی مێژوویی هەردوو کۆپەرنیکۆس و داروێندا دادەنێت، پێیوایە، هەردووکیان برینیان بەسەر نەرگسییەتی مرۆڤایەتیدا هێناوە. شیکاری دەروونی سێیەمین گورزی یەکلاکەرەوەیە کە لە رووی زانستییەوە ئەنجامدراوە. زانستە نوێکەی فرۆید رادیکالانەیە، چونکە هێرش دەکاتە سەر ئەم دوا قەڵای شانازییەی کە ماوەتەوە، ئەویش ئەقڵ ە، ئەقڵ لە جیاتی ئەوەی گرەنتی سەربەخۆیی بۆ سەربەرزی مرۆڤایەتی لە هێزە سروشتییەکان بکات. ئەقڵ بە ئاسانی بێ ئەقڵ دەبێت کاتێک ئیگۆ لە رەوتی کات و هەروەها لە رەوتی ژیان دوور دەخاتەوە.ئەم لابردنە لە کات و شوێن هاوسەنگە لەگەڵ لەدەستدانی واقیع کە تایبەتمەندی جۆرە جیاوازەکانی دەروونییە. زانستە نوێکەی فرۆید کولتووری لەگەڵ مێژووی سروشتدا تێکەڵ دەکات. بە بڕوای فرۆید ناتوانین بەسەر سروشتدا زاڵ بین و بە دۆخی ئازادی کانت و هیگڵ بگەین کە پاڵنەرە سروشتییەکان تێیدا هەڵواسراون. شیکاری دەروونی سەرنج دەخاتە سەر ئەو زیانانەی کە بە وردی بەهۆی ئەو جۆرە راگرتنەوە تووشی دەبن، زانستە نوێکەی فرۆید لەجیاتی ئەوەی جەخت لەسەر دۆخێکی

داهاتووی ئەقڵ و ئازادی بکاتەوە، هەوڵدەدات رازیمان بکات یادی رابردوویەکی سەردەمی رزگار(واتە پێش مۆدێرنە) بکەینەوە، ئەگەر نەهێنرێتە وشیارییەوە، شێوازی ژیانی گریمانە مۆدێرن و شارستانیمان دیاریدەکات.

بیرۆکەی ئەوەی کە زەبروزەنگی دەروونی هۆکاری نەخۆشی دەروونییە، بەسەر تیۆری شیکاری دەروونیدا زاڵ بوو، بەڵام ئەمە پرسیارێکی دەخستە روو کە بەراستی مەبەست لە زەبروزەنگی دەرونیی چییە؟ لە راستیدا تا پێش رۆشنگەری، چەمکی نەخۆشییە دەروونییە زەبر پێکەوتووەکان بوونی نەبووە. بێگومان کەسانێکی زۆر هەبوون کە بە شێت یان لەناو کۆمەڵگا نامۆ بوون و سەرنجی خەڵکیان بەلای خۆیاندا رادەکێشا، بەڵام زۆربەیان وا بیریاندەکردەوە کە جۆرێک لە گوناهیان کردبێت. چەمکی مۆدێرن لە پەروەردەکردنی زەبر پێکەوتوو بە هۆکاری نەخۆشی بەساڵاچوو یان تەمەن گەورە دادەنرا.

ئەو نیشانانەی کە توانیومانە بگەڕێینەوە بۆ هۆکاری خێراکەرەکانی ئەم جۆرە بریتین لە نەخۆشییەکانی دەمارو بێهۆشکردن بە جۆرە زۆر جیاوازەکان، کە زۆربەیان بۆ ساڵانێک بەردەوام بوون، گرژبوون و ئیفلیجی هێرشی هیستریای توندی سەرئێشە کە هەموو چاودێرێک بە سەرئێشەی راستەقینەی دەزانێت، ئینجا تێکچوون و

رشانەوەی درێژخایەن و بێئاگایی خواردن دەگوازرێنەوە بۆ رەتکردنەوەی هەموو خۆراکێک....هتد.

### تیۆری شیکاری دەروونیی

تیۆری دەروونزانی وەک کێشەیەکی تایبەت لە فەلسەفەدا دەستی پێکردووە، واتە سروشتی ئەقڵە. بەڵام ئەم شوێنە نا ئاساییەی فەلسەفە چییە؟ کێشەیەکی زۆر کۆنە وەک کێشەیەکی خۆسەپێنەر خۆی بردۆتە ناو فەلسەفە، ئەویش لەوکاتەوە دەستی پێکرد کەسوکرات وتی خۆت بناسە. ئەم بیرۆکەیە، ئەگەر چی زۆربەی فەیلەسوف و تەنانەت رۆماننووس و زانایان کەم کەم باسیان لە گرفتە دەروونییەکان کردووە، بەڵام تا فرۆید نەهات، دەروونناسی نەکرا بە قوتابخانەیەکی فیکری و دواتریش زانستی. چونکە ماوەیەکی باشە دەروونزانی بۆتە ئەرکێکی زانستی .

تیۆری شیکاری دەروونی لە کێشەی دەروون – جەستەوە دەستپێدەکات، لە پێویستییەکی زانستییەوە بۆ تێگەیشتن لە مادەی دەروونی. چونکە لە زانستدا قبوڵکردنی رۆح و مادە بەس نین، دەبێت لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەکە بکرێت، کە چۆن دەتوانین بڵێین ئەقڵ، ئەقڵ نەک تەنیا مێشک وەک جێگرێکی

فیزیکی، کە مادەیە. بەڵکو بە مانا فراوانەکەی بیرکردنەوەیە، کە هەست و نەست و خەونبینین و ....هتد لەخۆی دەگرێت.

ئەگەر شیکاری دەروونی بتوانێت بەردەوام بێت، پێویستە هەم رەخنە لە حەتمییەتی بایۆلۆژی بگیرێت و هەم تێگەیشتنێکی باشتر لە جەوهەری خودی زانست پێشکەش بکات. بەو پێیەی مۆدێلی بایۆلۆژی زۆربەی کات دەبێتە هۆی گیراوەی دەرمانسازی، پێویستە خاڵە کوێرەکانی ئەمە ئاشکرا بکرێت. جگە لەوەش بۆ ئەوەی نیشانبدرێت کە شیکاری دەروونی بەراستی زانستێکە دەبێت چەمکە بنەڕەتییەکانی روونبکرێتەوە. واتا بەڵگە بۆ هێزی پێشبینیکردنی ئەم دیسپلینە دابین و مسۆگەر بکرێت. هەرچەندە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی رەمەکی(عفوي) لەسەر چارەسەری شیکاری دەروونی سەختە، بەڵام ئەگەر بە روونی تێیبگەین، دەشتوانرێت چەمکە سەرەکییەکان تاقیبکرێنەوە .

بنەما سەرەکییەکەی شیکاری دەروونی ، ئارەزووە، چونکە ئارەزوو چەقی هێزە کە دەتوانێت بەرپەرچی پاڵنەری مردنی بنەمای چێژ بداتەوە. لە ئەنجامدا سیستەمی دەماریی پابەندە بە وازهێنان لە رەوتی سەرەتایی خۆی ، بەرەو کەمکردنەوەی یان خاوکردنەوەی ئاستی گرژییەکە بۆ سفر. واتا بەرگەی کۆگایەکی چەندایەتی دەگرێت کە بەس بێت بۆ دابینکردنی

داواکارییەکانی کردەوەی تایبەت کە پێویستی بە سێکسکردن و هەناسەدان و خواردن و خواردنەوە هەیە.

تیۆری شیکاری دەروونی لەسەر شکست و شێواندنی خۆپاراستن کۆدەبێتەوە، هەر بۆیە هەوڵدان بۆ بنەماکردنی ئەم هەستپێکردنە لەسەر بنەمای تەنیا بایۆلۆژی یان پەرەسەندن، شتێکی کەم مانای هەیە.بەڵام ئارەزوو زۆر جار دڵنیایی زانستی و شکۆمەندی کۆمەڵایەتی پاڵ بە کەسانی رۆحییەوە دەنێت کە تێڕوانینە رادیکاڵەکانی شیکاری دەروونی سەرکوت بکەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ حەتمییەتی بایۆلۆژی.

پێویستە روون بێت کە شیکاری دەروونی بوونی نەدەبوو، ئەگەر مرۆڤەکان تەنیا شتگەلێکیان بۆ خۆ پاراستنی خۆیان بکردایە کە بۆ خۆپاراستنی خۆیان باش بوونایە. لە راستیدا کلینیکی شیکاری دەروونی دەیسەلمێنێت کە ناتوانین وشیاری یان بنەمای چێژ لەسەر بنەمای تەنیا بایۆلۆژیا دابمەزرێنین. زۆرجار نەک هەر چێژ لە شتگەلێک دەبینین کە بۆ ئێمە خراپن، بەڵکو ئەو نیشانە سۆزداریانەش پشتگوێ دەخەین کە هەوڵدەدەن لە رەفتارە مەترسیدارەکان و بیرکردنەوە خۆ تێکدەرەکان ئاگادارمانبکەنەوە. بەڵام ئاڵۆزی بیرکردنەوەو هەست و رەفتارەکانی مرۆڤ هەمیشە داوای ئەوە دەکەن کە مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵی دیکە یەکسان نەکەین.

شتێک کە دەروونزانەکان بیری لێدەکەنەوە، بریتییە لە ڕەفتاری ئاژەڵان، ئایا تا ئێستا هیچ بەڵگەیەک هەیە کە تواناکانی خەیاڵکردنی ئاژەڵ دەستنیشانبکات ؟، یان توانراوە بزانرێت، ئایا ئاژەڵەکانیش خەون دەبینین یان نا؟. یان چۆنێتی گرنگیپێدانی ئاژەڵەکان بە نەوەکانیان، لەگەڵ ئاستی جیاوازی ئاژەڵەکان، بەڵام بە گشتی گرنگیپێدانی ئاژەڵان بە نەوەکانیان زۆر کەم و سنووردارە، ئەگەر چی لەوبارەیەوە جیاوازیشن.

شیکاری دەروونی نەریتێکە لە ڕێگای مێژوو بەڵام بە دەقێکی زۆر ئاڵۆزەوە پەرەیسەندووە. مەیلی گەشەسەندنی بە ورووژاندنی مانای فرە چین و جیاوازی و بەراوردکاری و نا ڕوونی هەیە، نەک لە ڕێگای پەیامەکانەوە . بە داخەوە ئێستاش ئامرازێکی ئەوتۆ بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییە نوێکان سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ نییە، بۆیە باشترە بە زاراوەی بایۆلۆژی دەمارییەکان کە دەتوانرێت لە توێژینەوە چەندایەتییەکاندا نیشانبدرێت و تەنانەت تەکنۆلۆژیای نوێتریش دەگرێتەوە، وەک زانستی بۆماوەیی بینین، لە ئەنجامدا سەرنجڕاکێشی زانستە سروشتییەکانی نییە کە لە دۆزینەوەیەکی سەرنجڕاکێشەوە دەچنە دۆزینەوەیەکی دیکە لەگەڵ هەر یەکەیان بە تامەزرۆییەوە لەلایەن میدیای سەرەکییەوە خۆیان مانیڤێست دەکەن و بەڵێندەدەن چارەسەری کیمیایی،

نەشتەرگەری یان ئەلیکترۆنی ڕێنماییکراو بۆ هەموو شتێک بدۆزنەوە هەر لە فۆبیای کۆمەڵایەتییەوە تا خەمۆکی.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، هێشتا شیکاری دەروونی بەشدارییەکی گرنگی لە کولتووری هاوچەرخدا هەیە، لە سەرووی بەکارهێنانی عیادە(کلینیک)ەکانەوە. زانایان وای لێکدەدەنەوە، گەشەسەندنی شیکاری دەروونی و دژایەتیکردنی توندی بەرامبەری، ئەنجامی پاشخانی وەسوەسەی چوارسەد(٤٠٠) ساڵەی بابەتیبوونە لە کولتووری رۆژئاوادا. مرۆڤ لای فرۆید تەنیا ئاژەڵێکی بیرکەرەوە نییە، بەڵکو پڕە لە رق و کینەو ئارەزوو. رەنگە کۆمەڵگا پاڵنەرە تەکنۆلۆژی و بەرهەمدارەکانی خۆی هەبێت، بەڵام تاک بە هەست و پێداویستییە سەرەتاییەکانییەوە رەگ و ریشەی لە جەستەدا پەخش کردووە.

فرۆید بە دژایەتیکردنی بایۆلۆژیا دەستیپێکرد، یان با بڵێین دژایەتییەک کە لە بایۆلۆژیاوە وەریگرتبوو، لەنێوان غەریزەی سێکسی و غەریزەی خۆراک و برسێتی. پێشنیاری ئەوەی کرد غەریزەی سێکسی بە لیبیدۆ ناوبنرێت ، بەو واتایەی زاراوەیەکی زانستییەو ، فرۆید لەویێشەوە پەڕیوەتەوە بۆ ناو ئامانجی غەریزەی سێکسی و هەروەها چۆتە سەر چاواشەکاری و دەمارەکان. ئینجا فرۆید ئاشکرای کرد کە لە ڕێگای وەرچەرخانی زانستی نەخۆشییەکانەوە چەمکەکە بۆ

چەمکی شیکاری دەروونی دەگۆڕدرێت. فرۆید لە ڕوونکردنەوەیەکیدا دوو جۆرە پاڵنەر دەورووژێنێت، کە خۆراک و سێکسە. بەڵام لێکۆڵینەوەکانی فرۆید زۆر بەلای سێکسەکەدا ڕۆیشتووە.

شیکاری دەروونی فرۆید لە بنەڕەتداو بەشێوەیەکی کاریگەر لە ڕووی تیۆرەکانی سێکس و نا ئاگاییەوە پێناسەکراوە. هاوکات وەک زانستی لێکدانەوەی خەونەکانیش تەماشا دەکرێت. نا ئاگاییش خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکە بۆ بڕیارێکی غەریزەیی. خەونیش بەپێی هەندێک سەرچاوە گەشتێکە بۆ گەڕانەوەی ڕۆژانە بۆ ئەقڵییەتی ڕەسەن. بەڵام لە ڕاستیدا خەونی تاکەکەسیش شوێنەواری میراتێکی دەستەجەمعی کۆنە.

مرۆڤ تەنیا کاتێک بە هێواشی بیر لە سروشت و گەردوون دەکاتەوە، بۆی دەردەکەوێت کە جیهان چەندە بێ سنوور ئاڵۆزە.

شیکاری دەروونی شێوازێکە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشە دەمارییەکان، کە پزیشکانی دەروونی لەکاتی سەردانیکردنی نەخۆشەکانیان کاری لەسەر دەکەن. شێوازی مامەڵەکردنی پزیشکیش لەگەڵ نەخۆشەکانی، بەگوێرەی ئاستی گرژی دەماری نەخۆشەکانەوە دەبێت.

بەڵام پێویستە ئەوە روون بێت، لە شیکاری دەروونیدا جگە لە ئاڵوگۆڕکردنی وشە لەنێوان نەخۆش و پزیشکدا هیچ شتێکی دیکە روونادات. هەر شتێکی دیکە رووبدات، بۆ نموونە وەک پێدانی دەرمان و شتی لەمجۆرە، ئەوا چارەسەرەکردنەکە دەشێوێنێت و ئەنجامی خۆی ناپێکێت. نەخۆش قسە دەکات، ئەزموونی رابردووی خۆی و کاریگەرییەکانی لەسەر ئێستاکەی دەگێڕێتەوە، ئیتر گلەیی دەکات، دان بە هەست و خواستەکانیدا دەنێت ...هتد. پزیشکیش لە کەشێکی ئارامدا گوێی لێدەگرێت و هەوڵدەدات ئاراستەی برۆسەی بیرکردنەوەی نەخۆشەکە بۆ ئاراستەیەکی دیکەی گونجاوتر ببات و شتەکانی بیردەخاتەوە، روونکردنەوەی دەداتێ و چاودێری کاردانەوەکانی تێگەیشتن یان ئینکاریکردنی لە نەخۆشەکە دەکات. لێرە توانای پزیشک لەوەدا دەردەکەوێ، تا چەند دەتوانێ بەرانبەرەکەی بە قسە دڵخۆش بکات. پزیشکی وایش هەیە، نەخۆشەکە زیاتر بەرەو بێهیوایی دەبات!.

## هاتنی فرۆید

نیو سەدەی یەکەمی مێژووی شیکاری دەروونی، واتا تا مردنی فرۆید کە ساڵی ١٩٣٩ یە ، تا رادەیەکی زۆر بە سیگمۆند فرۆید بەسترابۆوە. هەر خۆیشی دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیە بوو. هەر خۆیشی چەندین جار جەختی لەوە کردۆتەوە، کە بۆ ماوەی دە(١٠) ساڵی یەکەمی دامەزراندنی قوتابخانەکەی کە شیکاری دەروونییە، تەنیا خۆی بووەو ، بێجگە لە خۆی هیچ کەسێکی دیکە سەرقاڵی شیکاری دەروونی نەبووە. تەنانەت باس لە رەخنەگران و لێکۆڵەرەوانیش دەکات و دەڵیت لەماوەی ئەو دە(١٠) ساڵەی یەکەمەدا رەخنەگرانی هاوسەردەم ، رەخنەو تورەیی و بێزاری خۆیان بەسەر ئەو(فرۆید)دا باراندووە. وەک خۆی باسیکردووە، دەڵێت: لە ساڵی ١٩٠٩ بۆ یەکەمجار ئەو هەلەم بۆ رەخسا بڵێم من شیکاری دەروونیم داهێناوە. ئەم قوتابخانەیە هەم جۆرێک لە چارەسەریی بوو، هەمیش وەک لقێکی زانستی وابوو. دوای ئەو دە(١٠) ساڵەی فرۆید باسی دەکات کە بە تەنیا بووە، ئیتر وردە وردەو هەر لە سەرەتای شیکاری دەروونیدا، چەندین بلیمەتی دیکە، هاتنە ناو ئەم بابەتەو گرنگییان پێدا، لەوانە یۆنگ، ئادلێر و...هتد. بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی شیکاری دەروونی، زۆربەیان لە فرۆید جیابوونەوەو بە جۆرو شێوازێکی دیکە درێژەیان بە کارە جوانەکانی خۆیان دا. ئەمە هۆکاری بنچینەیی بوو، دوای

ساڵی ١٩٣٩ کە کۆچی یەکجارەکی فرۆیدە، چەندین قوتابخانەو زاراوەی تەکنیکی و فۆرمەکانی پراکتیکی کلینیکی دروست بن. ئیتر شیکاری دەروونی لەدەست تەنیا یەک کەس چووە دەرەوەو بووە قوتابخانەیەکی بەرفراوان کە چەندین لقی لێ بۆوە.

بێگومان هەندێک لەو بیرۆکانەی فرۆید دایڕشتبوو، دواتر گۆڕانکاری تێکەوت، هەروەها لە بنەما تەکنیکییە بنەڕەتییەکانی فرۆید وەک بێلایەنی شیکاری، بێزاری سیستماتیکی ئارەزووەکانی نەخۆش، پاشەکشە بۆ نەخۆشییەکی دەمارەیی کۆرپە، ئەمانەش لەلایەن پزیشکی کلینیکی ئێستاکەدا چەمکسازییان بۆ کراوەتەوەو پێداچوونەوەیان بۆ کراوەو، تا رادەیەک گۆڕانکاری جدییان بەسەردا هاتووە. کەواتە شیکاری دەروونی لە دوای فرۆید تەنیا مانا گشتییەکە دەبەخشێت، دەنا هەرکەسێک پێیوابێت ئاشنا بوون بە کارەکانی فرۆید هاوتایە لەگەڵ تێگەیشتن لە شیکاری دەروونی، ئەوا بابەتەکە تێکوپێکدەدات و پەیوەندی بە رەهەندە زانستییە نوێکەی ئەمڕۆ نامێنێت. رێک دەتوانین بڵێین وەک ئەوە وایە فیزیای هاوچەرخ لە کارەکانی نیوتندا هاتووە. یان بایۆلۆژیای هاوچەرخ لە داهێنانی داروینداپە. ئەو شیکارە دەروونییەی ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەی وردی بۆ دەکرێت، فرۆید بیری لێ نەکردبۆوە، چونکە ئەمڕۆ پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە

بینیوە. ئەو شیکارە دەروونییە ئۆرتۆدۆکسەی فرۆید دایمەزراند یەک سەدە پێش ئەمڕۆ مۆدێرن بوو، بەڵام ، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهانی شیکاری دەروونیدا، ئەو میتۆدەش گۆڕانکاری زۆری تێدا کرا.

فرۆید لە سەردەمێکدا خوێندنی پزیشکی تەواو کردبوو، کە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی فیزیایی مێشک لە قۆناخی سەرەتایی گەشەسەندنیدا بوو. دەمار، خانەی دەماری تاک، لەو سەروبەندەدا بوو کە لەیەکدی جیاکرابوونەوە. تەکنیکەکان بۆ شوێن پێ هەڵگرتنی ڕێڕەوی دەمارەکان پەرەیان پێدەدرا. ئاڵۆزی گەورەی مێشک تازە دەستی پێکردبوو، کە هەستی پێدەکرد. فرۆید وەک لێکۆڵەرەوەیەک لە بواری فیزیۆلۆژیای دەماردا دەستی پێکردبوو، کاتێک لە لێکۆڵینەوەوە بۆ پراکتیکی کلینیکی گۆڕا. چارەسەری ئەو نەخۆشانەی دەکرد کە بەدەست دۆخی قوربانی تێکچوون یان لاوازبوونی دەمارەکان تێگەیشتبوون.

چارکۆت و هیپۆلیت بێرنهایم (Hippolyte Bernheim ) لە فەرەنسا فرۆیدیان بینیبوو، بوونە هۆی ئەوەی وا لە فرۆید بکەن ئارەزووی بیرۆکەی نەست( نا ئاگا) بگۆڕن بۆ چارەنووسساز، واتا سەرنجەکانی لە مێشکەوە بۆ دەروون بگۆڕێت.

چارکۆت نەک هەر نیشانیدەدا کە بیرۆکەکان نەک دەمارە تێکچووەکان، بەرپرسن لە دۆخەکانی وەک بێهۆشکردنی دەستکێش و ئیفلیجی هیستری و کوێربوون، بەڵکو بیرۆکەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر چارەسەری هەبێت. چارکۆت لە رێگای پێشنیاری خەولێکەوتنەوە نەخۆشەکانی دەخستە ناو خەوێکی سەرگەرم و قووڵ، کە بەو هۆیەوە نیشانە هیسترییەکانی دروستدەکرد کە پێشتر نەبوون.

## فرۆید چی کرد؟

لە ماوەی ساڵانی ١٨٩٥ تا ساڵی ١٩٠٥ کە دە(١٠) ساڵی خایاند، فرۆید توانی تیۆرێکی داهێنەرانە و تەکنیکێکی داهێنەرانەی بۆ کلینیک(عیادە)ی داهێنا، کە پێشتر بەمشێوەیە رێکنەخرابوو، بێگومان ئەوکات رکابەریشی نەبوو. تیۆرەکە هەمیشە لەلایەن هەوڵە عیادەکەیەوە هاندەدراو زەمینەسازی زیاتری بۆ دەکرا. زۆرجار تیۆرییەکە دەبووە هۆی داهێنانی تەکنیکی کە لە بەرانبەردا عیادەکەی داتای نوێی دروستکرد. کە بەبێ گۆڕان هانی پێشکەوتنی تیۆری زیاتری دەدا. لەماوەی ئەم دە(١٠) ساڵەدا ، شیکاری دەروونی لە خەواندنەوە سەریهەڵداو، بوو بە میتۆدۆلۆژیاو چارەسەرێکی جیاواز لە

خۆیدا. کە زۆرێک لەو چەمکە بنەڕەتیانەی تا ئەمڕۆش ڕێنمایی بیرکردنەوەی شیکاری دەروونی دەکەن، دامەزران.

ململانێی فرۆید لەگەڵ ئەم کێشانەی عیادەکەی ، بووە هۆی پێشکەوتنی تیۆری و تەکنیکی چارەنووسساز. لە رووی تیۆرییەوە دەستی کرد بە خەیاڵکردنی مۆدێلێکی تۆپۆگرافیای ئەقڵ و بەسەر سێ کایەی جیاوازیش دابەشیکرد: نا ئاگا، بیرۆکەو هەستی پەسن نەکراو لەخۆی دەگرێت کە توانای وشیاربوونیان هەیەو، وشیار ئەو بیرۆکەو هەستانەیە لە وشیاریدا کە لە هەر کاتێکی دیاریکراودا لە خۆیدەگرێت. بەکورتی ئەو فۆرمەی فرۆید لە تیۆری خەونەکانیدا هێڵکاری بۆ کردبوو، بووە نەخشەی پێکهاتەیی ناوەندی بۆ تێگەیشتنی لە هەموو دیاردە دەروونییە گرنگەکان.

لای فرۆید  بنچینەی هێزی بزوێنەری پشت ئەقڵی مرۆڤ، بنەمای چێژە. کە بەشێوەیەکی ناکۆک بە ئامانجی دوورکەوتنەوە لە هەموو ناخۆشییەکان پێناسەی دەکات. فرۆید گریمانەی ئەوەی کردووە.  لە روانگەی فرۆیدەوە، هەست جۆرێکە لە مەعریفە، بۆیە دژایەتیکردنی لەگەڵ بیرکردنەوەی هێماییدا هیچ مانایەکی نییە، تەنانەت وەڵامی بایۆلۆژی دڵەراوکێش دەبێت کە بەهۆی ئاماژەیەکی دەرەکییەوە دەستپێبکرێت، کە خۆی لە ئاستی مەعریفی و کۆمەڵایەتیدا پێناسە دەکات.

له ڕێگای فرۆیدەوە، بنەمای چێژ لەسەر پرۆسەی ڕێکخستنی هۆمۆستاتیکی بایۆلۆژی دامەزراوە. گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە کە بنەمای دڵنیایی چێژ وەک یاسایەکی خاوبوونەوەی دەمارەکان بەهۆی خواستی بەکارهێنانی کەمترین وزەی دەروونی و جەستەییەوە دەجوولێت. ئەم ئامانجە بریتییە لە بەرهەمهێنانی پاڵنەری بایۆلۆژی کە پێچەوانەی بایۆلۆژی بێت. لەبری ئەوەی مرۆڤەکان بەهۆی پاڵنەرەکانی مانەوە ڕێنمایی بکرێن، زۆر جار خەریکی کردەوەی خۆ تێکدەری دەبین بۆ ئەوەی لە هەردوو هاندەری ناوەوەو دەرەوە دووربکەوینەوە. کە لە ئەنجامدا چێژ وەک شێوازێکی ئازادکردن بەکاردەهێنین.وەک زانستێکی ڕەفتارو بیرکردنەوەکان.

چەمکی فرۆید بۆ بنەمای چێژ، ئەزموونی ئالوودەبوونەکانە. کەسی ئالوودەبوو بەدوای جۆرێک لە چێژدا دەگەڕێت. بەڵام زۆرجاریش ئەنجامەکەی خۆ لەناوبردنە، کە ئەمەش دژایەتیکردنی ئامانجی پەرەسەندنی خۆپاراستنە. هەرچەندە هەندێک پێیانوایە ئالوودەبوون بەهۆیەوە پاڵنەرێکی هێزە تەواو بایۆلۆژییەکانە، کە پێویستە روون بێت  زۆربەی خەڵک روو لە مادده هۆشبەرەکان و جۆرەکانی تری هەڵهاتن دەکەن، بۆئەوەی هەستکردن بە تاوانباری و شەرمەزاری و دڵەراوکێ نەهێڵن. بە لابردنی ئیرادەی ئازادو بەرپرسیارێتی لە

ئالوودەبوون، تاکە چارەسەر دەبێتە دەرمان، جگە لەمەش وەک لە کتێبی شیکاری دەروونی سیاسەتی زانستە نوێیەکانی مێشکدا هاتووە، زۆر جار دەروونزانی پەرەسەندن و زانستی دەمارەکان لە کۆتاییدا بەرەوپێشبردنی مادە هۆشبەرەکانی هەموو جۆرەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی و کەسیی دەبن. ئاخر ئەگەر بیرکردنەوەو رەفتارەکانمان لەلایەن هێزە بایۆلۆژییەکانەوە دیاریبکرێت، ئەوا تاکە چارەسەر دەتوانێت هەر چارەسەرێکی بایۆلۆژی بێت.

فرۆید شیکاری دەروونی وەک فۆرمێکی پراکتیکی چارەسەری دەروونی داهێنا. شیکاری دەروونیش بەدوای چاکبوونەوەی ئارەزووە لەدەستچووەکاندا دەگەڕێت و ئەم ئارەزووانە زۆرجار لەشێوەی خەیاڵی جۆراوجۆردا بۆ هەردوو چارەسەرکەرو نەخۆش وێنە دەگرن.خەیاڵ خۆی وەک ئۆرگانێکی چارەنووسساز بۆ کۆکردنەوەی زانیاری نیشاندەدرێت. فرۆید تەنیا تیۆریست نەبوو، بەڵکو پراکتیکیش بوو. سەرەڕای ئەوەش ئەو بیرۆکانەی فرۆید کاری لەسەر کرد، چەندین بیرۆکەی جیاواز بوون، وەک دەمارناسی،خەواندنی موگناتیسی،رەگەزناسی،پزیشکی دەروونی و ...هتد. فرۆید هات هەموو ئەمانەی کۆکردەوەو یەکیخست و تیۆری شیکاری دەروونی لێ دروستکرد. بەڵام نائارامی لەناو بیرۆکەکانیدا هەبوو، چونکە بەردەوام بە

بۆچوونەکانی دا دەچۆوەو دەسکاری دەکرد. کتێبی (هێڵکاری شیکاری دەروونی) کە دوا کتێبی فرۆیدەو لە تەمەنی هەشتاو دوو(٨٢)ساڵیدا نووسیویەتی و لە دوای مردنی بڵاوکراوەتەوە، لەم کتێبەیدا باس لە دابەشبوونی (ئیگۆ) دەکات. نەک تەنیا لە شەهوەتی سێکسیدا، بەڵکو لە زۆر میکانیزمی دیکەی دەروونیدا دەبینرێت. فرۆید هەندێک دەستەواژەی داهێنا، کە بەراستی بۆ مرۆڤ شۆکهێنەر بوون، بۆنموونە دەیگوت:ئێمە بە هێزی نەناسراوو کۆنترۆڵنەکراو دەژین. ئەو دەستەواژەیە لەگەڵ چەمکی ئیرادەو کەرامەت و ئەقڵانیبوونی مرۆڤدا ناکۆکە. لێرە فرۆید قووڵاییەکی نا ئەقڵانی نیشانی مرۆڤ دا، کە بۆ هەمووان جێگای تێبینی جدی بوو. بۆیە جێگای تێبینی جدی بوو، چونکە وەک چۆن مرۆڤ ناتوانێت خۆی لە جەستەی خۆیدا جیا بکاتەوە، ئاوەهاش ناتوانێ لە دەروونی خۆی ئازاد بێت، هەر چەندی بیەوێ خۆی لێ ئازاد بکات، بە رێگای نائاگاییەوە دەبێتەوە دیلی دەروونە ئاڵۆزەکەی.

کاتێک فرۆید مرۆڤی کردە چەقی لێکۆڵینەوەکانی خۆی، چەندین سەدە بوو، هەڵوەرینی بیرۆکەی ئایینی دەستپێکردبوو، لە شوێنیدا بیری مادی و هەسارەو ئەستێرەکان گفتوگۆیان لەسەر کرابوو.لە کۆپەرنیکۆسەوە تا داروینی بایۆلۆژیست. داروین هات وتی مرۆڤ بەشێکە لە زنجیرەیەکی پەرەسەندنی بەردەوام کە لە گەشەسەندندایە.

لەم روانگەیەوە بوو، فرۆید پێیوابوو ئەم دۆزینەوە زانستیانە لێدانێکی کەمەرشکێنیان لە (شێتی خۆبەگەورە زانینی مرۆڤ) بەرهەمهێناوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندن و ، لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆپەرنیکۆسەوە دەستی پێکردبوو، کەچی فرۆید بێ ئەوەی پێی بزانێت، یان بێ ئەوەی زانیبی بیرۆکە ئایینییە کۆنەکانی خزاندۆتە ناو دەروونزانی. کتێبی ریچارد وێبستەر کە بەناوی(بۆچی فرۆید هەڵە بوو)، لەو کتێبەیدا بابەتێکی سەرنجڕاکێشی نووسیوە بەناوی(جنۆکە لە ئامێری شیکاری دەروونیدا)، لەوێدا باسی ئەوە دەکات کە فرۆید چەمکی جوولەکە – مەسیحی بۆ رۆحی گرتە دەست. کە ناوی لێنابوو دەروون، ئەقڵ یان نەست – نا ئاگا. لە راستیشدا وەک وێبستەر ئاماژەی پێکردووە، فرۆید زۆر جار وشەی ئەڵمانی ( Seele ) 'Soul' - بەکاردەهێنێت ، کە مەستی رۆح - رۆح ە، بەڵام ئەمە بۆ وەرگێڕانی سەر زمانی ئینگلیزی چەندین کێشەی خستۆتە روو. وشەی رۆح بەو پێیەی کە نازانسیتییە یان تەکنیکێکی تەواو نییە، هەندێک لە شرۆڤەکاران باسیان لەوە کردووە کە وەرگێڕانەکە وەک وشەی psyche دەروونی ، دەق و مانای رەسەنی فرۆید دەشێوێنێ .چەندین نموونەی دیکەی ئەمجۆرە وەرگێڕانە تەکنیکییانە هەیە، بۆنموونە cathexis شاراوە(الباطني) لە وەگێڕانی ئەڵمانییەکەدا

Besetzung بەمانای شتێکی وەک بەرژەوەندی یان داگیرکردن دێت. ئەمانەو چەندین زاراوەی دیکە کە لەلایەن فرۆید یان وەرگێڕەکان کردوویانە، گریمانەی شتی ترمان بۆ دەکەن. ئەم جۆرە مشتومڕە زیاتر لە سەدەی بیستەمدا ئاشناو باو بوو، بەتایبەت لە بواری زمانەوانیدا شەڕێکی توند لەسەردەمی دوای جەنگدا لە نێوان لایەنگرانی (ئەقڵانییەت) سەریهەڵدا، کە دەیانگوت زمان واقیعێکی دەروونیی هەیە.

فرۆید زۆر سەرسام بوو بەو بەڵگانەی کە لە دەروون نەخۆشەکان وەرگیراون، چونکە لێرەدا گریمانە دەکرا ئەو جۆرە کەسانە زۆر کەمتر پێشنیار دەکرێن لە نەخۆشییە دەمارەکان و، فرۆید ئاماژەی بەوەدا کە مادە دەروونییەکان زۆرێک لە تیۆرەکانی شیکاری دەروونی پشتڕاست دەکەنەوە. هەندێ شت کە لە نەخۆشە دەمارەکاندا هەیە لە قووڵاییدان و نابینرێن و بە زەحمەت وەردەگیرێن، لە کاتێکدا دەروونزانی بە چاو دەبینرێت و ئاسانتر وەردەگیرێت.

فرۆید لە رێگای پرۆسەی سەرکوتکردنەوە پێناسەی نا ئاگایی دەکات، پێویستە روون بێت ئەمەش کاتێک روودەدات کە کەسێک بە ئاگا بێت. جگە لەوەش چەمکی رادیکاڵی فرۆید بۆ وشیاری بەشێکی لەسەر بنەمای تیۆری خەونبینینەکەی و ئەو راستییە دامەزراوە کە کاتێک خەوتووین ، بەڵام ئاگاداری خەونەکانمانین. لە راستیدا وشیاری خۆی جۆرێکە لە

خەونبینین، چونکە پشت بە چارەسەرکردنی دەروونی ناوەکی دەبەستێت وەک تێڕوانین بۆ جیهانی دەرەکی. ڕەنگە زانایانی دەمارو فەیلەسوفەکان نەتوانن مەتەڵەکەی وشیاری مرۆڤ چارەسەر بکەن، چونکە نایانەوێت ئەم سروشتی ریشەییانەی بیرکردنەوە قبوڵبکەن.

شیکاری دەروونی لەناو کۆلتووری ئێمەدا تەنیا دیسپلینێکی پیشەیی و زانستی نییە، بەڵکو فۆرمێکە لە بیرکردنەوە، نزیکبوونەوەیە لە ئەزموونی مرۆڤ کە ئەو کولتوورەی بۆمان پێکهێناوە. ئەو چەمکانەی فرۆید دایهێناوە، بە هەزاران ساڵ پێشتر لەناو مرۆڤەکاندا هەبووە، بەڵام فرۆید هات پەنجەی لەسەر داناو ڕێکیخستەوەو چەمک و زاراوەی زانستی بۆ بەکارهێنا، کە لە پێش ئەودا هیچ شتێکی لەمجۆرە نەبوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو کاتێک فرۆید لە سەرەتادا گریمانەی بوونی پرۆسەی دەروونی نا ئاگایی(نەست)ی کرد، بۆچوونەکەی بەشێوەیەکی بەرفراوان نکولی لێکراو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەرمیش لەنێوان هەردوولادا دروستبوو.

# غەریزە لە زانستی شیکاری دەروونیدا

غەریزە، پاڵنەرێکی زگماکی یان پاڵنەرە بۆ کردارێک کە بە شێوەیەکی گشتی لە وەڵامی هاندەری دەرەکی تایبەتدا ئەنجام دەدرێت. ئەمڕۆ غەریزە بەگشتی وەک شێوازێکی ڕەفتاری کۆنەپەرستانە، بەڕواڵەت فێرنەبوو، کە لە ڕووی بۆماوەییەوە دیاری کراوە وەسف دەکرێت. چەمکی غەریزە بابەتێکی بنەڕەتییە بۆ ئەو زانستە مرۆییانەی کە ڕەگیان لەناو بایۆلۆژیادا هەیە.

هەروەها تیۆری غەریزەی پاڵنەر یەکێک بوو لە یەکەم تیۆرییەکانی دەروونناسی کە باس لەوە دەکات کە بۆچی مرۆڤەکان بەرەو هەندێک ڕەفتار پاڵدەنرێت. زاراوەی "غەریزە" دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٨٧٠. ئەو غەریزەی باسکراوە بریتین لە ڕەفتارەکان بۆ خواردن، پێکهێنانی پەیوەندی، زاوزێکردن و زۆر شتی تر.

### غەریزە چییە؟

غەریزەکان پاڵنەرێکی کۆنترۆڵنەکراون کە بوونەوەرە زیندووەکان دەبەنە ناو ڕەفتارێکی ئاڵۆزەوە. لە زانستە

ڕەفتارییەکاندا، غەریزە بە شێوەیەکی تایبەت وەک پێکهاتەی زگماکی ڕەفتار سەیر دەکرێت کە لە تاکەکاندا بەبێ هیچ ڕێنمایی و ڕاهێنانێک گەشە دەکات. هاوکاری، ڕەفتاری سێکسی، دایک و باوکایەتی و جوانکاری، نموونەی ئەو ڕەفتارانەن کە وا بیردەکرێتەوە سیستەمی دەروونی پەرەیان سەندووە کە بنەمایەکی غەریزەییان هەیە. غەریزەی مرۆڤ هێزێکی بەهێز و دینامیکییە کە کەسایەتی و شێوازی ژیان و ڕەفتاری مرۆڤ لە قاڵب دەدات. هەموو ئاژەڵەکان ئارەزووی غەریزەیی (وەک سێکس و شەڕانگێزی) و پەرچەکرداریان هەیە (وەک چاوتروکاندن و دەمکوتکردن). بەڵام زۆرێک لە جۆرە سادەکان غەریزەی چالاکییە ئاڵۆزترەکانیش بە میرات دەگرن، وەک نمایشی پەیوەندی خۆشەویستی و دروستکردنی هێلانە.

بە شێوەیەکی گشتی غەریزە وەک یەکێک لە دوو شت پێناسە دەکرێت: یان مەیلی سروشتی بۆ ڕەفتارکردن یان کۆمەڵێک پەرچەکرداری بۆماوەیی. غەریزە کۆمەڵێک پەرچەکرداری بۆماوەییە کە سیستەمی دەماری ناوەندی بۆ دروستکردنی کردارێکی دەرەکی زیندەوەری پەکخستووە کە بەزۆری تایبەتمەندی جۆرێکی تەواوەتییەو بە شێوەیەکی گشتی گونجاوە. پێدەچێت زانایانی ڕەفتاری ئاژەڵان و خوێندکارانی دەروونناسی ئەم بۆچوونە بە ماقووڵترین شێوە

بزانن. کەسانی خۆڕاگرو خوێندکارانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی کە دەیانەوێت غەریزەکان لە ڕووی دەروونییەوە پێناسە بکەن نەک لە ڕووی بایۆلۆژییەوە، مەیلیان هەیە بۆچوونی یەکەمیان هەبێت.

هەموو کەسێک غەریزەی هەیە و هەموو بوونەوەرەکان بە مرۆڤیشەوە خاوەنیانن. هەموو غەریزەیەک لە قۆناغی گەشەکردندا سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات و دواتر کەم دەبێتەوە. هەر غەریزەیەک پێکهاتەی مەعریفی و کۆتایی و سۆزداری هەیە و کە هەم لەسەر جەستە و هەم لەسەر دەروون کاردەکەن.

پێویستە بیر لە سەرچاوەی ڕاستەقینەی پشت پاڵنەر و کردارەکانمان بکەینەوە کە چییە؟ ئایا بەڕاستی ئێمە کۆنترۆڵی جەستەمان دەکەین یان جەستەمان کۆنترۆڵی کردووین؟

تیۆری غەریزە لە بنەڕەتدا تیۆرێکی دەروونییە کە سەرچاوەی پاڵنەرەکانمان ڕوون دەکاتەوە. بەپێی تیۆری غەریزە، هەموو ئاژەڵەکان غەریزەیەکی بایۆلۆژی زگماکییان هەیە کە یارمەتیدەرمانە بۆ مانەوەمان. بێگومان ئەم غەریزانەن کە پاڵنەر و ڕەفتارەکانمان دەجولێنن.

غەریزە: شێوازی ڕەفتارێکە کە لەلایەن جۆرێکەوە پیشان دەدرێت کە لە ڕووی بایۆلۆژییەوە زگماکییە و لە ئەزموونە فێربووەکانەوە سەرچاوەی نەگرتووە.

کاتێک ئەسپ لەدایک دەبێت، خۆرسکارانە دەزانێت چۆن بڕوات بەبێ ئەوەی لەلایەن دایکیەوە فێری رۆیشتن بکرێت. ئەمە نموونەی غەریزەیە. غەریزەکان لە ڕووی بایۆلۆژییەوە لە مێشکدا وایەرێکی ڕەقیان هەیە و پێویست ناکات فێربکرێن. بۆ نموونە پەرچەکرداری گرتنی تۆپێک کاتێک فڕێ دەدرێتە سەرت، ئێمە زۆربەی کات کاردانەوەمان دەبێت بەرامبەر بە تۆپێک کە فڕێ دەدرێتە سەرمان بە گرتن یان خۆدزینەوە لێی غەریزەیەکە. هەروەها دەتوانرێت غەریزە لە کۆرپەدا ببینرێت وەک مژینی مەمکی دایکی کاتێک فشاری برسێتی بۆ دێت.

**ویلیام جەیمس و تیۆری غەریزە**

لە دەروونناسیدا زۆرێک لە دەروونناسەکان لەبارەی پاڵنەرەکانەوە تیۆریزەیان کردووە. ویلیام جەیمس دەروونناسێک بوو کە پێی وابوو ڕەفتارەکانمان تەنها لەسەر بنەمای غەریزەی مانەوەمانە. جەیمس پێی وابوو کە غەریزە سەرەکییەکان کە پاڵنەر و ڕەفتارەکانمان دەباتە پێشەوە بریتین لە ترس، خۆشەویستی، توڕەیی، شەرم و پاکوخاوێنی. بەپێی

تیۆری  جەیمس لە تیۆری غەریزە، پاڵنەر و ڕەفتاری مرۆڤ بە توندی لە ژێر کاریگەری خواستی زگماکیماندایە بۆ مانەوە.

لە دەروونناسیدا، تیۆری غەریزەی ویلیام جەیمس یەکەم تیۆر بوو کە بنەمایەکی بایۆلۆژی بۆ پاڵنەرەکانی مرۆڤ خستەڕوو کە پێشنیاری ئەوە دەکات  ئێمە بە غەریزەکانەوە لەدایک دەبین کە کردارەکانمان لە ژیانی ڕۆژانەدا دەباتە پێشەوە.

ویلیام جەیمس لیستی غەریزەی مرۆڤی دەستنیشان کرد کە پێیوابوو بۆ مانەوە پێویستن، لەوانە ترس، توڕەیی، خۆشەویستی، شەرم و حەیا. کێشەی سەرەکی ئەم تیۆرییە ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ڕەفتارەکانی ڕوون نەدەکردەوە، تەنها باسی دەکرد. جەیمس گریمانە دەکات کە ئێمە لەسەر پاڵنەرەکان کار دەکەین، بەڵام ئەوە هەموو ئەو فێربوون و مەرجکردنە بەجێدەهێڵێت کە ڕەفتار ئاگادار دەکەنەوە. دەروونناسانی پەرەسەندنی هاوچەرخ هێشتا لە کاریگەریی جینات و بۆماوەیی لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵنەوە.

**غەریزە بەپێی ماکدۆگال**

ماکدۆگال تاکە دەروونناس نییە کە لیستی غەریزەکانی هەبێت کە ڕەفتارەکان دەباتە پێشەوە. بەڵام گرنگیشی بە بابەتی غەریزە داوەو بەپێی تیۆرییەکانی ویلیام مەکدۆگال،

غەریزەکان لە سێ بەش پێکهاتوون کە بریتین لە: تێگەیشتن، ڕەفتار و هەست..ماکدۆگال غەریزەکانی وەک ڕەفتارێکی مەیلی خستووەتەڕوو کە سەرنجیان لەسەر ئەو هاندەرانەن کە گرنگن بۆ ئامانجە زگماکییەکانمان. بۆ نموونە مرۆڤ لە زگماکیدا پاڵنەرێکی هەیە بۆ زاوزێکردن. لە ئەنجامدا ئێمە لە غەریزەدا دەزانین چۆن زاوزێ بکەین. ماکدۆگال ١٨ غەریزەی جیاواز دەخاتە ڕوو کە بریتین لە: سێکس، برسێتی، غەریزەی دایک و باوک، خەوتن، پێکەنین، کۆچکرن ،غەریزەی دایکی، پێکەنین و غەریزەی گەڕان بەدوای خۆراکدا...هتد.

کاتێک ئێمە لە ڕێگەی یەکێک لە غەریزەکانمانەوە وەک برسێتی هەست بە جیهان دەکەین، زیاتر گرنگی بە بۆن و بینینی خواردن دەدەین. ئەگەر برسی بین ئەوا برسێتیمان پاڵنەرێکمان بۆ دروستدەکات و ئامانجێک دادەنێین بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خواردنی خواردنەوە برسێتیمان کەمبکەینەوە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەمان، ڕەنگە پاڵنەرێکمان هەبێت بۆ ئەوەی بچینە چێشتخانە بۆ ئەوەی شتێک دروستبکەین یان داواکاری گەیاندن.  بە هەر دوو ڕێگاکە، ئێمە دەستکاری ڕەفتارەکانمان دەکەین بۆ ئەوەی خۆمان لە برسێتی ڕزگار بکەین.

لە دەروونناسیدا، هۆمۆستاسیس ڕوونکردنەوەیەکی بایۆلۆژی دەدات بۆ ئارەزووی ئێمە بۆ تێرکردنی غەریزەکانمان. مێشکمان بڕێکی زۆر کۆنترۆڵی ڕەفتار و

پاڵنەرەکانمان دابین دەکات. ئەو ناوچەیەی مێشک کە بەرپرسە لە کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکانی برسێتی و تینوێتیمان، بە هایپۆتالاموس ناسراوە. هێپۆتالاموسی ناوپۆشی (VMH) ئەو ناوچە تایبەتەیە کە لە ڕێگەی بازنەی خۆراکی فیدباکی نەرێنیەوە ناوبڕیوانی برسێتیمان دەکات.

## غەریزە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا

غەریزە زگماکییەو خۆرسکانە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کاری خۆیدەکات.، غەریزە رۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە ژیانی بوونەوەرەکاندا دەگێڕێت. بەڵام مرۆڤ تاکە بوونەوەرە کە غەریزە کەمتر لە ئاژەڵان کاریگەری بەسەردا دەشکێت. راستە لە مرۆڤیشدا غەریزە هەیەو کاریگەریشی بەسەر مرۆڤدا هەیە، بەڵام کەمییەکی سەرسوڕهێنەر لە غەریزە راستەقینەکاندا هەیە. بۆنموونە ئەگەر سەیری جیاوازی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ بکەین، دەبینین ئاژەڵەکان بۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ ژینگەو ژیانەکانیاندا ، بە هیچ شێوەیەک کێشەیەکی هێندە جدی و بەهێزیان نەبووە. بەڵام مرۆڤ بە پێچەوانەوە، لە زۆر کاتدا رووبەڕووی ژیان و ژینگەو ...هتد بوونەتەوە. ئەمەش ریک ئەوەمان پێدەڵێت مرۆڤەکان لە رووی غەریزەییەوە کەموکووڕییان هەیە، لە جیهانێکدا دەژین کە

خۆیان لەگەڵیدا نەگونجاندووە.  بەشێوەیەکی روونتر  قسە بکەین دەڵێین: مرۆڤ تاکە بوونەوەرە کە نا تایبەتمەندی و نەگونجان نیشاندەدات. مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەر تایبەتمەندی و نەگونجانەکەیدا زاڵ بێت و بژی، دەبێت بە دروستکردنی کولتوور فەرمانڕەوایی جیهان بکات و بیگۆڕێت. کەواتە مرۆڤ بەو پێیەی ناتایبەتمەندی و نەگونجان نیشاندەدات، کەواتە بە سروشت کولتوورین. بەڵام ئەو شتەی کە وا دەکات مرۆڤ توانای حوکمڕانیکردنی هەبێت و جیهان بگۆڕێت، دوو شتە، یەکەمیان بیرکردنەوەیە، دووەمیان کردارەکانییەتی.

ئاژەڵ کە بەهۆی غەریزەکانییەوە خۆی لەگەڵ ژینگەکەی دەگونجێنێت، کەواتە پێویستی بە گۆڕینی ژینگەکەی ناکات، چونکە خۆی گونجاندووە. ئەمە توخمی سەرەکی و بنەڕەتییە کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە.

ئەو کەموکووڕییانەی کە لە غەریزەی مرۆڤدا هەیە، مرۆڤ ناچاردەکات، بەدوای شتێکی دیکەدا سەرگەردان بێت تا خۆی پێ پابەند بکات، ئەویش دروستکردنی کولتوورە. بە پێچەوانەی ئاژەڵەکانی دیکە، پێویستیان بە کولتوور نییە، چونکە تەواو چوونەتە ژێر باری غەریزەکانیانەوە. پاڵنەرەکانی مرۆڤ نەرمن و لە گۆڕانی بەردەوامدان، ئەمەش مانای ئەوەیە پاڵنەرەکانیش بەپێی کات و بەپێی بارودۆخی دەروونی و بەپێی

ژینگەی مرۆڤەوە گۆڕانی تێدەکەوێت. بۆنموونە، لەگەڵ تێپەڕبوونی غەریزەی کۆمەڵایەتی بە کەمکردنەوەی غەریزەکە، پاشماوەی غەریزەی کۆمەلایەتی وەک پاڵنەری دەسەڵاتدار ، پاڵنەری پەیوەندیکردن و ...هتد دەست بە دەرکەوتن دەکەن. لەم دۆخەدا پاڵنەرە دەسەڵاتدارەکان و پەیوەندییەکان و وزەکان لەناو غەریزەی کۆمەڵایەتیدا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. کەواتە هەموو پاڵنەرە سەرەتاییەکانی مرۆڤ کە پەیوەندیان بە پاشماوەی غەریزەوە هەیە، لە بنەمادا رەگی غەریزەیین.

داروین لەبارەی غەریزەوە، دەوروبەری ساڵی (١٨٧٣) پرسی بایۆلۆژیاو سایکۆلۆژیای تێکەڵ بە غەریزە کرد. بەمەش چۆنێتی ئەو پەیوەندییەی نێوانیانی خستە بەر لێکۆڵینەوە. لە روانگەی داروینەوە (کۆچ و کۆچبار، سێکس و کۆمەلایەتی) بەشێکی دانەبڕاوی غەریزەی مرۆڤن. بەڵام داروینیش وەک زۆر کەسی دیکە دیدگایەکی زۆر روونیان بۆ نەریتەکان و و پەیوەندییان بە غەریزەکانەوە نەبوو. بەڵام داروین گەیشتە ئەو سنوورەی بڵێت کە غەریزەکان هەمیشە تەواو نین. چونکە داروین لە چارەسەرکردنی کێشەکان تێگەیشتبوو کە پەیوەندی بە کامڵییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە گونجاندنەوە هەیە، وەک ئەوەی لە سەرەوە خستوومانەتە روو.

جیاوازییەکی بنەڕەتیتر لەنێوان غەریزەی مرۆڤ و غەریزەی ئاژەڵدا هەیە، ئەویش ئەوەیە لە ئاژەڵدا هەموو غەریزەکان بۆ رەفتارەکانیان دەگوازرێنەوە. بەڵام لە مرۆڤدا راستە زۆر جار بۆ رەفتارەکانی دەگوازرێتەوە، کە ئەو جۆرە رەفتارە رەفتارێکی زیاتر جەستەییە. بەڵام زۆر جاری دیکەیش بۆ رەفتاری فیکریی دەگوازرێتەوە، مەبەست لە رەفتاری فیکری ، واتا رەفتارێکە لەسەر بنەمای ئەقڵ ئەنجامدەدرێت. ئەم رەفتارە فیکرییە لە ئاژەڵاندا بوونی نییە. زۆر جار دروستبوونی کەبت لای مرۆڤەکان بەهۆی ئەو رەفتارە فیکرییەوەیە، غەریزەکان دەبنە پاڵنەرو هانیدەدەن، کارەکەی بکات، بەڵام رەفتاری فیکری دەبێتە رێگر لە ئەنجامدانیان. بەڵام رەفتاری غەریزەییش چەندین کێشەی گەورەی لێ بۆتەوە، بۆنموونە غەریزەی خەوتن یان غەریزەی سێکس، مرۆڤ بە ناچاری بێت یان بەبێ ناچاربوون بێت ئەنجامی دەدات، هەردووکیان ئاماژەیەکی روونن بۆ هێزی ناوەکی و ژیانی مرۆڤەکان ، کەواتە ئەو ئەنجامدانە مانای ئەوە نییە رەفتاری خەوتنە یان رەفتاری سێکسکردنە لای مرۆڤەکان.بێگومان بۆ برسێتی و زۆر شتی دیکەش بە هەمان دیدگاو پێوەرە. جیا لەم غەریزانەش، هەندێک غەریزە هەن کە لە مرۆڤەکاندا هەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە ئاژەڵاندا نییە، بۆنموونە غەریزەی مەعریفەو زانین. مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی وەدەستهێنانی

زانین و مەعریفەیە، بەڵام ئاژەڵ پەیوەندی بەو غەریزەیەوە نییە. لێرەوە جیاوازی نێوان غەریزەی مرۆڤ و غەریزەی ئاژەڵ تەنیا بەندە بەو شێوازەی کە هەر جۆرە رەفتارێکی تایبەت بە خۆیان دەردەخەن. لە زۆربەی کاتەکاندا غەریزەی ئاژەڵان بەشێوەیەکی نزیکی میکانیکی لە رێگای رەفتاری غەریزەییەوە خۆی دەردەخات، هەندێک غەریزەی مرۆڤیش هەن بەمشێوەیە خۆیان دەردەخەن، بەڵام زۆر جاریش وا روودەدات کە غەریزەی مرۆڤ دوای پرۆسەیەکی وردبینی ئەقڵانی دێنە جێبەجێکردن.

کاتێک ئێمە دەڵێین غەریزە هێزێکی ناوخۆیی و ژیانییە، مانای ئەوەیە لە هێزی فیزیکی یان وزەی فیزیکی جیا دەکرێتەوە. بە پێچەوانەی هێزی فیزیکی کە دەتوانرێت لە شتێکی فیزیکییەوە بۆ شتێکی دیکە بگوازرێتەوە. بەڵام غەریزە کە هێزێکی ژیانییە، ئەو گوازتنەوەیە ناکات. چونکە غەریزە لە ناوەوە لە بوونەوەرەکاندا دروستدەبێت و لە رێگای رەفتاری بوونەوەرەکانیشەوە خۆی نمایش دەکات. شتێک نییە لە دەرەوە بیگوازیتەوە بۆ ناوەوەی بوونەوەرەکان. هەروەها غەریزە هێزێکی ژیانیشە . بۆ نموونە غەریزەی خەوتن هێزێکی ژیانییە کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ بوونەوەرەکانە، کە تیایاندا مرۆڤیش دەگرێتەوە. بەڵام غەریزەی زانین و مەعریفەو

ئەقڵانی هێزێکی ژیانییە کە تەنیا سەر بە بوونەوەرە ئەقڵانییەکانە  کە روونە ئەویش مرۆڤەکان دەگرێتەوە.

وتمان غەریزە  هێزێکی زگماکی و ژیانییە. ئەمە بەو مانایە نییە کە هەمیشە لەکاتی لەدایکبوونی بوونەوەرەکاندا دەست بەکارکردنی خۆی بکات. هەندێک غەریزە لەوانەیە بوونیان هەبێت بەڵام دەگۆڕدرێن بۆ واقیع. بۆ نموونە سێکس. سێکس غەریزەیە، بەڵام کە ئاژەڵ یان زیندەوەرەکان بە گشتی  بە مرۆڤیشەوە، سەرەتا کە لەدایکدەبن ئەو غەریزەیە کارناکات، تا تەمەنی هەڵدەکشێت، ئینجا کاردەکات. غەریزەش مانای ئەوە نییە هەمیشە بەردەوام کاری خۆی دەکات. بەڵکو زۆرجار بەشێوەی پچڕ پچڕ کار دەکات، وەک سێکس یان وەک برسێتی ، یان خەوتن....هتد.

زۆرجار غەریزە رووپەکی سلبی نیشاندەدات و جۆرێک لە ئاژاوە بەرهەمدەهێنێت. جیاوازی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵان ئەوەیە غەریزە لای ئاژەڵ، بەهۆی رەفتارەکانییەوە دەناسرێتەوە. بەڵام مرۆڤ بەپێی بارودۆخی واقیعەکە رەفتار دەکات، هەندێکجار ناچار دەبێت غەریزەکەی سەرکوت بکات، چونکە دەزانێت جێبەجێکردنی داواکاری غەریزەکە ئاژاوەی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. لێرە مانای ئەوەیە مرۆڤ بەهۆی زانین و ئەقڵانیبوونەکەی ، وەک ئاژەڵ ناچێتە ژێر باری غەریزەکانەوە.

## ڕەخنە لە تیۆرییەکانی غەریزەی پاڵنەر

یەکێک لە ڕەخنە سەرەکییەکان ئەوەیە کە غەریزەکان هەموو ڕەفتارەکان ڕوون ناکەنەوە. بۆ نموونە ئایا پێکەنین غەریزەیە؟ یان پێدەکەنین چونکە لە منداڵی ساوادا لە دایک و باوکمان فێری بووین؟ هەروەها، شۆفێری بە دڵنیاییەوە غەریزە نییە چونکە مرۆڤەکان پێویستیان بە ساڵانێک مەشقکردن هەیە پێش ئەوەی بەڕاستی فێری شۆفێری ببن.

سەرەڕای ئەم ڕەخنانەی تیۆری غەریزە، دەروونناسی مۆدێرن باس لەوە دەکات کە ڕەنگە هەندێک ڕەفتاری مرۆڤ لە ڕووی بایۆلۆژییەوە بەرنامە بۆ داڕێژراو بن؛ بەڵام ئەزموونی ژیانی تاکەکەسی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پاڵنەر و ڕەفتارەکانماندا.

دەبا بپرسین ئایا مرۆڤیش غەریزەی ئاژەڵی هەیە؟ زۆرێک دەڵێن بەڵێ. بەڵام چۆن ئەمە لە دەروونناسیدا دەگونجێت، تا ڕادەیەک ئەمە جێگای مشتومڕە.

توێژەران کۆمەڵێک تیۆریان پەرەپێداوە بۆ ڕوونکردنەوەی پاڵنەر. هەر تیۆرێکی تاکەکەسی مەیلی ئەوەی هەیە کە لە ڕووی پانتاییەوە تا ڕادەیەک سنووردار بێت. بەڵام بە سەیرکردنی بیرۆکە سەرەکییەکانی پشت هەر تیۆرێک،

دەتوانیت تێگەیشتنێکی باشتر لە پاڵنەر بە گشتی بەدەستبهێنیت.

پاڵنەر ئەو هێزەیە کە دەستپێشخەری و ڕێنمایی و پاراستنی ڕەفتارە ئامانجدارەکان دەکات. پاڵنەر ئەوەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە هەنگاو بنێین، جا چ خواردنێکی کەم بگرین بۆ کەمکردنەوەی برسێتی یان ناو تۆمارکردن لە کۆلێژ بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە. ئەو هێزانەی لە ژێر پاڵنەردان دەتوانن لە سروشتدا بایۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، سۆزداری، یان مەعریفی بن. با چاوێک لە هەر یەکێکیان بکەین. بە کورتی ، پاڵنەر هێزی بزوێنەری پشت کردەوەکانمانە.

بەپێی تیۆرییەکانی غەریزە، مرۆڤەکان پاڵنەریان بۆ دروستدەبێت بۆ ئەوەی بە هەندێک شێوە ڕەفتار بکەن، چونکە لە ڕووی پەرەسەندنەوە بەرنامە بۆ داڕێژراون بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن. نموونەی ئەمەش لە جیهانی ئاژەڵدا کۆچی وەرزییە. ئاژەڵەکان ساڵانە لە هەندێک کاتدا فێری کۆچکردن نابن بۆ هەندێک شوێنی دیاریکراو؛ لەبری ئەوە نەخشێکی زگماکی ڕەفتارە. غەریزەکان پاڵنەرێکن بۆ هەندێک جۆر بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەن.

بەپێی تیۆری هاندەری پاڵنەر، مرۆڤەکان پاڵنەریان بۆ دروستدەبێت بۆ ئەنجامدانی هەندێک کردار بە مەبەستی

کەمکردنەوەی ئەو گرژییە ناوخۆییەی کە بەهۆی پێداویستییە دابیننەکراوەکانەوە دروستدەبێت. بۆ نموونە ڕەنگە پاڵنەرێک بێت بۆ خواردنەوەی پەرداخێک ئاو بۆ ئەوەی دۆخی ناوەوەی تینوێتی کەم بکەیتەوە. تیۆری درایو لەسەر بنەمای چەمکی هۆمۆستاسیس دامەزراوە، یان ئەو بیرۆکەیەی کە جەستە چالاکانە کاردەکات بۆ پاراستنی دۆخێکی دیاریکراوی هاوسەنگی یان هاوسەنگی.

ئەم تیۆرە بەسوودە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕەفتارانەی کە پێکهاتەیەکی بایۆلۆژی یان فیزیۆلۆژی بەهێزیان هەیە، وەک برسێتی یان تینوێتی. کێشەی تیۆری پاڵنەر ئەوەیە کە ئەم ڕەفتارانە هەمیشە تەنها بەهۆی پاڵنەرەوە پاڵنەر نین، یان دۆخی گرژی یان وروژاندن کە بەهۆی پێداویستییە بایۆلۆژی یان فیزیۆلۆژیەکانەوە دروستدەبێت. بۆ نموونە زۆرجار مرۆڤەکان نان دەخۆن تەنانەت کاتێک بەڕاستی برسیش نین.

تیۆری وروژاندنی پاڵنەر پێشنیاری ئەوە دەکات کە مرۆڤەکان هەندێک کردار ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی ئاستی وروژاندن یان کەم بکەنەوە یان زیاد بکەن. بۆ نموونە کاتێک ئاستی وروژاندن زۆر نزم دەبێتەوە، ڕەنگە کەسێک سەیری فیلمێکی سەرنجڕاکێش بکات یان بچێت بۆ ڕاکردن. لە لایەکی دیکەوە کاتێک ئاستی وروژاندن زۆر بەرز دەبێتەوە، ڕەنگە

کەسێک بەدوای ڕێگایەکدا بگەڕێت بۆ ئارامگرتن، وەکو رامان و بیرکردنەوە یان خوێندنەوەی کتێب.

بەپێی ئەم تیۆرییە، ئێمە پاڵنەرمان هەیە بۆ پاراستنی ئاستێکی گونجاوی وروژاندن، هەرچەندە ئەم ئاستە دەتوانێت بەپێی تاک یان دۆخەکە بگۆڕێت.

تیۆرییە مرۆڤدۆستەکانی پاڵنەر لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراون کە مرۆڤەکان هۆکاری مەعریفی بەهێزیشیان هەیە بۆ ئەنجامدانی کردارە جۆراوجۆرەکان. ئەمەش بەناوبانگە لە پلەبەندی پێداویستییەکانی ئەبراهام ماسلۆدا، کە ئاستە جیاوازەکانی پێداویستییەکان و پاڵنەرەکان باس دەکات.

پلەبەندی ماسلۆ ئەوە پیشان دەدات کە مرۆڤەکان پاڵنەریان بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان هەیە پێش ئەوەی بچنە سەر پێداویستییەکانی دیکە و پێشکەوتووتر. بۆ نموونە مرۆڤەکان سەرەتا پاڵنەریان بۆ دروستدەکرێت بۆ بەدیهێنانی پێداویستییە بایۆلۆژییە سەرەتاییەکان بۆ خۆراک و شوێنی نیشتەجێبوون، پاشان بۆ پێشکەوتن لە ڕێگەی پێداویستییە باڵاکانی وەک سەلامەتی و خۆشەویستی و ڕێزگرتن. کاتێک ئەم پێداویستیانە دابین کران، پاڵنەری سەرەکی دەبێتە پێویستی خۆ ڕاستکردنەوە، یان ئارەزووی بەدیهێنانی توانای تاکەکەسی مرۆڤ.

ماسلۆ ئارەزووی ئەوە بوو بزانێت چی مرۆڤ دڵخۆش دەکات و ئەو شتانەی کە دەیکەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، نەک سەرنجی لەسەر ڕەفتارە کێشەدارەکان بێت.

### کێ تیۆری غەریزەی دروستکردووە؟

یەکەمجار کە نیچە زاراوەی غەریزەی بەکارهێناوە، کە ساڵی ١٨٦٩ز بوو لە نووسینێکیدا بەناوی (هۆمەرو فیلۆلۆژیای کلاسیک) بوو. کە ئەوکاتە فرۆید تەمەنی تەنیا سێزدە(١٣) ساڵ دەبوو، هێشتا لە بواری نووسین زۆر دوور بوو. نیچە لەم وتارەیدا فیلۆلۆژی وەک تێکەڵەیەک یان وەک کۆکردنەوەیەکی نا یەکسان لە غەریزەی زانستی و ئەخلاقی – جوانکارییەکان کە لە سەرەتادا جیاواز ، دواییش لە ژێر ئایینێکی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە، وەسفی کرد. ئەم یەکەمجار بەکارهێنانە بەرچاوەی زاراوەی گەشتکردنە، سیستەمێکە لە کارەکانی نیچەدا کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە شوێنی خۆیدا دەمینێتەوەو لە یەک زاراوەدا چەندین بیرۆکەی بنچینەیی کۆدەکاتەوە کە نیچە دواتر بە جۆرێک لە جۆرەکان بە غەریزەی گرێدەدا.

بەڵام ویلهێلم وندت یەکەم کەس بوو کە لەسەر غەریزەی نووسی. ئەو پێی وابوو غەریزەکان کە بە هەردوو بایۆلۆژیاو

جیناتەکان دیاری دەکرێن و، دەشتوانن هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤ ڕوون بکەنەوە. کە چ جۆرە غەریزەیەک لە مێشکیدا هەبووە؟ من لێرەدا هەموویان دەخەمەڕوو، بەڵام وندت زیاتر لە چوارهەزار (٤٠٠٠) غەریزەی مرۆڤی پەرەپێداوە کە ڕەفتارەکان دەباتە پێشەوە.

## فرۆید و تیۆری غەریزە

غەریزە بارودۆخێکی سیستەمی دەمارییە. راستە غەریزە رەگی ئەو پاڵنەرەیە کە هەموو چالاکییە دەروونییەکان بەیەکەوە دەگرێت. بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز پاڵنەرەکە دروستی ناکات. ئەم پاڵنەرە وەک شتێکی دیاریکراو وایە، خۆی لە خۆیدا گرنگە، بەڵام تەنیا رێزگرتن لە یاسا گشتییەکانی سیستەمی دەروونی – فیزیۆلۆژی کاردەکات.

فرۆید پێیوابوو کە هەموو مرۆڤێک غەریزەی بایۆلۆژی هەیە، بەڵام لیستەکەی ٤ هەزار جۆری جیاوازی تێدا نەبووە. لە بەرهەمەکەیدا نووسیویەتی کە دوو هێزی سەرەکی هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤیان لێخوڕیوە: غەریزەی سێکسی (یان غەریزەی ژیان) و غەریزەی مردن.

فرۆید لە کتێبی لەودیو بنەمای چێژ ( Beyond the Pleasure Principle) نووسیویەتی کە ئەقڵی نائاگامان دوو هێزی لەخۆگرتووە کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتارەکانمان هەیە. بە کەڵک وەرگرتن لە ناوی خوداوەندە یۆنانیەکان، ئەم هێزانەی ناونراون  ئیرۆس و تاناتۆس.  ئیرۆس، خوداوەندی خۆشەویستی یۆنانی، ناوەکەی لەگەڵ غەریزەی ژیاندا هاوبەشە. ئەم غەریزە نەک تەنها بەرەو مانەوەمان دەبات، بەڵکو بەرەو هاوکاری و زاوزێش دەمانبات. تاناتۆس، خوداوەندی مردنی یۆنانی، ناوەکەی لەگەڵ غەریزەی مردندا هاوبەشە. ئەمە باس لە غەریزەی مرۆڤ دەکات بۆ ڕزگاربوون لە زەبر، بۆ خۆ لەناوبردن، یان ئەنجامدانی کردەوەی مەترسیداری تر.

هەروەها کارەکانی فرۆید باسی لەوە کردووە کە هەرچەندە ئێمە ئەم غەریزانەمان لەخۆگرتووە، بەڵام بەشەکانی تری کەسایەتیمان (سوپەرئیگۆ و ئیگۆ) ڕێگریمان لێدەکەن بەردەوام زاوزێ بکەین یان  لە زەبر و زەنگ ڕزگارمان بکەن.

فرۆید ئیدیعای دەکرد کە غەریزە دەربڕینی دەروونییە لە خواستێک بۆ تێرکردنی پێویستییەکی فیزیۆلۆژی. لە روانگەی فرۆیدەوە، غەریزەی ژیان هەموو ئەو هێزانە دەگرێتەوە کە پێویستن بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی سەرەکی ژیان و دڵنیابوون لە مانەوەی جۆرەکان. فرۆید غەریزەی زگماکی

سێکسی وەک گرنگترین پاڵنەرە جیاوازەکانی پێکهێنانی کەسایەتی جیاکردەوە. هەروەها لای فرۆید غەریزەی مردنیش هەموو ئەو هێزانە دەگرێتەوە کە وەک پاشخانێک بۆ کردەوەکانی شەڕانگێزی، دڕندەیی، کوشتن و خۆکوشتن کاردەکەن.

**نموونەی تیۆری غەریزە لە ئاژەڵدا**

کیسەڵە دەرياييەکان بەهۆی زیاتر لە هۆکارێکەوە بوونەوەرێکی سەرسوڕهێنەرن. بەڵام ئایا دەزانی مێینەی کیسەڵێکی دەریایی هەر دوو بۆ سێ ساڵ جارێک لە هەمان شوێنی وردا هێلکە دەکات و، ئەم کەنار دەریایە هەمان ئەو کەناراوەیە کە بۆ یەکەمجار هێلکەیان لێی کردووە؟!.

ڕاستە! تەنانەت دوای ئەوەی کیسەڵەکان بە هەزاران میل لە ئاوی کراوەدا مەلە دەکەن، هێشتا هەمان ئەو کەنارەی دەریا ، هەر دوو بۆ سێ ساڵ جارێک دەدۆزنەوە. لەکاتێکدا ناتوانن بخوێننەوە و لە ژێر ئاویشدا هیچ هێمای شەقامەکان نییە. کەواتە چۆن ئەم کارە دەکەن؟

شارەزایان پێیان وایە ئەوان غەریزەیەکی ئاژەڵیان هەیە کە ساڵانە دەیانباتەوە بۆ هەمان کەنار دەریا. لەناو هەموو

کیسەڵێکی دەریاییدا مەیلی هێلکەکردن و مەلەکردن بەرەو زەریا و چەند ساڵ جارێک مەلەکردن بۆ دواوە بۆ هێلکەدان هەیە.

کیسەڵە دەریاییەکان تاکە ئاژەڵ نین کە غەریزەیان هەیە کە یارمەتیان دەدات لە ژیاندا بمێننەوە. زۆرجار ڕێوڕەسمی جووتبوون لەلایەن ئەو ئاژەڵانەوە ئەنجام دەدرێت کە تەنها بە غەریزە دەزانن چی بکەن.

## نموونەی تیۆری غەریزە لە مرۆڤدا

کاتێک سەیری بچووکترین مرۆڤەکان دەکەین، غەریزەی هاوشێوە دەبینین کە ڕەنگە بە ئاژەڵ بچوێندرێن. کۆرپە بچووکەکانی مرۆڤ لە ساتەوەختی لەدایکبوونەوە دەزانن چۆن خۆیان بە دایکی خۆیانەوە ببەستن – لە زۆربەی کاتەکاندا، تەنها دەزانن چی بکەن.

لە ئێستادا بیرۆکەکانی فرۆید بە تەواوی وەرناگیرێن – زۆر هاوشێوەی تیۆری غەریزەی پاڵنەر. ڕەخنەگرانی ئەم تیۆرییە ئەوەندە کونیان تێکردووە کە تیۆرییەکانی تری پاڵنەر بخەنە ناوەوە.

بۆچی تیۆری غەریزە ناچەسپێت؟ ڕەنگە بزانیت. دڵنیابە، لەوانەیە هەست بکەیت کە برسیتە یان خۆت ببینیتەوە کە بە دەنگی بەرز پێدەکەنیت. بەڵام کەمێک زیاتر لە پشت ڕەفتارەکانتەوە هەیە لەوەی کە لە بایۆلۆجی یان جیناتەکانتدا هەیە. ئەگەر غەریزەکان لە پشت هەموو ڕەفتارەکانەوەن و ،هەموو غەریزەکان فێرنەبوون (وەک ویلیام مەکدۆگال باوەڕیان وابوو،) ئەوا چی لەگەڵ هەموو ئەو پاڵنەرانەدایە بۆ ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە کۆمەڵگا فێری کردوویت؟ لە کوێدا پێگەی کۆمەڵایەتی و کولتوور و هۆکارە نا بایۆلۆژییەکانی دیکەت ڕۆڵی پاڵنەرەکان دەگێڕن؟

تەنانەت ئەگەر هەوڵبدەیت ٤٠٠٠ غەریزەی جیاواز بخەیتە لیستی شتەکانەوە کە بۆ هەموو مرۆڤەکان سروشتییە ، بەڵام هێشتا جیاوازی لە پاڵنەرەکاندا دەدۆزیتەوە. شێوازی چاودێریکردنی دایکێک بۆ کۆرپەکەی زۆر جیاوازە لە شێوازی چاودێریکردنی دایکێکی تر. ئەزموونی ژیانی هەر دایکێک، واتا ئەو زانیاریانەی کە کۆی کردۆتەوە و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا هەموویان ڕۆڵی ئەوە دەگێڕن کە دایک چۆن گرنگی بە منداڵەکەی دەدات.

کۆکردنەوەی زانیاری کە پشتگیری لە هەموو ئەم هۆکارە جیاوازانە بکات ئاسان نییە. دەروونناسانی ئەمڕۆ داتا و توێژینەوە توێژینەوەکان بەکاردەهێنن بۆ تاقیکردنەوەی

تیۆرییەکان و پێکهێنانی تیۆرییەکانی خۆیان. وندت، ماکدۆگال و فرۆید لە سەردەمی خۆیاندا بە تەواوی ئەوە نەبوون. ئاسانترە لەسەر ئەو غەریزانەی مرۆڤ لە نائاگاییدا هەیەتی بنووسیت لەوەی لە ڕێگەی داتا و توێژینەوە کۆنترۆڵکراوەکانەوە پشتڕاستی بکەینەوە. زانایانی ئەمڕۆ دەتوانن باسی غەریزەی ئاژەڵتان بۆ بکەن، بەڵام تەنها لەبەر ئەوەی ئاژەڵەکان زۆر سادەترن لە مرۆڤ.

## غەریزەکانی ئەمڕۆ

ئەمڕۆ غەریزە بە "مەیلی سروشتی بەرەو ڕەفتارێکی ئاڵۆز" پێناسە دەکرێت. چیتر هەموو شتێک لەبارەی ڕەفتارە ئاڵۆزەکانی مرۆڤەوە ڕوون ناکاتەوە. غەریزە تەنها پاڵمان پێوە دەنێت بەرەو ئەو ڕەفتارانەی کە غەریزەکە هۆکاری بنچینەییە.

غەریزە کاردانەوەی نائیرادی ئاژەڵێکە کە دەبێتە هۆی نەخشی ڕەفتارێکی ناسراو و تاڕادەیەکی زۆر جێگیر. ڕەفتاری غەریزەیی پرۆسەیەکی زگماکییە کە مانەوەی ئاژەڵێک یان جۆرێک بەرەوپێش دەبات. بە تایبەتی لە کاتی شەڕ و چالاکیی سێکسیدا بەرچاوە. هەرچەندە هەموو ئاژەڵەکان غەریزەیان هەیە، بەڵام ڕەفتارەکان ، زیاتر لەگەڵ ئەوانەدا خۆیان دەگونجێنن کە فۆڕمی ئاژەڵەکان بەرزتر بن. شیردەرەکان

زۆرجار ڕەفتاری فێربوو نیشان دەدەن نەک ڕەفتاری غەریزەیی.

**ئیراسموس داروین (١٧٣١-١٨٠٢)**

ئیراسموس داروین (١٧٣١-١٨٠٢) کە باپیرەی چارلز داروینە، ئەو گریمانە دەکات کە ئەوەی پێی دەوترێت "ڕۆحی ئەنیمەیشن، شلەیەکی ناسکە، بە مێشک و دەمارەکاندا دەڕوات و دەبێتە هۆی گرژبوونی ڕیشاڵی ماسولکەکان. ئەم شلەیە وەڵامی هاندەری ناوەوە و هەروەها دەرەکی دەداتەوە. بەپێی بنەماکانی پەیوەندیکردن کاردەکات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەموو جووڵە ئاژەڵییەکان کە لە یەک کاتدا، یان بە یەکەوەی دەستبەجێ ڕوویانداوە، بەجۆرێک پەیوەست بن، کە کاتێک یەکێکیان دووبارە دەبێتەوە، ئەوی دیکەیان مەیلی شوێنکەوتنی هەیە. ئەم شلە دەمارییە بیرکردنەوەکانی لەناو مێشکی ئاژەڵان و مرۆڤەکاندا دروستکرد، چەمکگەلێک کە تەنها دووبارەبوونەوەی لاوازی ئەزموونەکان بوون. بەهۆی دەروونناسی هەستیارییەوە دەیتوانی گریمانە بکات کە زیرەکی مرۆڤ و ئاژەڵ لە یەکتر جیا ناکرێتەوە. هەروەها دەتوانێت گریمانە بکات ئەو ڕەفتارانەی کە بە شێوەیەکی تایبەت وا بیردەکرێتەوە کە لە ئەنجامی زیرەکی و خووەوە بە شێوەیەکی

غەریزەیی دەرئەچن. بۆ نموونە ئەو پێیوابوو توانای باڵندەکان بۆ دروستکردنی هێلانە بەرهەمی چاودێریکردن و ئاگادارییان لەو شتانەیە کە زۆرترین قبوڵکراون بە دەست لێدانیان سەبارەت بە گەرمی و پاکوخاوێنی و سەقامگیری.

## چارڵز داروین

سەرەتا گریمانە دەکات کە خوو، شێوازێکی فێربووی کردار، ڕوونکردنەوەیەکی سروشتیانە بۆ غەریزەکانی ئاژەڵێک پێشکەش دەکات. ئەو پێی وابوو کە دروستبوونی خوو دەبێتە هۆی غەریزە و خوداوەند لە هەر نموونەیەکدا کاتێک غەریزە بەکاردەهێنرێت،(زانین و دیزاین)ی پێویستی بۆ ئەقڵی ئاژەڵەکان دابیندەکات. سنووردارکردنی جۆراوجۆر لە بەستنەوەی خووی بەدەستهێنراو لەلایەن داروین لەگەڵ تیۆری هەڵبژاردنی سروشتی خۆیدا هەبوو. یەکەم: هەمیشە وا دیار نەبوو کە ڕەفتارەکان لە ڕێگەی خێزانەکانەوە دەگوازرێنەوە. سەرەڕای ئەوە، لە کاتێکدا کە خووەکانی بەدەستهێنراو وا دیار بوو کە لەگەڵ ئاژەڵە ماڵییەکان کار دەکەن، بەڵام بە تەواوی حسابیان بۆ هەڵبژاردنی سروشتی ڕەفتار لە مێرووەکانی کۆڵۆنی کرێکاری نەزۆکدا نەدەکرد. لێکۆڵینەوەکانی داروین لەسەر ئاژەڵە ماڵییەکان و مێرووەکانی

کۆلۆنیالیزم وای لێکرد کە بگاتە ئەو ئەنجامەی کە زیندەوەران لە ڕێگەی خووەوە خۆیان لەگەڵ دەوروبەرەکەیان دەگونجێنن، لە کۆتاییدا بە غەریزە جێگیرەکان دەگەنە لوتکە.

## کاریگەرییەکانی فرۆید

هەر لە تیۆری ئەدەبییەوە تا دەگاتە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، کاریگەرییەکانی فرۆید بەناو هەموو بەشە زانستییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆیشتووە . ئەم کاریگەرییە زیاتر لە لێکدانەوەی خەونەکانییەوە بەرجەستە بووە، هاوکات بەشدارییەکی گرنگیش بوو لە قووڵکردنەوەو چەسپاندنی مۆدێرنە. ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەو ئاستەی فرۆید لە بواری دەروونشیکاری و جێگیرکردنی مۆدێرنێتە پێشکەشی کردووە، شتێکی ئەوتۆی کەمتر نییە لەو زانستەی کە لە سەدەی نۆزدە لە بواری بایۆلۆژیاو پزیشکیدا پێشکەش کراون. بەڵام فرۆید هەوڵیداوە، فەلسەفەکەی خۆی بە هەندێک تەمومژەوە بخاتە ڕوو. هۆکاری بنچینەییش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، فرۆید مرۆڤێک بووە زۆر کەم هەستی بە دڵنیایی کردووە. بەڵکو وا هەستی کردووە هەمیشە گوشارو تەنانەت هەڕەشەی لەسەرە. بۆیە تەنانەت لە خۆشەویستیشدا هەستی بە ئارامی و دڵنیایی نەکردووە. نیگەرانییەکەی فرۆید هێندە

بەهێز بووە، تەنانەت ترسی لەوە هەبووە نەوەک لە برسانا بمرێت. هەر ئەزموونێکیش مەرجەکانی خۆشەویستی و سەرسامبوونی تێدا نەبێت، شکست جێگایان دەگرێتەوە.

ئەوەی فرۆید خستوویەتییە روو، مێژووی سەدان هەزار ساڵەی مرۆڤایەتییە، بەڵام تەنیا یەک سەدەیە، فرۆید هاتووە هونەری کۆنی لێکدانەوەی خەونەکانی نوێکردۆتەوەو بەم کارەیشی دەرگایەکی بۆ بابەتی دەروونزانی بەتایبەت شیکاری دەروونی کردۆتەوە، کە لەگەڵ سەردەمی مۆدێرنە زۆر لەبارو گونجاو بوو. ئەم قوتابخانەیەی فرۆید بونیادی نا، تەنیا بۆ دەروونزانەکان نەبوو، بەڵکو بۆ سەرجەم کۆمەڵگای هاوچەرخ بوو، بەتایبەت لە بواری کۆمەڵناسیدا. راستە فرۆید کۆمەڵناس نەبووە، تەنانەت حەزیشی بە کۆمەڵگا نەبووە، بەڵام بە رێگای دەروونزانییەوە توانی خزمەتێکی گەورەی کۆمەڵایەتی بکات، ئەگەر چی ئامانجی فرۆید ئەوە نەبوو. چونکە فرۆید بیرۆکەی خۆی لەسەر تێگەیشتن لە سەر رەفتاری تاک، کە ئەزموونی تاک بریتییە لە سروشتی تاکەکان، ئەمەش لەگەڵ کۆمەڵناسی تا رادەیەک جیاوازە. بۆیە سەختە بانگەشەی ئەوە بکەین کە کارە فیکرییەکانی فرۆید تەنیا پەیوەندییان بە کۆمەڵناسی مۆدێرنەوە هەبووبێت، وەک بۆ نموونە مارکس کۆمەڵناسی مۆدێرنی بەناو زانستەکانی کۆمەڵایەتیدا بەرجەستە کرد. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت، ئەزموونی کەسیی

لەچوارچێوەی تاکەکەسدا نامینێتەوە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، کەواتە ئەو ئەزموونە تاکە کەسییە دەبێتە بەرژەوەندییەکی ناوەندی بۆ کۆمەڵناسان. لەلایەکی دیکەیشەوە، کۆمەڵناسان ناتوانن ئەو پرسە فیکرییانە پشت گوێ بخەن کە پەیوەندی بە ورووژاندنەوە هەیە. تۆ سەیرکە، لێکۆڵینەوەی کولتووری و شیکردنەوەی فیلمەکان ، کۆمەڵایەتی مۆدێرن، تیۆری ئەدەبی هاوچەرخ، ئەمانە هەموویان لەو چوارچێوەیە دەخولێنەوە، کە پەیوەندییان بە کاری ورووژاندنەوە هەیە. ئەوەی فرۆید نووسیویەتی تا رادەیەکی زۆر وەڵامدانەوەیەکی گونجاوە بۆ لقە زانستی و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان.

فرۆید یەکێکە لە کەسایەتییە گەورەکانی سەردەمی مۆدێرنێتەو بە قووڵی خۆی لەگەڵ بەهاو نەریتەکانیدا گونجاندووە. بەڵام ئەوە نەبووە هۆی ئەوەی بڵێت زۆربەی دەروونزانە سەرەتاییەکانی سەردەمی رۆشنگەری وەک جۆن لۆک و داڤید هیوم و دواتریش جۆن ستیوارت میل(کە فرۆید زۆرێک لە بەرهەماکانی وەرگێڕاون) تێڕوانینێکی سادەخوازانەو لە رادەبەدەر گەشبینانەیان بۆ سروشتی مرۆڤ هەیە. فرۆید دەیزانی بەردەوامبوونی رۆشنگەری بریتی نییە لە پابەندبوون بە پیتی هیچکام لە سەرچاوە مێژووییەکانی، بەڵکو بەردەوامبوون لە کارکردن بە رۆحی ئەوان (رۆحی

ڕۆشنگەری)بریتی بووە لە چوارچێوەی بایۆلۆژیا، پزیشکی، شوێنەوارو ئەنترۆپۆلۆژیای کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا. هەروەها زۆرێک لە تێڕوانینەکانی فەلسەفەی ڕۆمانسی، بە پلەی یەکەم جەختکردنەوەیە لەسەر لایەنە نا ئەقڵانییەکانی سروشتی مرۆڤ و ئەرکە چارەنووسسازەکانی لە وێرانکارییەکانی مرۆڤ و داهێنەری مرۆڤدا تێکەڵ بەیەکدی کرد، بۆ تیۆرێک کە بە زمانی ڕۆشنگەری کورسییەکی هەمیشەییە.

### فرۆیدو هەڵوێستی لە شارستانیبوون

ناکرێ تیۆرەکەی فرۆید تەنیا وەک وردەکاریی لەسەر میکانیزمەکانی سەرکوتکردن(کەبت) سەیر بکرێن. شەرمەزاری و تاوانباری و بێزاری ئەخلاقی ، دەربڕینی تاکەکەسی و ناوەوەی ئەو ڕێککەوتنانەیە کە بە هۆیانەوە کۆمەڵگا دادەمەزرێت و دەشپارێزرێت. فرۆید ئەو ڕووداوانەی لە سێ سەرچاوەی گەورەو ناخۆشدا لە نێو لاپەڕەکانی سەرەتای (شارستانییەت و ناکامەکانی) دەستنیشانی کردووە. هەروەها لەگەڵ هێزی باڵای سروشت و لاوازی جەستەی خۆمان و ناتەواوی ئەو ڕێسایانەی کە پەیوەندی هاوبەشی مرۆڤەکان ڕێکدەخەن.

فرۆید له دەستنیشانکردنی شارستانییەت وەک بەرچاوترین هۆکاری نەهامەتی درێخی نەکردووە. شارستانییەت دەبێت ئەوپەڕی هەوڵەکانی بەکاربهێنێت، بۆئەوەی سنووریێک بۆ غەریزە شەڕانگێزەکانی مرۆڤ دابنێت و دەرکەوتەکانی ئەوان بە پێکهاتەی کاردانەوە دەروونییەکان لەژێر کۆنترۆلدا رابگرێت. بەرژەوەندی هاوبەش لەکاردا بۆکۆنترۆڵکردنی شەڕانگێزی، بۆ خۆی بەس نییە، کە فرۆید وردە وردە دانی بەوەدا ناوە کە مەیلی غەریزەیی رەسەن و خۆ بژێوی وازهێنانی زۆرەملێ لەم رازیکردنە غەریزەییە لە رێگای ملکەچبوونی بۆ دەسەڵاتی دەرەکییە، وردە وردە بە هێزی ویژدانێکی ناوخۆیی و هەمیشە وریا جێگای دەگرێتەوە. لە بنەڕەتدا تاوانباری لەگەڵ پەشیمانی هاوتا بوو لە دەرئەنجامەکانی کردەوەیەکی شەڕانگێزانە.

شارستانییەت کە کولتووریێکی تایبەت بە خۆی هەیە، لای فرۆید بریتییە لە ئازارو نەگبەتی. پێیوایە پێناسەکردنی شارستانییەت هەرچۆنێک بێت ناتوانین خۆمان لە سەرچاوەی ئازارەکان بپارێزین.چونکە ئازار بەشێکی نەبڕاوەیە لە شارستانییەت. مرۆڤیش بۆیە تووشی دەمارگرژیی دەبێت، چونکە ناتوانێت بەرگەی ئەو رێژە بێبەشی و بێ هیواییە بگرێت کە کۆمەڵگا لەپێناو خزمەتکردنی ئایدیالە کولتوورییەکانیدا بەسەریدا دەیسەپێنێت. لە شارستانییەتدا، مرۆڤ کۆنترۆلی

زۆربەی شتەکان دەکات، کە پێشتر توانای بەسەریاندا نەدەشکا، لە سەرووی هەموویانەوە سروشت. مرۆڤایەتی پێشکەوتنێکی لە رادە بەدەر لە زانستە سروشتییەکان و بەکارهێنانی تەکنیکی مرۆیی بەخۆیەوە بینیوە. مرۆڤ شانازی بەم هەموو دەستکەوتانەیشی دەکات و توانیویەتی خزمەتێکی گەورەی خۆیشی پێبکات. بەڵام مرۆڤ رووبەڕووی نائارامی زیاتر بۆتەوەو تووشی چەندین جۆر نەخۆشی دەروونی و ئەقڵی هاتووە. بۆیە ئێستا کە پێشکەوتنی شارستانییەت لەوپەڕیدایە، مەترسییەکانیش لەوپەڕیدان. بەتایبەت نەخۆشی دەروونی و دەمارەکانی مێشک و ..هتد یەکجار زۆر بوونە.

کەواتە کۆنترۆلکردنی سروشت نابێتە مەرجی بەختەوەری بۆ مرۆڤایەتی.بەڵام ناشبێت وایدابنێین کە شارستانییەت و بەکارهێنانی تەکنیکەکان تەنیا نەهامەتی و نەگبەتین بۆ مرۆڤایەتی. بەڵام فرۆید کاتێک لەسەر شارستانییەت رادەوەستێت و لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر کردووە، باسی ئەوەی نەکردووە، شارو ئاڵۆزییەکانی بوونەتە بەرهەمهێنانی شیکاری دەروونی. تەنانەت ئازادی تاکەکانیش لەگەڵ گەشەسەندنی شارستانییەتدا گەشەی کردووە. بە رای فرۆید ئازادی تاکەکەس دەست و دیاری شارستانییەت نییە، چونکە پێش هەموو شارستانییەتێک هەر هەبووە، تەنانەت لەوپەڕیدا

بووه. به بڕوای فرۆید ، که شارستانییەت هات ئیتر کۆت و بەندی بۆ ئازادی تاک دروستکرد.

فرۆید پێیوایه ئەگەر بمانەوێت له کولتوورێکی شارستانیدا بژین، دەبێت زۆرێک له چڕترین ئارەزووەکانمان سەرکوت بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام له نائاگاییماندا بوونی هەیەو به کاریگەرییەکی بەهێزەوه پەیڕەو دەکرێن.

دەتوانین بڵێین پێناسەی نەست – نا ئاگا ، پەیوەندی بەوەوه هەیه که خەڵک لەناو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا ئاگاداری ئەو یاساو پراکتیکانه نین که کولتووره کۆمەلایەتییەکەیان لەقالب داوه. بۆنموونه شتراوس بۆی دەرکەوت که ئەندامانی گرووپه سەرەتاییەکان به توندی یاساکان پەیڕەو دەکەن که ناتوانن روونیبکەنەوه، چونکه هەموو پێکهاته کۆمەڵایەتییه هێمادارەکان به سروشتی و به راست و دروست دەزانن. فرۆید له کتێبی تەوتەم و تابودا ئیدیعایەکی هاوشێوەی کردووه، بەڵام ئیدیعای فرۆید خاڵی سەرەکی ئەوه بوو که ئەم بابەته رۆحانییانه بیرکردنەوەکانی خۆیان دەخسته سەر جیهانی دەرەوه. چونکه پرۆسەی سەرەتایی بەسەریاندا زاڵ بوو.

له زۆر فۆرمی زانستی دەمارو دەروونزانی پەرەسەندندا، مشتومڕێکی جەوهەری پەیوەندی به ململانێی سروشت و

پەروەردەکردنەوە هەیە. لەکاتێکدا کە زانستی دەروونی گرنگی بایۆلۆژی و پەرەسەندن و سروشت ڕەتناکەنەوە. تیۆری فرۆید جەخت لەوە دەکاتەوە کە چۆن هێزە غەریزەییەکان بەهۆی ئەزموون و کولتوورو مێژوو سوبژێکتیڤەوە لەقالب دەدرێنەوە. لەهەندێک کاتدا ئەم پچڕانە لە پەرەسەندنی بایۆلۆژیاشدا دەناسرێتەوە. بەڵام تیۆری بنەڕەتی هەندێک لە زانایان بۆ دیاریکردنی بایۆلۆژی دەگەڕێنەوە، ئەمەش هەنگاوێکی دیکەی پەرەسەندنە لە شیکاری دەروونیدا.

جیاوازی نێوان ئەوەی کە کۆمەڵایەتییەو ئەوەی کە بایۆلۆژییە، دەبێت بە لایەنی دژە پەرەسەندنی پاڵنەرەکانی مرۆڤ تەواو بکرێت، کە خۆیان جیاوازن لە وشیاری هێمادارو سەرکوتکردنی نا ئاگا. کاتێک ئێمە شکست دەهێنین لە ئەنجامدانی ئەم جیاکاریانە، ئێمە شیکاری دەروونی ئەو شتانە دەدزینەوە کە وای لێدەکەن لە دیسپلینەکانی تر گرنگ و جیاواز بێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە، گەڕانەوە بۆ بایۆلۆژی و زانستی دەمار بۆ زەمینەسازی شیکاری دەروونی، بەشێکە لە پرۆسەی لابردنی شیکاری دەروونی لە ڕێگاکانی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکانی ئەمڕۆ. دەبێت ئەوەش بزانین بیرۆکەی پەرەسەندنی کێشە دەروونییەکان، لە ئەنجامی نا هاوسەنگی کیمیاییەوە سەرچاوەیان گرتووە. تا

رادەیەکی زۆریش دەتوانین بڵێین شیکاری دەروونی لە بنەڕەتدا ئەزموونی نییە. بەڵام پێویستە ئەوەش یەکلا بکرێتەوە کە ئایا شیکاری دەروونی لە بنەڕەتدا زانستە یان نا. وەرچەرخان بۆ زانستی دەمارو دەروونزانی پەرەسەندن بەشێکی بەهۆی خواستی دابینکردنی تیۆری و پراکتیکێکی یەکگرتووترو واقیعبینانەترەوە بۆ پزیشکانی کلینیکی بووە. چونکە ئەو بەڵگانەی کە هەن زۆر کەمن بۆئەوەی بتوانین بڵێین پرسە دەروونییەکان لەسەر بایۆلۆژی بنیاتنراون.

لە بنەڕەتدا بیرۆکەکانی فرۆید گورزێکی توندو بەهێز بوون کە لە تواناکانی مرۆڤی داوە، چونکە چەمکی نەست - نا ئاگا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زۆر جار نازانم بۆچی شتێک دەکەم، یان لەوەش خراپتر ئەو هۆکارانەی کە بەخۆم دەڵێم شتێک دەکەم هەڵەن، یان تەنانەت رەنگە پێچەوانەی راستییەکان بن. کارەساتە نەخۆش بگاتە ئەو ئاستەی هەست بە بوونی خۆی نەکات، یان هەست بکات بوونی نییە. ئا لێرەدایە ئەزموونگەرایی هەندێکجار تا رادەیەک دڵنەواییت پێدەبەخشێت.

## فرۆید و نیچە

فرۆید لە تەمەنی حەڤدە(١٧) ساڵییەوە دەستی بە خوێندنی پزیشکی کردووە، هەر ئەو کاتانە بەدوای هەندێک پێوەری فەلسەفیشدا دەگەڕا. هەر لە سەروبەندی ئەو ساڵانە، وردتر بڵێین ماوەی ساڵانی ١٨٧٣-١٨٨٠ خۆی خزاندبووە نێو هەندێک گرووپەوە کە گرنگیان بە بیرکردنەوەی نیچە دەدا. تەنانەت پابەندبوونی خۆیان بە بیرکردنەوەی نیچە ڕاگەیاندبوو.ئەم ماوەیەش نیچە هەوڵیدەدا لە ڤیەنا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت و ڤیەنا ببێتە پایتەخت یان کۆمارە بچووکەکەی نیچە. بێگومان لەو کاتانەدا، سیگمۆند فرۆیدیش خوێندکارێکی دیاری نێو ئەو کۆمارە بوو.

فرۆید لە پێشەوەی ئەو زانایانەیە کە زۆرترین سوودی لە زانایانی پێش خۆی و سەردەمەکەی خۆیشی وەرگرتووە. تەنانەت سوودی لە وتارێکیش وەرگرتووە کاتێ خوێندوویەتییەوە، هەوڵیداوە جارێکی دیکە بەرهەمیبهێنێتەوە. فرۆید تەنیا سوودی لە زانایانی دەروونزان و پزیشکەکانی دەمارو ...هتد نەبینیوە، بەڵکو سوودێکی زۆری لە ڕۆماننووسەکان و کۆمەڵناسانیش بینیوە. هەر لە دیستۆیڤسکییەوە تا فەیلەسووفە گەورەکانی وەک شۆپینهاوەرو نیچە. هەرچەندە شۆپینهاوەر پێش فرۆید ژیاوەو نیچەش تا ڕادەیەک پێش فرۆید نووسینەکانی بڵاوکردۆتەوە.

واتا تا رادەیەک هەندێک بۆشایی کات لەنێوان هەردووکیاندا هەیە. چونکە نیچە بە تەمەن  دوازدە ساڵ لە فرۆید گەورەترە. کاتێک نیچە لە بازل وەک پرۆفیسۆری فیلۆلۆژی دەستنیشان کرا. فرۆید هێشتا دەستی بە خوێندنی پزیشکی نەکردبوو. کاتێک فەلسەفەی نیچە دەگەیشتە قۆناخی یەکلاکەرەوەی بەرهەمهێنانی خۆی، لەماوەی ساڵانی ١٨٨٠ دا ، فرۆید لە هەوڵی ئەوەدابوو ئاراستەیەک لە ژیانی پیشەیی خۆی بدۆزێتەوە. ئەو کاتانەی  نیچە دەگاتە قەیرانی کۆتایی، فرۆید هەوڵیدەدا بە قووڵی دەست بە گۆڕینی سەرنجەکانی خۆی بۆ شیکاری دەروونی بکات. نیچە هێندە رەخنەی توندی لێ گیراوە، ئەگەر ئەم رەخنانە کۆ بکەینەوە، راستە رەخنەکان بەشێکی زۆریان بریندارکەرن و ئازار بەخشیشن، بەڵام کاتێک راڤەیەکی وردیان بۆ دەکەیت، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە نیچە چ رۆڵێکی مەزنی لە داهێنانی شیکاری دەروونی بە مانا فراوانەکەی هەبووە.

کارە فەلسەفییەکانی نیچە هەمیشە ئەو تێبینییەت بۆ دروستدەکات کە لەبارەی نەخۆشێکەوە قسە بۆ چارەسەرکردنی دەکەیت، ئەمەش هەر خۆی لە خۆیدا پێوەرێکی گرنگە بۆ شیکردنەوەی ئاراستەکانی مێشک.  کەم نین ئەو نووسەرو هزرڤانانەی کە وایدەبینن ئەو قوتابخانەیەی فرۆید بە ناوی شیکاری دەروونی دایمەزراندووە، پێشبینییەکە

بۆ نیچە دەگەڕێتەوە، نەک بۆ فرۆید خۆی. واتا کاتێک نیچە تووشی رووخانێکی دەروونی دەبێت و شێت دەبێت، فرۆید ئەو کاتە تەمەنی سی و سێ(٣٣) ساڵ بووە. تازە خەریکی دۆزینەوەی شوناسی خۆی بوو کە شیکاری دەروونی بوو، ئەویش لە ڕێگای کتێبە بەناوبانگەکەی کە لێکدانەوەی خەونەکان بوو. بە چەند ساڵێک دوای مردنی نیچە، فرۆید یەکەم گرووپی دەروونشیکاری دادەمەزرێنێت، کە ئەوکاتە تەمەنی گەیشتبووە چل و شەش(٤٦) ساڵ. کەواتە لە روی کرۆنۆلۆژیاوە، نیچەو فرۆید هەردووکیان هاوچەرخن، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە نیچە لە سی(٣٠) ساڵی تەواو پێیگەیشتبوو، لە سی(٣٠) ساڵی لەسەر شۆپینهاوەرو شتراوسی دەنووسی، بێگومان لە چواردە ساڵی دەستی بە نووسینی کتێب کردووە، کە یەکەم کتێبی بەناوی لەبارەی ژیانمەوە ساڵی ١٨٥٨ بڵاوکردۆتەوە. بەڵام فرۆید تا چل ساڵی پێنەگەیشتبوو، ئەمە لە کاتێکدا نیچە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٤٤ هاتۆتە دنیا، زەردەشتەکەی لە ساڵی ١٨٨٣- ١٨٨٥ نووسیوە. بەڵام فرۆید لە ئایاري ساڵی ١٨٥٦ لەدایکبووە. نیچە لە ساڵی ١٩٠٠ کۆچی دوایی کردووە، بەڵام یازدە (١١) ساڵیش بەهۆی تێکچوونی مێشکی نەیدەتوانی بنووسێت، بەڵام فرۆید لە سێپتێمبەری ساڵی ١٩٣٩ کۆچی دوایی کردووە. واتا فرۆید نزیکەی (٤٠) ساڵ دوای مردنی نیچە بەردەوامدەبێت، ئەگەر

ئەو یازدە(١١) ساڵەش بخەینە سەر کە نیچە شێت بوو، بۆیە نەیدەتوانی هیچ بنووسێت، کەواتە فرۆید نیو سەدەی تەواو دوای نووسینەکانی نیچە بەردەوام بووە. نیچە لەماوەیەکی زوودا، توانی جێگای خۆی لەناو نووسین و بیرکردنەوەکانی ئەڵمانناووسەکان بکاتەوە. فرۆید یەکێک بوو لەو کەسانەی کە هەر زوو بۆ ڕێبازەکەی خۆی دەروونشیکاری سوودی لە نیچە وەرگرت. ئەم سوود وەرگرتنانەی لە هەندێک لەو نامانەی کە بۆ کەسانی دیکەی ناردووە باسی کردووە، بەتایبەت ئەو نامانەی کە بۆ فلایس١٨٨٨ -١٨٨٧ ناردووە. فرۆید ئەوەندە بە نیچە سەرسام بووە ، تا ئەو رادەیەی هەوڵیداوە وەکوو نیچە بفەلسەفێنێ، بەڵام دەرەقەتی نەهاتووە، بۆیە هەوڵیداوە لە رووی شیکاری دەروونییەوە سوودی لێ وەربگرێت، لەم بوارەشدا سەرکەوتوو بووە( کتێبی نیچەو فرۆید، کە لە نووسینی  پاول لۆرێنت ئاسۆن ە، بەڵگەی زیندووی ئەم کاریگەرییەی نیچە لەسەر فرۆید نیشاندەدات . بڕوانە Paul – Laurent Assoun - Freud and Nietzsche

ئەم کتێبە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٠ نووسراوەو لە ساڵی ٢٠٠٠ ئینجا بۆ سەر زمانی دیکە وەرگێڕدراوە. ئەم کتێبە کە ئێستا لەبەردەستمایە، ناوەرۆکەکەی(فەهرستەکەی) هەندێک بابەتی زۆر سەرنجراکێشی لەخۆیدا گرتووە، وەک: هەر لە لاپەڕە نۆزدەی ئەم کتێبەدا بەناوی سەرەتای

رووبەڕووبوونەوەیەک دەستپێدەکات، ئینجا دەروونزانی نیچە، دەروونزانی فرۆید. خۆشەویستی و سێکس. نەست(نا ئاگایی) و وشیاری. نەخۆشی دەمارو ئەخلاق. کولتوورو سزا...هتد ئاماژەیان پێ کراوەو تۆژینەوەی بۆیان کردووە. لەو کتێبەدایە کە فرۆید دانی بەوەدا ناوە کە نەیتوانیوە لە نیو کاتژمێر زیاتر خۆی سەرقاڵی خوێندەوە فەلسەفییەکانی نیچە بکات، چونکە نووسینەکانی زۆر وردو سەختن و خوێنەر ناتوانێ دەرەقەتیان بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرسامبوونێکی زۆری بۆ نیچە نیشانداوە، بە جۆرێک ئەگەر لەوە زیاتر پێی سەرسام ببێت، ئەوا لەناو هەڵاوسانێکی گەمژانەدا نقوم دەبێت.

فرۆید لەدایکبوی ساڵی ١٨٥٦ ە، کە بۆ یەکەمجار لەگەڵ وزەو هەڵوێستی گەنجێکی بەکالۆریۆسدا رووبەڕووی نیچە(١٨٤٤ – ١٩٠٠) بووەوە، کە تازە دەستی بە خوێندنی زانکۆ کردبوو. هەر لەو ساتەدا کە لە بازل مامۆستایەکی زانکۆ بوو (١٨٦٩ – ١٨٧٩) کە هێشتا وازی لە پیشەکەی نەهێنابوو،دواتر دەستی بە گوێگرتن لە خۆی کرد. ئیتر تا ئەوکاتەی تووشی رووخانی جەستەومێشک هات ، دەتوانین بڵێین لەو ماوەی رووخانە تراژیدییەکەی نیچەدا ، دەروونشیکاری لەلایەن فرۆیدەوە لەدایکبوو. واتا نیچە کە بەهۆی ئەو نەخۆشییە سەختەی داگیری کردبوو نەیتوانی

شیکاری دەروونی دابمەزرێنێت، فرۆید ئاراستەکەی وەرگرت و گەیاندییە ئەوسەر. بۆیە هەمیشە نیچە لە مێشکی فرۆید دا زیندوو بووە، ئەگەر چی فرۆید هەوڵیداوە کۆپی نیچە نەبێت، بەڵام سوودی زۆریشی لێی وەرگرت، کە دواتر باشتر لێی دەدوێین. ئەو کاتەی فرۆید دەستی پێکرد، واتا لە سەرەتای دەستپێکردنیدا، فەلسەفەی نیچەییزم تازە خەریکبوو لە دایکببوو، یان سەریهەڵدابوو. هەروەک چۆن لەدایکبوونی شیکاری دەروونی لەوکاتە لەگەڵ کۆتایی ژیانی نووسینی نیچە(کە لە راستیدا مردنی نیچە بوو) هاتە ئاراوە.. واتا دەتوانین ئەو راستییە بڵێین فەلسەفەی نیچە سەرسامکردنێکی گەرمی گەنجێتی فرۆید بوو.کە ئەو کاریگەرییە تا مردنی فرۆید هەر مابوو.

کاتێک نیچە وەک پرۆفیسۆری فیلۆلۆژی لە بازل دەستنیشان دەکرێت، فرۆید هێشتا دەستی بە خوێندنی پزیشکی نەکردبوو. یەکەم بیرکردنەوە ناکاتییەکان، دوای لەدایکبوونی تراژیدیا لەهەمان ساڵدا دەردەکەوێت کە فرۆیدی گەنج لە ڤیەنا دەچێتە ناو کۆلیژی پزیشکی . فرۆید هەر لەو کاتانەدا دەبێتە پزیشک کە نیچە ئەو رووداوە جەوهەرییە (ئاشکرابوونی گەڕانەوەی هەمیشەیی) ئەزموون دەکات.

کاتێک فەلسەفەی نیچە دەچێتە قۆناخی یەکلاکەرەوەی بەرهەمهێنانی خۆی ، فرۆیدیش لە هەوڵدانێکی زۆردا بوو بۆ

ئاراستەکردنی ژیانی پیشەیی خۆی . چوونی بۆ پاریس و لەوێش بینینی چارکۆت ، هاوسەردەم بوو لەگەڵ نووسینە فەلسەفییەکەی نیچە کە بەناوی زەردەشت وەهای گوت بوو، کە ترۆپکی داهێنانی نیچە بوو. لەو سەروبەندەدا بوو فرۆید بەرەو شیکاری دەروونی هەنگاوی مەزنی دەنا. کاتێکیش نیچە تووشی دارِمانی دەروونی و ئەقلی خۆی دەبێت ، فرۆید تەمەنی سی و سێ(٣٣)ساڵ دەبوو، تازە خەریکی دۆزینەوەی شوناسی خۆی بوو. کاتێک نیچە دەمرێت ئیتر تازە کتێبی (لێکدانەوەی خەونەکان) رووناکی بینیبوو. چەند ساڵێکیش دوای مردنی نیچە ئینجا یەکەم گرووپی بەناوی گرووپی شیکاری دەروونی دادەمەزرێنێت. کە ئەوکات تەمەنی فرۆید گەیشتبوو چل و شەش(٤٦) ساڵ. هەم ئەوەش نیشاندەدات، فرۆید کەوتۆتە ژێر کاریگەری نیچەو سوودی زۆری لە نیچە وەرگرتووە. چونکە نیچە لە تەمەنی لاوییەوە دەستی بە نووسینە فەلسەفییەکانی خۆی کردبوو، لە سی(٣٠) ساڵی لەسەر شۆپینهاوەرو ڤاگنەرو شتراوسی دەنووسی. کەواتە نیچە لە سی(٣٠) ساڵیدا خۆی لەناو ئاراستە فەلسەفییەکەی خۆیدا دۆزیبۆوە کە دەبێتە ساڵی ١٨٧٤ز، تا ساڵی ١٨٨٩ ش بەردەوام بووە. واتە هەموومێژووی نووسینی فەلسەفی نیچە کە لە چواردە ساڵییەوە دەستیپێکردووە(١٨٥٨) تا ساڵی (١٨٨٩) بووە.واتا لە تەمەنی چل و پێنج(٤٥) ساڵی کۆتایی بە

نووسین هێناوە، بەهۆی نەخۆشییە سەختەکەی مێشکی، کە شێتی کردبوو. لەکاتێکدا فرۆید لە تەمەنی چل (٤٠)ساڵییەوە خۆی دۆزیوەتەوە،تا تەمەنی هەشتاو سێ(٨٣)ساڵیش ژیاوە. واتا لە ساڵی کە ١٨٩٦ز دەستی بە نووسین کردووە ، کە ئەوکات نیچە نەک هەر لە مردن نزیک ببووەوە، بەڵکو تووشی رووخانێکی یەکجار سەختی دەروونی و مێشک هاتبوو، نەیدەتوانی یەک وشەش بنووسێت. بەڵام فرۆید ماوەی نزیکەی چوار(٤) دەیە، دوای مردنی نیچە لە نووسینەکانیدا بەردەوام بوو، کە تا ساڵی ١٩٣٩ بوو.

هەندێک جار فرۆید هەوڵیداوە، خۆی لە بازنەی نیچەیی بپارێزێت، یان خۆی دوور بخاتەوە، بەڵام سەرەنجام هەر هاتۆتەوە سەر ئەو هێڵە گشتییەی نیچە رەنگڕێژی کردبوو. ئەگەر چی فرۆید نەیتوانیوە هیچ دەربڕینێکی باشتر لە دەربڕینەکانی نیچە بدۆزێتەوە، بۆ تایبەتمەندکردنی پرۆسەی سەرەکی کارەکانی کە نا ئاگایی یەکگرتوو بوو.هەرچەندە سەرسامی فرۆید بۆ نیچە لە چەندین جاردا دووبارەو سێ بارە بۆتەوە. لە ساڵانی ١٨٩٤-١٨٩٧ بازنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە نیچە لە ئەڵمانیا پێکهاتبوو، وەک بازنەی بەرلین لە ساڵی ١٩٠٠ دا، کە ساڵی مردنی نیچە بوو، فرۆید لە نامەیەکیدا بۆ فلایس بە نهێنی باسی لەوە کردووە کە بۆ ئەڵمانیا هاتووە بۆ ئەوەی نیچە بباتە ئەو شوێنەی کە رەنگە لە وشەکانیدا زۆر

شت بدۆزێتەوە، کە لە ناخیدا بێدەنگ ماونەتەوە. دانیش بەوەدا دەنێ کە هێشتا کتێبەکانی بە باشی نەکردۆتەوە. واتە بەباشی نەیتوانیوە بیانخوێنێتەوە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٧-١٩١٢ کارل گۆستاڤ یۆنگ ، ئەو لاپەڕەیە هەڵدەداتەوەو بەو ئاراستەیە نیچە وەبیر خەڵک دەهێنێتەوە کە فرۆید بە فەلسەفەکەی نیچە ببەستێتەوە. بەلام دەرەقەت نەهاتنی فرۆید بۆ نیچە ، لە لایەن خودی فرۆیدەوە بە زەقی هاتۆتە بەر باس، وەک نووسیویەتی: زۆرێک لە وشەکانی نیچە لەناخی مندا بە بێدەنگی ماونەتەوە. ئەو بەبێدەنگی ماونەتەوە، مانای ئەوەیە دەرەقەتیان نەهاتووە کاری لەسەر بکات. بۆیە رەنگبێت نیچە یەکەم پێشەنگی فرۆید بووبێت .پێی زانیبێت یان نەیزانیبێت، نیچە ئەو زریان و تۆفانە بووە، کە بەردەوام فرۆیدی لەناوخۆیدا لوول داوە. راستە فرۆید شیکاری دەروونی دامەزراند، بە تەنیاش رێگای ئەو کارەی گرتە بەر، بەڵام رەشەباکەی نیچە هەمیشە لەگەڵ کارەکانی فرۆیددا هەڵیکردووە. بە واتایەکی دیکە، نیچە رێگای بۆ فرۆید خۆش کرد شیکاری دەروونی دابمەزرێنێت، ئەویش بەهۆی غەریزەو نا ئاگایی و نا ئەقڵانی و مردنی خوداو....هتد. سەرباری ئەو ژیانەی کە نیچەو شۆپینهاوەر تێیدا ژیاون، بۆ فرۆید ئیلهامبەخش بوون. بەتایبەتی بابەتی غەریزە، چونکە غەریزە بنەمای شیکاری دەروونی پێکهێناوە. بێگومان چەمکی

غەریزە کە بۆ یەکەمجار لەلایەن نیچەوە بەکارهاتووە، بۆ ساڵی ١٨٦٩ دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو وتارەی دەگەڕێتەوە کە لە بازل پێشکەشی کردووە. نیچە لەوێ فیلۆلۆژی وەک تێکەڵەیەک یان وەک کۆکراوەیەکی نا یەکسان لە غەریزە زانستی و ئەخلاقی – جوانکارییەکان لەسەرەتادا جیاواز، پاشان لە ژێر ئایینێکی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە، وەسف دەکات ، کە جۆرێک لە پاشایەتی رواڵەتی دروستدەکات. دیارە ئەوکاتە تەمەنی فرۆید تەنیا سێزدە(١٣)ساڵێک بووەو، هێشتا زۆر دوور بووە لە بوارەکانی نووسین و دەروونزانی. هەر لەم وتارەیدا، نیچە بەدواداچوونی بۆ ئەو غەریزە شەڕانگێزەیە کردووە، کە بلیمەتەکانی یۆنانی بەهایان بۆ داناوە.

لە بنەڕەتدا غەریزەی جوانناسی لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە. شێوازێکی باشتر بۆ وتنی ئەمە ئەوەیە کە سروشت بابەتی غەریزەی جوانناسییە. بەم مانایە یەکەم چەمکی نیچە لەبارەی ئیستاتیکاوە بەشێوەیەکی حاشا هەڵنەگر سروشت بووە. ئامانجی کتێبە گرنگەکەی نیچە کە بە ناوی لەدایکبوونی تراژیدیایە، ئەوەیە بچێتە ناو ئەو باسەی کە ئەم غەریزە جوانکاریانەی سروشت لەنێو یۆنانییەکاندا پەرەیان سەندووە.بەمشێوەیە ئەپۆلۆو دیۆنیسۆس هێمای دوو چارەنووسی جیاوازن بەڵام لە یەک سەرچاوە سەریانهەڵداوە، کە جگە لە خودی سروشت هیچی دیکە نییە. (گۆرانی شاعیر

گوتەنی: وەلێ کۆچی ژیان کۆچێکی پڕ سیحرو ئەفسوونە ، لەیەک سەرچاوە دوو قەترە: یەکێ لێڵە یەکێ روونە)ئەو ململانێیەی نێوان غەریزەی ئەپۆلۆنی و دیۆنیسی ، کولتووری یۆنانی  پێکدەهێنن.

ئەم بابەتی نزیکبوونەوەی فرۆید لە نیچە، شتێک نییە ئەمڕۆ هاتبێتە بەر باس، بەڵکو  ماوەی یەک سەدە زیاترە، واتە ئەوکاتەی فرۆید لە لوتکەدا بوو بۆ شیکاری دەروونی، چەندین لێکۆڵینەوەی ورد بۆ نزیکبوونەوەی فرۆید لە نیچە هاتوونەتە بەر لێکۆڵینەوەو، کاریگەرییەکانی نیچە بۆ سەر فرۆید شیکراونەتەوە. سەرسامبوونی فرۆید بە نیچە گەیشتۆتە ئەو رادەیەی فرۆید لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا کە (لێکدانەوەی خەونەکان)ە،هەروەها لە کتێبی (لەودیو بنەماکانی چێژ)، ئەمە جگە لە چەندین نامەی خۆیدا کە بۆ دۆست و هاوفکرەکانی خۆی نووسیوە، ئاماژەی بۆ ناوی نیچە کردووە، کە سەرچاوەیەکی گرنگی شیکاری دەروونییە. بۆیە فرۆید بێئەوەی پێی زانیبێت ، زۆر جار خۆی لەژێر سێبەرەکەی نیچەدا بینیوەتەوە. نیچە رەخنەیەکی جەوهەری دەورووژێنێت کاتێک دەڵێت: بە مێژوو، خووی نوێ، غەریزەی نوێ ، سروشتی نوێ، دەچێنین.

شیکاری دەروونی فرۆید و هەروەها دەروونزانییەکەی نیچە، هەردووکیان پێکەوە، دەیانەوێ بگەنە خاڵی

وەرچەرخانەکە ، کە ئەویش غەریزەیە. ئەمەش پێگەیەکی پتەوو بەهێزی ناو زانستی دەروونی و شیکاری دەروونییە. دەروونزانیش لە بچووکترین مانایدا بە واتای ڕەچەڵەکناسی دێت. ئەم زاراوەیە (شیکاری دەروونی) بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٩٦ بۆ ناسینەوەی پرۆژەی لێکۆڵینەوە لە کارەکانی فرۆیدی ناسێندرا. کە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە جێگەی دەروونی یان دەروونی وەک زاراوەی شیکاری گرتەوە. هەروەها فرۆید لە ساڵی ١٩٠٥ لە کتێبی سێ وتار لەبارەی تیۆری سێکسییەوە، غەریزەی وەک چەمکێکی هۆکارناسی ناساندووە. لای نیچەش غەریزە لەسەرچاوەی زاوزێوە سەرچاوەی گرتووە.

ئیرادەی نیچە بۆ دەسەڵات لە دەرەوەی بنەمای بەختەوەرییە. هەروەها خواستی مردن لای فرۆید لە دەرەوەی بنەماکانی چێژە. نیچە خۆی لە دژی شەیتانکردنی ئیرۆس لەلایەن مەسیحییەوەتەوە دادەنێت. بەڵام کە نیچە ئاگاداری دەبێتەوە، بۆ جیاکردنەوەی ئیرۆس لە زاوزێکردن، تا ئەو شوێنە دەڕوات کە دەڵێت: غەریزەی سێکسی هیچ پەیوەندییەکی پێویستی بە زاوزێکردنەوە نییە، نە لە مەبەستدا ، نە وەک دەرئەنجامێکی پێویست. تەنیا مەسیحییەت بە ناڕەزایی بنەڕەتییەوە بەرانبەر بە ژیان سێکس دەکاتە شتێکی ناپاک. لەکاتێکدا بۆ یۆنانییەکان هێمای سێکس لە خۆیدا

هێمایەک بوو نیشانەی ڕێزلێگرتن بوو. مانای ناوەکی قووڵی ڕاستەقینەی هەموو تەقوایەکی کۆن بوو، نهێنییەکانی سێکس بۆ یۆنانییەکان ئەرکی سروش و ئیلهامێکی بتپەرستانەیان لە گەڕانەوەی هەمیشەیی ژیاندا گرتبوو.

فرۆید بە دوای شێوازێکی دەربڕیندا دەگەڕا کە بە قووڵی پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە نیچە پێی دەنووسی، بەڵام لە ڕاستیدا فرۆید دەرەقەتی ئەو شێوازە تاقەتپڕووکێنەرەی نیچە نەهات، ناچار بەبێدەنگی لەناخی فرۆید خۆیدا مایەوە. هەرچەندە کاتێک بەراوردێکی نێوان بەرهەمەکانی نیچەو فرۆید دەکەین، دەبینین لە چەمکی غەریزەدا خاڵێکی سروشتی جیابوونەوەکەیان خۆی دەبینێتەوە. واتا دەتوانرێت فەلسەفەی نیچە بە شێوەیەکی ڕستەیی وەک یەکێک لە غەریزەکان وەربگیرێت، لەکاتێکدا خودی بنچینەی دەروونشیکاری فرۆید پێکدەهێنێت. فرۆیدو نیچە هەردووکیان خۆیان بە کیمیازان دەزانن، بەڵام کیمیاکارێک کە مامەڵە لەگەڵ مادە تەقینەوەکاندا دەکەن. گوێگرتن لە دەنگدانەوەی نیچە لە ڕاگەیاندنەکانی فرۆیدا ڕەنگڕێژ کراون کە دووبارەبوونەوەی مەجازی بیرۆکەی نیچەیە. شیکاری دەروونی دەزانێت کە لەگەڵ بەهێزترین تەقینەوەی وشەکاندا کار دەکات، ئەو وشانەی هەمیشە گڵپەیان لێوە هەڵدەستێت. بۆیە دەروونشیکار دەبێت بە هەمان وریایی و هەمان ویژدانی کیمیاکارەکە کار بکات.

سەبارەت بە فرۆید ، ئەگەر شارستانییەت و نارەزاییەکانی، تەنیا لە درەنگانی ژیانی پیشەیی خۆیدا نووسرابێت، ئەوە مانای وایە فرۆید هەر لە سەرەتاوە تووشی کێشەی کولتوور هاتووە. لەو کاتەوە بۆی دەرکەوتووە. بۆیە کێشەی دەمارگیری وەک ململانێ لەگەڵ ئەو بەهایانەی شارستانییەت دامەزراندووە. کێشەی کولتوور بۆ نیچەو بۆ فرۆید رەنگدانەوەی چەقی کێشەکانە، واتا کێشەیەکی ناوەندییە. لەم روانگەوە کولتوور مانایەکی سروشتی بەخشی هەیە. بۆیە نیچەو فرۆید هەردووکیان لە رووی نەخۆشییەوە لە شارستانییەت نزیکتر دەبنەوە. شارستانییەتیش نەک هەر ناخۆشە، بەڵکو نەخۆشییەکە وەک بەربەستێکی درێژخایەن لەبەردەم تێربوونی غەریزەکاندا سەرهەڵدەدات. بۆ فرۆید کولتوور لەسەر بنەمای پێداویستییەکی مادی بۆ پاراستن و رێکخستنەوەی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دامەزراوە. بەهۆی ئەم پێداویستییانەوە بەنرخترین بەرهەمەکانی کولتوور گەشەیان پێدەدرێت، وەک هونەرو ئایین و فەلسەفەو زانست. بەڵام بۆ نیچە، کولتوور هەر لە سەرەتاوە بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی بە تیۆری فۆرمەکانی باڵای ئەقڵەوە هەیە، کولتوور وەک یەکێک لە سێ دیاریکەرەکانی مێژووی گشتگیر شانبەشانی ئایین و دەوڵەت دەردەکەوێت.

فرۆیدو نیچە، لەناو یەک بازنەدا دەخولێنەوە، بەڵام فرۆید هەوڵیداوە خۆی لەو ئاراستە فەلسەفییە قووڵەی نیچە بپارێزێت و رێچکەیەکی دیکە بۆ خۆی بدۆزێتەوە. هەرچەندە لەو خولانەوەیاندا بە دوای زەمینەیەکی هاوبەشدا سەرگەردانن . بەڵام فرۆید دوای ئەوەی بەتەواوی لەژێر سێبەری نیچەدایە بەتایبەت لە هەردوو بواری (غەریزەو ئەخلاق)دا، بۆیە فرۆید لە ساڵی ١٩٠٨ دا، رایگەیاندووە کە ئەو کارە فەلسەفییەکانی نیچە نازانێت. لەکاتێکدا ساڵی ١٩٠٨ کە هەشت(٨) ساڵ دوای مردنی نیچەیە، مەحاڵ بووە فرۆید کارەکانی نیچەی نەخوێندبێتەوە. چونکە نیچە ئەوکاتە لە لوتکەدا بوو.

نیچە بەشێوەیەکی زۆر تۆکمە لەناو ئەو فەیلەسوفانە دانراوە، کە فرۆید وەک جەمسەرەکانی ئاماژەیەکی پێشبینیکراو بۆ دۆزینەوەکانی خۆی ئاماژەی پێکردووەو سوودی لێ وەرگرتووە. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین گریمان فرۆید نووسینە قووڵەکانی نیچەی نەخوێندۆتەوەو لێکۆڵینەوەیشی لەسەر نووسینەکانی نیچە نەکردووە، ئەمە ئەگەر وای دابنێین، بۆمان روونەدەبێتەوە کە فرۆید نەیتوانیوە لێکۆڵینەوە لە نیچە بکات، چونکە دەرەقەتی نووسینە قووڵەکانی نیچە نەهاتووە. وەک خۆیشی چەند جارێک وتوویەتی هەرگیز نەیتوانیوە نیو لاپەڕە زیاتر لە خوێندنەوەی نووسینەکانی نیچە بەردەوام بێت. بۆیە بە ناچاری لە ساڵی ١٩١٤ نووسیویەتی:

من ئەو چێژوەرگرتنە گەورەیەم لە خۆم بێبەش کردووە کە خوێندنەوەی نیچە دەیهێنێت.

سەیرکەن، لەکاتی دامەزراندنی شیکاری دەروونی، فرۆید باسی نیچەی نەکردووە کە تەنیا فەیلەسووفێکە لەناو فەیلەسوفەکانی دیکە، بەڵکو دەستنیشانکردنی نیچە لای فرۆید رێزگرتنێکی یەکجار سەرسوڕهێنەر بووە. ئەگەر بڵێین ئەو پلەو ئاستە بەرزەی نیچە لەلایەن فرۆیدەوە وەدەستیهێناوە، هیچ کەسی دیکە پێش ئەو وەدەستی نەهێنابوو. ئاخر نیچە پێش ئەوەی فرۆید بناسێت، یان دێڕێک لە نووسینەکانی فرۆیدی خوێندبێتەوە، بابەتی ژینالۆژیای ئەخلاق و رەچەڵەک و غەریزەو مردنی خوداو... هتد راگەیاندووە. گەورەیی نیچە لەوەدابوو، ئەو مەیلە ئیفلیجییەی خۆی خستە خزمەت فیکرو زانستەوە.

ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخا فرۆید سەبارەت بە نیچە کەوتۆتە نێو نیگەرانییەکی قووڵەوە. دانیشی بەوەدا ناوە، زەفەر بە نووسینە قووڵەکانی نابات و لە نیو لاپەڕە زیاتر نەیتوانیوە لە خوێندنەوەی بەردەوام بێت. جا بە هەر هۆکارێک بێت نەیویستووە ببێتە کۆپی نیچە، ئەگەرچی نیچە لای فرۆید زۆر باڵا بووە. چونکە کەم نین ئەو لێکۆڵەرەوانەی پێیانوایە نیچە بەرلەوەی فەیلەسوف بێت، ئەخلاقناس بووە. ئەمەش رێک ناوەرۆکی شیکاری دەروونییەکەی فرۆید پێکدەهێنێت.

ڕەنگە بەشێک لە لێکۆڵەرەوانی دنیا خوێندنەوەیەکی فەلسەفییان بۆ نیچە نەبێت یان نەیانکردبێت، بەڵام مەشق و ڕاهێنانێکیان بۆ زانستی نەخۆشییەکان هەیە، کە نیچە چۆتە ناوی. دەقە فەلسەفییەکەشی بۆ خزمەتکردنی ئەو زانستی نەخۆشییەیە. کەواتە لە ڕێگای زانستی نەخۆشییەکانەوە کە نیچە هەڵیداوەتەوە، لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی نەخۆشی دایکی هەر فەلسەفییەک دەخاتە ژێر پرسیارەوە یان بەرهەمهێنانی هونەری. ئا لێرەدایە کەم نین ئەو لێکۆڵەرەوانەی ناڕەزایی ئەوەیان دەربڕیوە کە بەهای نیچە وایکردووە شیکاری دەروونی قەرداری بیرۆکەکانی نیچە بێت. بێگومان لەولایشەوە لێکۆڵەری دیکە هەن کە نیچە بە مۆدێلێکی چەواشەکاری بۆماوەیی دادەنێن کە نیشانەکانی هیستریا لە دۆخی سەرئێشەی خۆیدا دەبینێتەوە.

ئەلفرێد ئادلەر، بەر لە هەموو زاناو فەیلەسوف و پزیشکانی شیکاری دەروونی، بە بڕوایەکی پۆڵایینەوە ڕایگەیاند کە لەنێو هەموو ئەو فەیلەسووفە گرنگانەی شتێکیان بۆ ئێمە وەسیەت کردووەو بۆتە میراتێک، پێش هەموو کەس، نیچەیە. چونکە نیچە لە شێوازی بیرکردنەوەمان نزیکترینە. ئەمە مانای ئەوەیە فەیلەسوف بوونەوەرێکی زۆر ئاڵۆزە لە تەکنیکی نووسین و بیرکردنەوەی، تەکنیکی نووسینی بە شتێکی تەواو جیاوازەوە بە سروشت بەستراوەتەوە.

نیچە کاتێک باسی لە ئیرادەی دەسەڵات کردووە، لە بەرانبەر ئاواتی مردن بووە. چونکە لای نیچە هەر کەسێک ئاوات بۆ دەسەڵات بخوازێت، واتا هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات بدات، کەسێکی بێ توانایەو هەڵەیەک دەکات، کە هەرگیز لێخۆشبوونی نییە. چونکە دەسەڵات پابەندت دەکات بە کۆمەڵێک پێوەری ناسروشتی و نا ئەخلاقی، کە لە بەهاکانی مرۆڤ رووتت دەکاتەوە.

بیرکردنەوەی نیچە سەبارەت بە مردنی خوا ،تەنیا کۆتاییهێنان نەبوو بە میتافیزیکا، بەڵکو فرۆید هات ئەم بابەتەی بە قازانجی بیرۆکەکەی خۆی هەڵگێڕایەوەو کردی بە مردنی باوک. لێرە فرۆید لە شیکارە دەروونییەکەی ئەوە دەهێنێتە ئاراوە، کە خودای کەسیی لە رووی دەروونییەوە جگە لە باوکێکی شکۆمەند هیچی دیکە نییە. ئا لێرەدایە فرۆید هەر چەندی بیەوێ خۆی لە نیچە دوور بخاتەوە، ئەنجام هەر دەکەوێتەوە ناو گەردەلوول و رەشەبایەکەی نیچە. راستە ئەخلاق و دەسەڵات لای نیچە بە جۆرێک باسکراوەو ، لای فرۆیدیش بە جۆرێکی دیکەیە. بەڵام فرۆیدو نیچە نیشانەی ئەخلاقی بنیادنانەوەی نزیکایەتییەکان و قووڵبوونەوەی جیاوازییەکانن، کە دیمەنێکی ئاڵۆزیان پێکهێناوە.

فرۆید سەرسوڕهێنەرترین داوای لێبوردنی نا ئاگایانە دەکات بۆ دەستبەرداربوون لە پاڵنەرەکان، ئەزموونی نا ئاگا

دیدگایەکمان  سەبارەت بە پەیوەندی رەوشت بۆ والا دەکات کە هیچ کەسێک لە شیکارکار باشتر نییە بۆ پێوانەکردنی ناسکی هەستی چاکەکاری لە بابەتی مرۆڤدا. هەستکردن بە تاوانباری، نەیدەتوانی ببێتە هۆی وازهێنان لە پاڵنەرەکان. سەرەتا وازهێنان لە پاڵنەرەکان وازهێنانێکی ئەخلاقی پێکدەهێنێت.  مرۆڤ لە هەر شوێنێکەوە دەست پێبکات، ئیتر کۆتایی بە ئەنترۆپۆلۆژیا دەهێنێت.

لەو شوێنانەی کە فرۆید هەوڵیداوە تاک تێکەڵ بە کۆمەڵ بکاتەوە بەو روانینەی ئازادی فراوان بکات، نیچە خەباتێکی دیکەی پێچەوانەی کردبوو، ئەویش ئازادبوونی تاک بوو لە کۆمەڵگا. ئەمەش دوو سیستەمی ئەخلاقی تەواو جیاوازە، ئەگەر دژ بە یەکیش نەبووبن. بەڵام فرۆید سوودی لە نیچە وەرگرت و، هەڵیگێڕایەوە، واتا بەرەواژی کردەوە.

لە روانگەی مارکسەوە، دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی پارادۆکسی فرۆید بە دروستی چارەسەری دارشتووە بەڵام دەستنیشانکردنەکەی تێکداوە. لە کاتێکدا نیچە کێشەی راستەقینەی دەستنیشانکردووە، بەڵام ئەویش چارەسەرێکی نەپارێزراوی بەکارهێناوە. بێگومان مارکس لەبەرانبەر ئەو دوو داهێنەرە گەورەیە وەستاوەتەوە. راستە مارکس هەوڵیدا دیالەکتیک لە چەواشەکارییەکانی هیگڵ(وەک مارکس وا دەڵێت) رزگار بکات. بابەتەکە ئەوەیە  نیچەو فرۆید  رەخنەی زۆریان

له هەر سیستەمێکی فەلسەفی دەگرت کە لە ڕێگای میتۆدی دیالەکتیکییەوە بناد نرابێت، بەڵام ئایا فرۆیدو نیچە توانیان تیۆرێکی نا دیالەکتیکی بخەنە روو؟ بەڵێ ، چونکە لەو شوێنەی مارکس پێیوایە وشیاربوون لە دەسەڵاتی کرێکاری زیندوودایە، کە لە ئەنجامدا لە ڕێگای دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریاوە گۆڕانکاری بۆ شارستانییەت بە دوای خۆیدا دەهێنێت، نە فرۆید و نە نیچە گۆڕانکارییەکی لەوشێوەیە لە پەیکەری کۆمەڵایەتی بنەڕەتیدا گریمانە ناکەن. فرۆید هەرگیز لە پرسیارکردن نەوەستاوە کە ئایا قازانجی هەر کۆمەڵگایەک  شایانی ئەو قوربانیدانەیە کە تاکە کەس دەیخوازێت(نەخشەکانی فێر دەبن لە ناو کۆمەڵگادا بژین). لە کاتێکدا نیچە ئەو ئۆرستۆکراتەیە کە کۆمەڵگای تێپەڕاندووەو بەبێ ئەوەی کۆمەڵگاش پێکبهێنێتەوە(دروستیبکاتەوە)، فێر دەبێت ئیتر کاتی ئەوە هاتووە مرۆڤ بەبێ کۆمەڵگا بژی.

## فرۆید و ماکس ڤیبەر

فرۆید لە رووی میزاج و روانینە ئەخلاقییەکان و ئاراستکردنی گشتی بۆ جیهان تا رادەیەکی زۆر لە ماکس ڤیبەر نزیک بوو، واتا نزیکی فرۆید لە ماکس ڤیبەر لە پێش هەموو کۆمەڵناسانی دیکە بووە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەردووکیان لە شێوازی ژیانیاندا کۆنەپەرست بوون. تا رادەیەکی زۆرو بێ ئەندازە خۆپەرست و خۆ ویست بوون. هەردووکیشیان رۆشنبیری عەلمانی بوون کە هەوڵیان دەدا لە ماناو گرنگی نەریتە ئایینییە جۆراوجۆرەکان تێبگەن، کە بە بڕوای ئەوان چیتر رۆڵێکی بنەڕەتییان لە داڕشتنی ژیانی خەڵکدا نییە. هەردووکیان لە ئەگەرەکانی خۆباشترکردنی مرۆڤ رەشبین بوون . هەردووکیان گومانیان لە بزووتنەوەکان هەبوو کە ئەگەری راستەقینەی داهاتوویەکی بنچینەیی جیاوازیان راگەیاندبوو.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هەردووکیان لە رووی بەرژەوەندییەکی بەهێزەوە بە جیهانی کۆن و لە مێژووی شارستانیەتدا، پاشخانێکی هاوبەشی مەعریفیان هەبوو، کە سەرچاوەو رەگ و ریشەی ئەو مەعریفەیە لە پەروەردەیەکی کلاسیکی ئەڵمانیدا هەبوو. جگە لەوەش ماکس ڤیبەر خۆی

تووشی تێکچوونی دەروونی ببوو، ڕەنگە هەر ئەوەش بێت بتوانین گریمانە بکەین تێڕوانینێکی کەسیی  بۆ دابین کرد کە ڕەنگە ئەوی بۆ کارەکانی فرۆید ڕاکێشابێت. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین هیچ بەرژەوەنییەکیان بۆ نووسینەکانی یەکتری نەبووە.

ماکس ڤیبەر بیرکردنەوەکەی خۆی لەسەر خەمی پرۆسەی ئەقڵانیکردن بونیاد نابوو. لە کاتێکدا فرۆید بە هەمانشێوە سەرقاڵی هەوڵەکان بوو بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی پێکهاتنی ئیگۆ وەک هێزی ئەقڵانیکردنی وشیاری. هەردووکیان لە ڕادە بەدەر حەزیان لە هێزە نا ئەقڵانی و تەنانەت نا ئەقڵانییەکان یان بەهاکان بوو، بەڵام  ئەوەی هەردووکیان بیریان لێی دەکردەوە کردەوەی ئەقڵانی بوو کە دەتوانێت خۆی لەبەرانبەر ئەو هێزە نا ئەقڵانیانەدا پێناسە بکات. ڕەنگە زەمینەی گشتی ڕوانگەی کۆمەڵناسی ڤیبەر بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی وەک پرۆسەیەکی بەردەوامی ئەقڵانیکردن لەبەرچاو بگیرێت. ئەمە وەک مێژووی بە ئەقڵانیکردن. لەکاتێکدا بەناوبانگترین بەرهەمی ڤێبەر بریتییە لە ئەخلاقی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری. کە دەتوانرێت وەک شیکردنەوەیەکی ئاڵۆز بۆ ئەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییە بخوێنرێتەوە کە لە ڕێگایەوە بەئەقڵانیکردن بەشێوەیەکی دانەبڕاو بە گەشەسەندنی مۆدێرنێتەوە بەستراوەتەوە.  ماکس

ڤێبەر دەڵێت: لە کۆمەڵگای رۆژئاوادا، ئایین رۆڵێکی سەرەکی لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیدا گێڕاوە. بەتایبەت کە پێیوایە ئەو پرۆسە مێژووییە گەورەیەی کە لە گەشەسەندنی ئایینەکاندا هەبووە خاڵێکی گرنگ بەدی دەکرێت، ئەویش نەهێشتنی سیحر بووە لە جیهاندا ، کە لە پێغەمبەرە کۆنەکانی عیبری دەستی پێکردووەو بە هاوبەشی لەگەڵ بیری زانستی و فەلسەفی هێلینیزمدا برەویان پێ دراوە. ئەویش رەتکردنەوەی هەموو ئامرازە سیحراوییەکانی رزگاری وەک خورافات و گوناه بوو، چونکە لۆژیک هاتە پێشەوە.

## فرۆیدو مۆدێرنێتە

کاتێک فرۆید وەک قوتابییەک دەیویست لە بارەی دەروونەوە، خۆی پێ بگەیەنێت، مۆدێرنە سەریهەڵدابوو، هیگڵ و مارکس و نیچەو ...هتدهەر یەکەو قوتابخانەیەکی فیکرییان بۆ مۆدێرنێتە دروستکردبوو. فرۆید سەرەتا حەزی بە شیکردنەوەو لێکدانەوەی خەون هەبوو. ئا لێرەدا بوو فرۆید رەگ و ریشەی مۆدێرنێتەی دۆزییەوە. بەڵام خەریکی بەستنەوەی فیکری خۆی بوو بە مۆدێرنێتەوە، ئەویش ئەوەبوو هەندێک لە نەریتەکانی ناو کۆمەڵگای رۆژئاوای هێنایەوە ناو لێکۆڵینەوەکانی. بۆیە دەقەکانی فرۆید تا رادەیەک لە

چوارچێوەی نەریتە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکاندا دەخوێنرێنەوە. چونکە مۆدێرنێتە (خەون)ی لە فۆرمەکانی گوتاری ئەقڵانی دوور خستبۆوە، بە جۆرێک خەون لە ژیاندا کشاوەو لە خۆیدا راخراوەو لە رووی هێرمێنتیکەوە دەستنەکەوتووە. فرۆید هات جارێکی دیکە گرێی خەونەکانی کردەوەوبەسەر رووی ژیانی بەئاگادا بڵاویکردەوە.ئیتر خەون بەبێ ماندوو بوون خۆی خلیسکاندەوە بۆ بوون .

ئەزموونی مۆدێرنێتە بەشێوەیەکی ئاسایی، ئەزموونی بۆشاییەکی بێ گرژی نییە. نەهێلیزمی قەفەزی ئاسن، واتای نەهێشتنی بەهای کۆتاییەکانە لەژیانی کۆمەڵایەتیدا. بەڵام مەرج نییە بە هەموو جۆرەکانی ئەزموونەوە، هەموو بەها نا ئەقڵانییەکان، بە سیاسی و جوانناسی و ئیرۆتیک و فیکرو ئایینیشەوە، گرنگییەکی تەواو ناوەکی بۆ ژیانی تاک وەربگرن.

تا سەدەی حەڤدە، رۆشنگەری ئەگەری سەرسورهێنەری نوێی تایبەت  بە بابەتیبوون و ئازادی فیکریی بە ناو بیرکردنەوەی ئەوروپادا هێنابوو. بۆ یەکەمجار بوو، مرۆڤ توانای ئەو بیرکردنەوەیەی بۆ دروستبوو کە وەک ئەوەی هەیە چیدی خۆی ملکەچی ئیلاهیات نەکات. واتا هێزی دەرەوە کە میتافیزیکا بوو، رۆڵ و کاریگەری بەسەر دیوی ناوەوەی مرۆڤ سنووردار کرا. واتا مرۆڤ ئیتر وەک بوونەوەرێکی کاراو چالاک لەناو جیهانی یاساکانی میتافیزیک و فیزیک

حوکمی خۆی دەکرد، کە دەیتوانی بە زاراوەی بیرکاری و بە ئەنجامە پێشبینیکراوەکان دەربب‌ڕێت. ئەگەر روونتر بدوێین، مرۆڤ ئیدی توانای ئەوەی بۆ دروستبوو  کە بیر لە ئەگەری کۆنترۆڵکردنی چارەنووس و ژینگەکەی خۆی بکاتەوە، بەبێ هیچ سنووردارکردنێکی پێشوەختەی ئیلاهی.  دیکارت هەرچەندە بە ترسەوە دەینووسی، چونکە ئەوەی خۆی لەدیوی ناوەوەی خۆیدا بیری لێ دەکردەوە، ئەوە نەبوو کە لەنێو کتێبەکانیدا دەینووسی، نووسینەکانی تا رادەیەک لاستیکی و تەم و مژاوی بوون،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیگوت، ناسینی مرۆڤ رێگا بە مرۆڤ دەدات خۆی لە سروشت جیا بکاتەوە، بە بێ ئەوەی بڕیارێکی پێشوەختەی بەسەردا بسەپێنرێت.

فرۆید رێبازی شیکاری دەروونی  داهێنا، بەڵام چ لە سەردەمی تەمەنی پیریی فرۆیدو، چ دوای کۆچی دوایی فرۆید، کەم نین ئەوانەی لە هەموو لایەکەوە ئەو زانستەیان گەشەپێداو بردیانە قۆناخ و ئاستێکی زۆر بەرز. ئێستا فرۆید لە زۆر بواری دیکە کاریگەریی هەیە، هەر لە زانستی بایۆلۆژی و، لێکۆڵینەوە لە ژیاننامەی  تاک و تا دەگاتە بابەتی دەروونی و تەنانەت ئەدەبیش. راستە کاریگەریی بۆ سەر کۆمەڵناسی  تا رادەیەک کەمە، بەڵام ئەوانەی تیۆرو دیدگای خۆیان لەسەر فرۆید بونیاد نا، بەلای کۆمەڵناسیشدا شکاندوویانەتەوەو، تێگەیشتنی نوێیان بۆ کۆمەڵایەتی هەبووە.

به داخەوە، هەموو پرسە گرنگەکانی فرۆید لە چوارچێوەی چێژ و کەبتی سێکسییەوە دەبینرێت، لەکاتێکدا لێکدانەوەی فرۆید کە بریتی بووە لە ژیانی رۆژانەی تاک ، ئەو لێکدانەوەیە بۆ خۆی دەڕژێتە نێو کۆمەڵایەتییەوە. بەرهەمە تیۆرییەکانی فرۆیدو مێژووی ئەو هەموو کەیسەی کە فرۆید ئیشی لەسەر کردوون، بەڵگەیەکی روونن بۆ راستی ئەو بۆچوونەی من. بە واتایەکی دیکە لە نووسینەکانی فرۆید دا ژیانی ئەو کەسانەی کە باسی لێوە کردوون، رێگایەکی پێچاوپێچە، واتا چەند رێگایەک پەیڕەوی لێدەکەین، کە ناتوانین لێی بوەستین یان خۆمانی لێ بە دوور بخەینەوە، چونکە لە راستیدا وەک بینینی دیمەنێکە، کە پڕ بێت لە باخچەی جیاواز.

لە دیدگایەکی نوێوە، بەشداریکردنی جەوهەریی فرۆید لە تێگەیشتنێکی نوێ بۆ مۆدێرنێتە، لەسەر رۆڵی جەستەو وێنەی جەستە چڕ بۆتەوە. شیکاری دەروونی بە پلەی یەکەم رێگایەکە بۆ خوێندنەوەی جەستە وەک دەق، بۆ تێگەیشتن لە جەستەو زمانی جەستە ، بەهۆی ئەم دەقانە ئاشناییەکی نزیکترو زانستیترمان بۆ فەراهەم دەکات. ئەمە لە کاتێکدا گەشەی فیکری کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، بە دوژمنایەتی خەونەکان سەیر دەکرێت. چونکە هەر خودی مۆدێرنێتە لەسەر بنچینەی کۆمەڵێک دژایەتی یەکلاکەرەوە دامەزراوە. واتا مۆدێرنە لە رواڵەتدا پشتگیری دۆزی بابەتی و واقیعی دەکات،

له بەرانبەر نا بابەتی و نا ئەقڵانی و وەهمدا. واتا مۆدێرنە بە حساب رزگارکردنی ئەقڵ بوو لە وەهم و خورافیات و کاری نا ئەقڵانی، بۆنموونە کاتێک دەیانگوت، خەون تەنیا بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤەکە خۆیەتی و هیچی دیکە نییە.

رووداوەکانی شەڕ، قەیرانی ئابووری، نەخۆشی، وەهم و خورافات، مردن،....هتد، بەردەوامبوونی حەسرەتێکی بێ باکانەن بۆ بەختەوەری، ئیدیعای ئەوەی کە کۆمەڵگای مۆدێرن بە ئاگا هاتۆتەوە، لە خەوێکی قووڵی زۆر قورستر بوو.

نووسینی بابەتی شیکاری دەروونی فرۆید، وەسفێکی هەستیارانە لە تایبەتمەندییە ناوەندییەکانی ئەزموونی ژیان لەکۆمەڵگای پێشکەوتووی مۆدێرن پێکدەهێنێت. هەرچەندە تێگەیشتنی خۆی لە شارستانیەت ژیانی پیشەیی و ژیانی تایبەتی خۆی لەسەر گریمانە بێ پرسیارەکانی لیبرالیزمی بۆرژوازی کلاسیک مۆدێل کردبوو، بەتایبەت لە رێگای نووسینە جوانەکانی پێش کۆمەڵناسییەکانی فەلسەفەی ئەڵمانی دەربڕدرا. بەڵام فرۆید هێنایە ژیانەوە، لە نەخۆشی و خەونەکاندا، هەموو ئەو شێواندنانەی ئیگۆ کە نیشانەی ستایلەکانی ژیان بوون، ئەو دڵنیاییەی جێهێشتبوو.

## فرۆیدو جولەکایەتیبوونەکەی

ڕێبازەکەی فرۆید بە ئاراستەی جۆراوجۆرو بە هۆکاری جۆراوجۆر ڕەخنەی جیاوازی لێکەوتەوە. زانایان لەوە تێگەیشتبوون کە فرۆید شیکارە دەروونییەکەی لەسەر بنەمای حیکایەتەکان و ئەو تیۆرە داهێنەرانەوە دروستکردووە کە پێش سەردەمەکەی و لەسەردەمەکەی ئەودا هەبوون. چونکە فرۆید چاودێرێکی وردو لێهاتوو بوو بۆ سەرجەم ئەو کارانەی کە هەبوون. بەڵام ئەو شێوازە زانستییەیشی نەگرتە بەر کە تاقیکردنەوە لەژێر بارودۆخی کۆنترۆلکراودا لەخۆ دەگرێت. واتا فرۆید جولەکە بوو هەر بۆیەش کەوتە ژێر ئەو قسە زلانەی کە هاوڕێی دژە جوولەکەیی لە هەموو ئاستەکاندا بەبڵاوی کۆمەڵگای ئەوروپی مەسیحی بوو. هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، فرۆید کە نەیتوانی شیکاری دەروونی بەشێوەیەکی یاسایی بۆ ئاستی زانست بەرزبکاتەوە ، هات لە بری ئەوە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی سەبارەت بە ئایین گرتە بەر، کە بە ڕواڵەت وەک هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ سەر شیکاری دەروونی سەیری دەکرد.

لە کتێبی ئایندەی وەهمێک هەوڵیداوە، ئایین وەک خورافات و وەک شێواندنێکی منداڵانە لە واقیع ڕوونیبکاتەوە. هەروەها

له کتێبی تەوتەم و تابۆ و کتێبی موساو یەکتاپەرستی دوو پەیامی سەرەکی خۆیەتی سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئایین، بیرۆکەی باوک لەگەڵ بیرۆکەی خودا تێکەڵ کردووە. وا رێککەوت نزیکترین هاورێ و کەسانی متمانەپێکراوی فرۆید کە لە زۆر حالەتدا بوونە نەوەی یەکەمی دەروونشیکاری، بە کردەوە هەموویان جوولەکە بوون. فرۆید لە نامەیەکدا بۆ کارل ئەبراهام نووسیویەتی: دەتوانم بڵێم ئەوە سیفەتی خزمە جوولەکەکانی ئێمەیە کە من بۆ لای تۆ رادەکێشێت؟ ئێمە لە یەکتری تێدەگەین. ئینجا دەڵێت، لەبیرتان نەچێت بە راستی بۆ ئێوە ئاسانترە لەوەی کارل گۆستاف یۆنگ شوێن بیرۆکەکانی من بکەوێت. چونکە لە پلەی یەکەمدا تۆ بە تەواوی سەربەخۆیت، دواتر بەهۆی خزمایەتی رەگەزییەوە لە دەستووری فیکریی منەوە نزکتر دەبیتەوە. لەکاتێکدا کارل یۆنگ مەسیحییەو کوڕی قەشەیەکەو لە بەرانبەر بەرەنگارییە ناوەکییە گەورەکاندا رێگای خۆی بۆ لای من دەدۆزێتەوە.

فرۆید پێداگری بەردەوامی لەسەر پووچەڵکردنەوەی نەریتە ئایینییە جوولەکەکان دەکرد، بەڵام روون بوو پەیوەندی جیانەبووەیشی لەگەڵ هاوجووەکانی هەبوو. ئەو پەیوەندییەی فرۆید کە ئەرێنی بوو، بۆ بواری پەروەردە یان بیروباوەڕی ئایینی نەدەگەڕایەوە، بەڵکو بۆ خزمایەتی و یادەوەرییە بۆ ماوەییە خراپ سەپێنراوەکان دەگەڕایەوە.

## فرۆید و  یۆنگ

فرۆید بە باشی مەیلی بە ئەقڵ و خوێنگەرمی یۆنگ بۆ شیکاری دەروونی هەبوو. فرۆید

بەهۆی نیگەرانییە درێژخایەنەکانی سەبارەت بە ئایندەی شیکاری دەروونی، پێشنیاری کرد کە یۆنگ و هاوکارە مەسیحییە سویسرییەکانی بچنە ناو ئەندامێتی جولەکەکانی کۆمەڵەی دەروونی شیکاری نێودەوڵەتی. یۆنگ بۆ چەند ساڵێک پۆستی سەرکردایەتی لەو کۆمەڵەیەدا وەرگرتبوو، کە وەک میراتگری فرۆید سەیر دەکرا.

فرۆید بە داننان بە گرنگی ئەفسانەی ئۆدیب لە لێکۆڵینەوە تیۆرەکانی خۆی لە دەروونداو هاوکارەکانی هاندەدا بۆ گەڕان بەدوای بواری ئەفسانە. یۆنگ دەستی بە گەڕانێکی باش لە ئەفسانەی بەراوردکاریدا کرد ، ئەمەش ئیلهامبەخش بوو بۆ ئەوەی بیرۆکەی رۆمانسی سەبارەت بە پێکهاتەی نائاگا لەبەرچاو بگیرێت. یۆنگ هەڵوێستەکانی فرۆیدی رەتکردەوە کە نائاگایی بە پلەی یەکەم شوێنی پاڵنەرە سێکسییە توخمییەکان و ناوەرۆکە دەروونییە سەرکوتکراوەکانەو، دەمارەکان بەبێ گۆڕان دەرئەنجامی ململانێکانی ئۆدیبەکانن. بەڵکو گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەروون ئەندامێکی ئەفسانەییەو تاک بێ ئەوەی بزانێت گۆڕانکارییەکانی ژمارەیەکی سنووورداری مۆتیڤە

ئەفسانەییە کۆنەکان دەژین. کاتێک یۆنگ پێداگری لەسەر بەرگریکردن لە بیروبۆچوونەکانی خۆی دەکرد، پەیوەندی نێوان ئەو دوو پیاوە ئاڵۆزتر بوو. ساڵی ١٩١٢ بەشێوەیەکی دوژمنکارانە لە یەکدی جیابوونەوە، بەهۆی ئەوەی یۆنگ بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە شێوازی تاکڕەوانەی فرۆید و چارەسەرنەکراوی فرۆید و یاخیبوونی هەرزەکارانەی فرۆید لە باوک، هۆکاری جیابوونەوەکانیانن. بەڵام دوای پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ فرۆید، یۆنگ تووشی خەمۆکییەکی توند بوو. ئیتر هەندێک بە نەخۆشی داهێنەرانەو هەندێکی دیکەش بە نەخۆشی  شیزۆفرینیا ناویاندەبرد. تا وای لێهات یۆنگ لە ساڵانی دواییدا دانی بەوە نا کە بە دەمانچەیەکەوە لەژێر بالیفەکەیدا نوستووەو بیری لە خۆ کوشتن کردۆتەوە.

به کورتی مۆدێلی دەروونی یۆنگ ئەزموونی بوو کە لەسەر بنەمای خەیاڵ بونیادنرابوو، بە پێچەوانەی مۆدێلی فرۆید کە ئەپستراکت و بە  پلەی یەکەم میتۆدی بوو. ئەگەر فرۆید گومانی دڵسۆزی یۆنگ ی  بۆ شیکاری دەروونی هەبووبێت، ئەوە بووە کە یۆنگ مەسیحی بووە، ئەمەش نیگەرانییەکانی بەو لێدوانانە پشتڕاست دەکرایەوە کە یۆنگ لە ساڵانی سەردەمی هەژموونی نازیزمدا سەبارەت بە جوولەکەکان دەیکرد. لەکاتی شەڕدا یۆنگ پێگەیەکی گرنگی سیاسی لە کۆمەڵگای دەروونی ئەڵمانیدا پێدرابوو کە نازییەکان ئەوکات

زاڵ بوون. چەندین بابەتیشی نووسی کە دەبێت وەک دژە جووڵەکە لێکبدرێنەوە.

لە ڕاستیدا دابەشبوونی فرۆید - یۆنگ پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردتر و زیاتر هەیە. چونکە لە مێژووی چارەسەری دەروونیدا گرنگترین و قووڵترین دابەشبوونەو، لە دەوریدا کۆمەڵێک بیرۆکەش سەبارەت بە دەروون و بوونی مرۆڤ و هەروەها سەبارەت بە خودی چارەسەرکردن کۆدەبنەوە.

فرۆید و یۆنگ دوو باوکی ڕاستەقینەی دامەزرێنەری چارەسەری دەروونی مۆدێرنن. سەرسامی یەکدی و ئینجا ڕەتکردنەوەو هەڵگەڕانەوە لە یەکدی یەکێک لە تەوەرە مەرگەساتئامێزە گەورەکانی بیری مۆدێرن پێکدەهێنێت. بەڵام دەشتوانین وایدابنێین کە دابەشبوونی نێوان ئەم دوو باوکە وەک پێویست بۆ پەرەپێدانی هەردوو کۆمەڵە بیرۆکەکە سەیر بکرێت. جگە لەوەش هەر بە تەبیعەت دوای جەنگ، چارەسەری دەروونی چەندین بزووتنەوەی بەرەو یەکگرتنەوەو ئاشتەوایی لەنێوان هەردوو باڵەکەدا بەخۆیەوە بینیوە. هەر بۆ نموونە: قوتابخانەی لەندەنی شیکاری یۆنگی زۆربەی بیرۆکەکانی فرۆیدیان لەگەڵ هی یۆنگ گرێداوەو کردوویانە بە یەک.

له راستیدا پردێکی گەورە لە نێوان فرۆیدو یۆنگدا دروستبووە. ئەمڕۆ بە شێوازو بە ئاراستەی جیاواز دەقۆزرێنەوە. بەڵام ئێمە با لە جیاوازییەکانیانەوە دەستپێبکەین. لە سەرەتای پەیوەندی نێوانیان یۆنگ بۆ فرۆیدی نووسیوە کە شیکاری دەروونی پێویستی بە (دەروونسینتێزی – دروستکردنی دەروونی – التخلیق النفسی)هەیە. چونکە یۆنگ نەخۆشی دەمار وەک دیاردەیەکی پێشبینیکراو دەبینێت. لەکاتێکدا فرۆید زیاتر خەمی رەگەکانی نەخۆشی دەمار له رابردوودا بوو.

فرۆید زیاتر واقیعی و پراکتیکییە، یۆنگ زیاتر میتافیزیکی و رۆحییە.بۆ سەلماندنی ئەم بەراوردە، خەونێک بە نموونە دەهێنینەوە: نەخۆشێک خەونێکی سەیرو تا رادەیەک جوانیشی بینی، لەو خەونەیدا بۆ مەککە چووە(موسڵمانیش نییە!) کاتێک دەگاتە مەککە رێگای خۆی بۆ ئەو بەردە رەشە گەورەیەی کە لەناوەڕاستی شوێنەکەدایە گرتۆتەبەر. ئیتر لەگەڵ ئەو جەماوەرە زۆرە بەشداری لە سوڕانەوە بە دەوری ئەو بەردەدا کرد. فرۆید و فرۆیدییەکانیش پێشنیاریان کرد کە بەردی رەش نوێنەرایەتی دایکی نەخۆشەکە دەکات. یان تەنانەت مەمک یان گۆی مەمکەکەی .بەڵام، چەرەسەرکەرانی یۆنگ دەڵێن نوێنەرایەتی خود دەکات، کە هەموو شتێک بە دەوریدا دەخولێتەوە. بێگومان هەردوو لێکدانەوەکە راستەو، کارێکی

بێ مانا دەبێت ئەگەر پێمانوابێت لێکدانەوەی ئەمیان لە ئەویتریان باشترە. بەڵام روونە کە فرۆید  بۆ وێنەی خەون و لێکدانەوەکانی بەدوای رەگێکی کۆنکریتی و واقیعی و جەستەیی و سێکسیدا دەگەڕێت، بەڵام یۆنگ کەمتر بە زەوی بەستراوەتەوەو  ئەمجۆرە وێنەسازییانە وەک ئاشکراکردنی ئاواتەکانی رۆح دەبینێت.  رەنگە خوێنەر بڵێت  لای یۆنگ چارەسەرکردن کاری رۆحە، بەڵام لای فرۆید کاری ئیگۆیە. ئەمەش دوو هەڵوێستی تەواو جیاوازە لە بەرانبەر بە نا ئاگایی(نەست- اللاشعور). فرۆید وەک شتێکی کۆرپەیی و ئەگەری مەترسیدار دەیبینێت، بەڵام یۆنگ وەک شتێکی نا کۆرپەیی، سەرچاوەی داهێنان شوێنی رۆح و هەروەها ئەگەری مەترسیدار دەیبینێت. لەکاتێکدا بۆ فرۆید نا ئاگا ئارەزووە سەرکوتکراوەکانی لە کۆرپەییەوە لەخۆ دەگرێت. بۆ یۆنگ ئارەزووەکانی تاکگەرایی لەخۆ دەگرێت کە دەمانباتەوە بۆ گەورەیی راستەقینە. لێرەوە چارەسەری فرۆیدی زۆر زیاتر پاشەکشەیی و واقیعیترو کۆنکریتتر دەبێت لە بەرانبەر چارەسەری یۆنگدا.

فرۆید پێیوایە زۆرێک لە نەخۆشییە دەمارگیرییە مۆدێرنەکان لە هەوڵە ناتەواوەکانمانەوە سەرچاوە دەگرن و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە داواکارییە غەریزەییە سەرەتاییانە کە شارستانێتی مۆدێرن بە گشتی دوژمنایەتیان

لەگەڵیدا کردووە، لای یۆنگ دەروون ئەندامێکی زۆر خۆدیارکەرترە. پرۆسەی تایبەت بە خۆی هەیەو بەپێی پێویستی جەستە دیاری ناکرێت. بەڵکو یۆنگ پێویستی بە (تاکبوون- التفرد) واتا بەدیهێنانی خودی تاک هەیە کە وەک هێزی بزوێنەری سەرەکی لە دەروونیدا دەبینێت. لە یەکێک لە نامەکانی یۆنگ دا، جیاوازی نێوان هەردوو لایەنەکە زۆر بە وردی باسدەکات. یۆنگ باسی بەکارهێنانی زاراوەی (کۆمەڵەی پسپۆرییەکان) دەکات کە چەمکێکی سەرەکییە لە فرۆید دا. رەنگە بڵێین فرۆید بە توندی لەسەر زەوی وەستاوەو تا ئەو رادەیەی کە وەک رەنگدانەوەی(یان شێواندنی) ئارەزووە زەمینییەکان دەیبینێت. گرنگی بە بەهەشت دەدات ، لە کاتێکدا یۆنگ بوونی ئاسمان و زەوی پێکەوە پەسندو قبوڵ کردووەو بە پەیوەندی نێوان هەردووکیشیان سەرسامە. بە شێوەیەکی ئاسانتر دەڵێین، فرۆید ئاوڕی لە سەرچاوەی نەخۆشییە دەمارەکان داوەتەوە، بەڵام یۆنگ سەیری ئەو ئەرکە ژیانەی کردووە کە نەخۆشە دەمارییەکان نیشانەیانە. فرۆید پرۆژەیەکی پینەکردنە بە ئاراستەی چاککردنەوەو نوێکردنەوە. ئەرکی فرۆید بریتییە لە وەبیرهێنانەوە. بەڵام ئەرکی یۆنگ دۆزینەوەی پاڵنەرەکانە بۆ بەدیهێنانی تاک . سەرەتا ئەم جیاکارییەدەرئەنجامە زۆر راستەوخۆکانی بۆ چارەسەرکردنی دەروونی هەبوو، لەکاتێکدا شیکاری و چارەسەری فرۆیدی

لەسەر لایەنەکانی گەشەکردنی کۆرپە بوو.  شیکاری یۆنگی کەمتر لەو خەمەدا بوو. بەهەمانشێوە فرۆیدییەکان بەشێوەیەکی نەریتی زیاتر خەمی پەیوەندی نێوان چارەسەرکەرو نەخۆش بوون وەک نموونەیەکی سەرەکی مەیلە دەمارگیرییەکانی نەخۆش. لە کاتێکدا یۆنگییەکان زیاتر خەمی ژیانی خەیاڵی نەخۆش بوون، بەتایبەت لە شێوەی خەون و خەیاڵ و کاری داهێنەرانەدا، بەڵام ئەم جیاکاری و جیاوازییانە لە حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە گەشەیان کرد، بەتایبەت لە قوتابخانەی دەروونناسی یۆنگی  لەندەن  کە دەروونزانی گەشەی خستە ناو تیۆرەکەیەوە.

بە کورتی  لای فرۆید رابردوو بنیادنانی کەسییە کە ئەمرۆمانی لەچوارچێوە گرتووە. لای یۆنگ  نموونەیەکی رەسەن بریتییە پەیکەری کۆمەڵییە نەک تاکەکەسی کە چارەنووسی خۆمان دیاریدەکات. لێرەدا جیاکارییەکان تەواو بەرچاون، هەردووکیان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئێمە لەلایەن نا ئاگاکانەوە دەژین، بەڵام  بۆ فرۆید نائاگایی کەسییە، کەچی بۆ یۆنگ نائاگایی کۆمەڵییە. رەنگە تاک و بە کۆمەڵ (دەستەجەمعی) چەمکی نائاگایی بە کۆمەڵ یەکێک لە ناسراوترین تایبەتمەندییەکانی دەروونناسی یۆنگ بێت کە سیفەتێکی زۆر جیاکەرەوەی لە فرۆید بۆ خۆی مسۆگەر کردووە. لای فرۆید پەیوەندی نزیکی سێکسی(تابۆی ئینزیکس)

بەربەستێکە لە بەرانبەر ئارەزووی راستەقینەی نێوان دایک و باوک و منداڵ، بەم مانایە پەیوەندی نزیکی سێکسی واقیعێکی کۆنکرێتییە کە هەمیشە خۆی لە دژی حەرامکراوەکاندا گوشار دەخاتە سەر. بەڵام لای یۆنگ تەوەری پەیوەندی نزیکی سێکسی تەوەرێکی زۆر ئەفسانەییە، وەک لە نامەیەکیدا بۆ فرۆید نووسیویەتی: بە بۆچوونی من ناتوانرێت بەربەستی پەیوەندی نزیکی سێکسی بە بچووککردنەوە بۆ ئەگەری پەیوەندی راستەقینە زیاتر روون نەکرێتەوە لەوەی کە پەرستنی ئاژەڵان روون بکرێتەوە بە رێگای کەمکردنەوەی بۆ ئاژەڵداری راستەقینە.

یەکێک لە ئەرکەکانی فرۆید بریتییە لە بچووککردنەوەی ئەمجۆرە دیاردانە بۆ بنەما ئەقلییەکان، بەتایبەتی ئەزموونی کۆرپەیی. بۆ نموونە: مرۆڤ دەتوانێت هەست بە چێژەکەی بکات کاتێک یۆنگ ئاگادار دەکاتەوە کە کێشەی ئەو ئەفسانە زۆرانەی دوانەکانی لە کولتوورە جیاوازەکاندا دەبینرێن چارەسەرکردووە، کە لە سکی دایکیدا پەیوەندی بە منداڵدانەوە هەیە. بەم واتایە بێت، دەگەینە ئەو راستییەی بڵێین دەروونزانی یۆنگ لە دەروونزانییەکەی فرۆید کەمتر کەمکەرەوە نییە، بەڵام رێکخستنی خۆی بە دەروون دەبەخشێت، لەکاتێکدا فرۆید مەیلی ئەوەی هەیە کە پێکهاتەی دەروونی وەک دەرکەوتنی پاڵنەرە غەرەزییەکان بێت. یۆنگ خەریک بوو ئەمەی پێچەوانە

دەکردەوە، وەک خۆی دەینووسی: غەریزە لە نموونە رەسەنەکەوە دەڕژێت. بۆیە دەتوانین بڵێین یۆنگ لە یەک کاتدا هەم رۆمانسی و هەم ئایدیالیست بوو. لەکاتێکدا فرۆید ماتریالیستێکی رۆمانتیکی بوو. رەنگە ئەم تیشک خستنە سەر ئەم هەڵوێستە تیۆرییانە هەندێکجار وەک مادەی خام وابن، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە جیاوازییەکی چارەنوسسساز لەنێوان هەردووکیاندا هەبووە.

پەیوەندی نێوان فرۆیدو یۆنگ تا دەهات زیاتر لێک دوور دەکەوتنەوە، فرۆید لە نامەیەکیدا لەساڵی ١٩٠٨ دا کە بۆ یەکێک لە خوێندکارە یەکەمەکانی (کارل ئەبراهام)ە نیگەرانی خۆی بۆی دەربڕیوە کە شیکاری دەروونی وەک کارێکی نیشتمانی تەنیا لەنێو جوولەکەکاندا دەمینێتەوە. ئەگەر چی فرۆید دەیویست یۆنگ بکاتە میراتگری خۆی. بەڵام یۆنگ دوای جیابوونەوەی لەگەڵ یۆنگ دەیگوت شیکاری دەروونی رەنگدانەوەی نا ئاگایی تایبەت بە جوولەکەیە. ساڵی ١٩٢٨ لە تێبینی ژێرەوەی دوو وتاریدا کە لەسەر شیکاری دەروونی نووسیبووی هاتووە: هەڵەیەکی تەواوە، لێخۆشبوونی بۆ نییە کە دەرئەنجامەکانی دەروونزانێکی جوولەکە بەگشتی بکرێت و پەسندیش بکرێت. لەم ناکۆکی و پێکدادانەی نێوان فرۆید و یۆنگدا، ململانێی کولتووری و سیاسی زۆر فراوانتری نێوان گشتگیری و تایبەتمەندی لەژێر پەردەی ناکۆکییەکی زانستیدا

سەبارەت بە سروشتی نا ئاگا بەڕێوە دەبردرا. چونکە فرۆیدیش نەک هەر ئینکاری جوولەکە بوونی خۆی نەدەکرد، بەڵکو بەشداری لە سەرهەڵدانی شوناسێکی جوولەکەیەکی مۆدێرن ی دەکرد. کە خۆی لە ریزی ئەنشتاین و فرانس بۆواس(دامەزرێنەری ئەنترۆپۆلۆژیای ئەمریکی)و یەهودا ماگنێس(یەکێک لە دامەزرێنەران و یەکەم سەرۆکی زانکۆی عیبری قودس)و ئێرنست کاسیرو هانا ئارێنت و مارکس ....هتد دادەنا.

دەروونشیکار هاینز کۆ هۆت (١٩١٣ - ١٩٨١)پێشنیاری کردبوو کە نابێت رێگا بدرێت میتۆدی خوێندن لە پەیمانگای شیکاری دەروونی شیکاگۆ، یۆنگ لەخۆ بگرێت.تا ئەمڕۆش کۆمەڵگای شیکاری نیوفرۆیدی کە زۆرینەیان جوولەکەن، گومانیان لە یۆنگ و دەروونناسییەکەی هەیە. لەولایشەوە دەروونناسە نیو یۆنگییەکان بەهەمانشێوە زۆرجار دژایەتی بیرۆکەکانی فرۆید دەکەن. یۆنگ ئاماژەی بەوە دەدا کە شیکاری دەروونی لەنێو رۆمانە کلاسیکەکاندا بەناوبانگ نییە، چونکە ئەوان کۆشکی دانپێدانانیان وەک رێگایەکی سەرەکی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی ململانێ دەروونییەکان بەکاردەهێنا. یۆنگ زۆرجار ئامۆژگاری نەخۆشە کاسۆلیکەکانی دەکرد کە بەدوای خزمەتکردنی قەشەیەکدا بگەڕێن.

به گشتی شیکاری دەروونی فرۆید بزووتنەوەیەکی چاکسازی بوو. ئامانجەکەی بە عەلمانیکردنی کۆمەڵگا بوو، هەم لە بیرۆکە ئایینییەکان و هەم لە سەرکوتکردنی سێکسی سەردەمی ڤیکتۆریا رزگاری بوو.

مەسیحییەت رەگ و ریشەی لە عیرفاندا هەیە. بەڵام کاتێک لەهەندێک باردا بێهیوا دەبێت، بۆنموونە هەرگیز مەترسی لەسەر ئایینی مەسیحی دروست نەکرد دوای ئەوەی بوو بە ئایینی ئیمپراتۆریای رۆم لە سەدەی چوارەمی زایینی.

**فرۆید و نەست(نا ئاگا)**

پێویستە ئەوەش ئاشکرا بکەین کە فرۆید نەست(نا ئاگایی)ی نەدۆزییەوە، چونکە ئەم زاراوەیە لە سەدەی هەژدە لەلایەن شیلینگەوە داهێنراوەو مێژووەکەی لەلایەن ئێلنبێرگەرەوە بەدوایدا هاتووە. دوای ئەوە فرۆید هات چەندین نموونەی لە چالاکییەکانی ئەقڵی نائاگایی دەستنیشانکرد. وەک خەون ، خەوالوویی، قسەکردن و ...هتد.

فرۆید نائاگایی(نەست) ی بەهۆی بەربەستێکی خەیاڵی بەرگرییەکانی ئیگۆی وەک بەشێک لە وشیاری جیا دەکردەوە. لەناو ئابووری دەروونیدا، نا ئاگایی فرۆیدی خزمەتی بە دوو

ئەرک کردوە، یەکەمیان: سەرچاوەی پاڵنەرە غەریزەییەکان بوو. دووەمیشیان کۆگایەک بوو بۆ بیرۆکەو کاریگەرییە سەرکوتکراوەکان(کەبت). فرۆید لەژێر کاریگەری داروینیدا بوو کە مرۆڤی لە ناوەرۆکدا وەک ئاژەڵێک سەیر دەکردو بە پلەی یەک پاڵنەری خۆپاراستن و چێژ وەرگرتن بوو. نا ئاگا (نەست) یان ئید وەکوو گەدەیەکی بێ کەسایەتی غەریزە کوڵاوەکان پێشبینی دەکرا، کە لە کات و فەزاو تێگەیشتن وەک خواوەندی بێ ئاگا وا بوو. لە مۆدێلی فرۆیددا، نا ئاگایی وەک کۆگایەک بۆ بیرۆکە سەرکوتکراوەکان کاریدەکردو کاریگەرییەکان کە ئەگەری هەیە وشیاری تێکبدەن. ئەم چەقۆ دەروونییە تووشی سەرکوتکردن و گەڕانەوەی بۆ وشیاری ئامانجێکی سەرەکی چارەسەری دەروونی شیکاری بووە. ئەوەی جێگای وتنە ئەوەیە، فرۆید هیچ رۆڵێکی کاریگەری بۆ چارەسەرکردنی نائاگایی نەبینی، کە پێدەچێت ئەو رۆڵ نەبینینە رەنگدانەوەی دیدگای نەرێنی فرۆید بێت بۆ خودا. لەکاتێکدا یۆنگ هاوشێوەی عیرفانییە جوولەکەکان، رەوتی دوو لایەنەی زانیاری و هاوسەنگی تەواکاری لەنێوان وشیاری و نا ئاگاییدا پێشبینی کردبوو. یۆنگ گریمانەی ئەوەی کردبوو کە دوو سیستەمی دەروونی سەرقاڵی داینامیکی هۆمۆستاتیکن، کە نا ئاگا لە ژێرەوە کاری خۆی دەکات یان تەواوکاری پێگەی نەرێنی خۆی دەسەپێنێت. یۆنگ تا رادەیەکی زۆر پشتی بە

وشیاری بەستبوو، لە ئەنجامدا کاریگەرییەکانی نا ئاگایی بێ بەها کردبوو. ئەم نا هاوسەنگییەش بوو  کە هۆکاری سەرهەڵدانی دەمارەکانی مۆدێرن بوو. شیکاری دەروونی وەک دەنگێکی دانەبڕاوی  ناو مۆدێرنێتەیە ، یان دەنگێکی بەرزی ناو مۆدێرنێتەیە. بەڵام وەک فرۆید خۆیشی دانی بەوە ناوە کە شیکاری دەروونی لەسەر لێکدانەوەی خەونەکان دامەزراوە.

مرۆڤ ناتوانێت ئینکاری ئەوە بکات کە لاکان فرۆیدی پێچەوانە نەکردۆتەوە، بەڵکو تەنیا هەندێک لە دەرئەنجامە لۆژیکییەکان لە پلانی فرۆید دەردەهێنێت. بەشێوەیەکی روونتر بڵێین،  لاکان رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی بینی لەوەی جەختی لەسەر زمان و ئارەزوو نەبوونی کردەوەو، توانی شیکاری دەروونی سەردەمی مۆدێرنێتە بگوازێتەوە بۆ سەردەمی پۆستمۆدێرنێتە. واتا لاکان فریای فرۆید کەوت و تیۆرەکەی درێژە پێدا.

لە راستیدا فرۆید دەڵێت کە پیاوی سەردەمی پێش مێژوو لە نا ئاگایی ئێمەدا بەبێ گۆڕانکاری لە ژیاندا دەمێنێتەوە. رەنگە ئەم بۆچوونەی فرۆید لە کاریکاتێر نزیکمان بکاتەوە، کە بۆچوونێکی رەشبینانەی بەمشێوەیەی خوارەوەی هەیە: نا ئاگا پڕە لە ئارەزووی سێکسی، توڕەیی و وێرانکردن، ئیرەیی و ...هتد.  بێگومان ئەم بۆچوونە رەشبینانەیە، چونکە فرۆید ئەم

هەموو بەڵگانەشی پشتگوێ خستووە  کە نا ئاگا هەستی خۆشەویستی، بەزەیی ، پەیوەندی بە سروشت، کراوەیی رۆحی و...هتد لەخۆی دەگرێت. بۆ فرۆید ئەمجۆرە هەستانە، ئامانجێکی سنوردارە، واتا وەرگیراون لە هەستە سێکسییە لادەرەکان. دەکرێت  ئەم بۆچوونەی فرۆید بەمشێوەیەی خوارەوەش لێکبدرێتەوە: فرۆید خۆشەویستی لە سێکسەوە وەردەگرێت، بەڵام زۆرێک لە چارەسەرەکانی مۆدێرن سێکس وەک هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی خۆشەویستی دەبینن. سەرکوتکردن چەمکێکی سەرەکی و بنەڕەتی بیرکردنەوەی فرۆیدە. چونکە لە رێگای سەرکوتکردنەوەوە نا ئاگایی دروستدەبێت.جگە لەوەش زۆر پرۆسەی دەروونی دیکە لە هێڵی بنەڕەتی سەرکوتکردنەوە دەڕژێن. بەمشێوەیە ئەو بەرگرییانەی کە نەخۆش لە کاتی چارەسەرکردنی نیشانیدەدات، بەرگریکردنە لە هەبوونی مادەی سەرکوتکراو کە خراوەتە روو. بێگومان سەرکوتکردنیش دەبێتە هۆی ململانێیەکی بنەڕەتی لە دەروون یان مرۆڤدا.

وەحی سەرەتایی بۆ ئایینی مەسیحی تەورات نییە. بەڵکو جەستەبوون و زیندووبوونەوەی عیسا مەسیحە کە جێگای یاساش دەگرێتەوە. بۆیە  لەکاتی ئینجیلی عیبریدا هیچ کتێبێکی دیکەی پرۆز نەبوو.

یۆنگ هەوڵیدا جیاوازی نێوان ڕێبازەکەی بۆ شیکاری دەروونی و ڕێبازەکانی فرۆید و ئادلەر روونبکاتەوە ئەویش بە پێشنیارکردنی ئەوەی جۆرە کەسییە جیاوازەکان بەرپرسیارن. یۆنگ بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە جەختکردنەوەی فرۆید لەسەر سێکسوالیەت و ئادلەر لە سەر داینامیکی دەسەڵات جیاوازە لە گرنگیدانی خۆی لەسەر لایەنە رۆحییەکانی دەروون و، ئەمەشی بۆ ئەو ئەرکە جیاوازانەی ئیگۆ گەڕاندەوە کە بەسەر کەسایەتییەکاندا زاڵن. بەڵام کاتێک لەم روانگەیەوە سەیر دەکرێت، هەڵوێستی یۆنگ لەبنەڕەتدا هەر هەمان ئەو هەڵوێستەیە کە بە شێوەیەکی نەریتی کڵێسا لە گاڵتەپێکردن بە جوولەکەگەراییدا وەریگرتووە.

فرۆید و ئادلەر کە هەردووکیان جوولەکەی عەلمانی بوون لە ڤیەنا، بە پلەی یەکەم زیاتر سەرنجیان لەسەر جیهانی مادی بوو نەک جیهانی رۆحی. ئەمەی دووەمیان گرنگی و تایبەتمەندییەکی سەرەکییان بۆ ئایینی مەسیحی و یۆنگ هەبوو. لە بنەڕەتدا ئەقڵی عەلمانی ، لە بەها ئایینییەکاندا جێگیر بووە. بۆیە لە ئێستادا زەحمەتە بتوانین بزانین کە نا ئاگایی عەلمانی مۆدێرن چۆن دادەڕێژرێتەوە؟.

یۆنگ مامۆستای ڕێبازی رەمزییەولە ناسینەوەی ئەوەی کە بە دوایدا دەگەڕێت ئاسانکاری کردووە. بەڵگەیەکی سەرنجڕاکێشە بۆ داهێنەریی یۆنگ کە توانیویەتی لە دەقە

کیمیاییە کۆنەکان نزیک ببێتەوەو مانایەکی رۆمانتیکیانەیان تێدا بدۆزێتەوە. بەڵام لە بنەڕەتیشدا ڕێبازەکەی هەمان شێوازی باوکی کڵێسایە کە کتێبی پیرۆزی عیبرییان لە دەرەوەی چوارچێوە دەخوێندەوە بۆئەوەی ئاماژەکان بۆ مەسیح بدۆزنەوە.

### فرۆیدو خەون

خەونبینین بریتییە لە چوونە ناو جیهانێکی دیکە.نەک ئەزموونی بەشێکی دیاریکراوی بەئاگایی کە واقیعێکی تاکە کەسیی بێت. بۆیە خەون هەمیشە بەرهەمهێکی روون نییەو لێکدانەوەی جیاوازیشی بۆ دەکرێت. دەتوانین بڵێین خەون تەنیا جیاکردنەوەی واقیع نییە لە وەهم، بەڵکو بابەتێکە وەک بڵێی دوو بوونەوەر لە دوو کایەی جیاوازدان.

فرۆید لە ساڵی ١٩٠٠ دەرگایەکی گەورەی زانستی بەرووی خەوندا کردەوە. دۆزینەوەی فرۆید لە مۆدێلێکی ئەقڵییەوە گەشەی کرد کە لەسەر بنەمای چەمکی وزەی دەروونی لە پشت ئارەزووی مرۆڤەوە بوو. ئەمەش رەگ و ریشەی لە تەمەنی کۆرپەییەوە هەیەو دەبێت تێر بێت. بەمشێوەیە بیرکردنەوەی فرۆید تەواوی ئەو سیستەمە کۆنەی سەرچاوەکانی خەونی هەڵوەشاندەوە کە لەمێژووی کۆنی

یۆنانی و فەلەکناسانی خەونەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و تەنانەت سەردەمی ڕێنیسانسیشدا هەبوو. تا ئەو سەردەمە بیرۆکەی خەون لەلایەن خواوەندەکانەوە یان لە ڕێگای هێزە سەروو سرووشتییەکانەوە بۆ مرۆڤ دەنێردرا، بەتایبەت لەناو میسری و یۆنانی و ڕۆمییەکاندا لێکدانەوەیەکی ئاسمانییان بۆیدەکرد، کە دوورو نزیک پەیوەندی بە مرۆڤەکەوە نەبوو کە خەونەکەی دەبینی. کۆنترین کتێب کە لەبارەی خەونەکانەوە نووسرابێت، بۆ دوو هەزار(٢٠٠٠) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، کاتێک تووشی نەخۆشی یان نەزۆکی دەبوون، دەچوونە ئەو شوێنانەی کە لەشێوەی پەرستگادا بوون، بۆئەوەی یارمەتییان بدات خەونی مانادار ببینن. تەنانەت ڕەنگدانەوەی ئەم چەمکە لە خەونی پێغەمبەرەکانیشەوە هەبووە، بۆنموونە، لە کتێبی پیرۆزدا (تەورات) دووبارە دەردەکەوێتەوە، کاتێک یوسف خەونەکانی فیرعەونی بە دروستی لێکدەداتەوە. فرۆید ئەو جێگرەوەیەی پێشکەشکردو ڕوونیکردەوە کە خەون لە خودی ئەو مرۆڤەوە دێت کە خەونەکەی بینیوە، بەڵام لە ئەقلێکی نا ئاگاییەوە واتە لە نەستەوەیە، هیچ پەیوەندی بە خوداو ئاسمانەوە نییە. بەڵکو لە خودی مرۆڤەکەوە سەرچاوەی گرتووە. فرۆید بەو پێشنیارەی کە خەونەکان بەشێوەیەکی سروشتی لە ناوەوەی مرۆڤ سەرهەڵدەدەن، ڕەهەندێکی لۆژیکی ئەنترۆپۆلۆژی

پێبەخشیوین، ئەمەش ڕێگایەکی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی والآ کردەوە. فرۆید پێیوابوو خەون، وەک دیمەنێکی سەرەتایی، خۆراکی ڕاستەقینەی ئەقڵە، شتێک کە بەراستی پێویستی پێیەتی. فرۆید پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە خەون دەتوانێت دیمەنی ئاڵۆزتر لە شانۆ نمایش بکات، چونکە خەون دەتوانێت چەندین ڕووداو بەیەکەوە گرێبدات و لەیەک کاتیشدا پێشکەشیان بکات.

یەک خاڵی هاوبەش بۆ هەموو خەونەکان هەیە، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ لەکاتی خەونبینیندا خەوتووە. خەون بە ڕواڵەت ژیانی دەروونییە لەکاتی خەودا. مرۆڤ دەتوانێت بە هۆی خەونبینینێک بە ئاگا بێتەوە.

ئەگەر بپرسین خەوتن چییە؟ لە ڕاستیدا خەوتن کێشەیەکی فیزیۆلۆژی یان بایۆلۆژییە کە هێشتا گفتوگۆی زۆری لەسەرە. خەون دیاردەیەکی جەستەیی نییە، بەڵکو دەروونییە. ئەگەر خەون دیاردەیەکی جەستەیی بێت، ئەوا پەیوەندی تەنیا بەو کەسەوە هەیە کە خەونەکەی بینیوە.

خەون لای فرۆید تۆژینەوەیەکی کەیس ی تاکەکانە، نەک تەنیا لە داهێنانی تیۆری نا ئاگا، بەڵکو بەگشتی لە دەروونندا دەتوانرێت لێکبدرێتەوە ئەمەش دەیگەیەنێتە دەستی ڕاگەیاندن و خوێندنەوە. فرۆید لە پشکنینی خەونەکانی دەروونزانەکان

و سیستەمی بیروباوەڕی سەرەتایی و خەونەکاندا، ئەو ڕێگایانە ئاشکرا دەکات کە مێشکمان سەرلێشێواوییەکی بنەڕەتی لەنێوان واقیع و خەیاڵدا دروستدەکات بۆ ئەوەی لەناخۆشی دوور بکەوینەوە. فرۆید تێگەیشتنی خۆی لە دەروونی خەونەکان بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی گریمانەی ئەوە بکات کۆرپە خەون بە ئامانجی ئارەزووەکانییەوە دەبینێت. بۆیە یەکێک لە بازدانە گەورەکەی فرۆید لە بیرکردنەوەیدا ئەوەیە، لێکچوون لەنێوان خەونبینین و دەروون و کۆرپەدا دروستبکات.

خەون و وەهمەکان وشیارن، بەڵام دەتوانرێت لە ڕێگای سەرکوت(کبت)ەوە،بێهۆش بکرێن. بەو پێیەی ئێمە زۆر کەم بیرەوەری لە پێنج ساڵی یەکەمی ژیانمان دەهێڵینەوە، ئێمە تەنیا ئەزموونی کۆرپەیی خۆمان لە ڕێگای بنیاتنانەوەیەکی هێمادارەوە دەزانین کە زیاتر لە نوێنەرایەتی و زانیاری چیرۆکەکانی کەسانی دیکە دروستکراوە. فرۆید پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی سێکسییەتی مرۆڤ ئەوەیە کە زانیاری بەدەستهاتوو لە تەمەنی بالقبووندا بۆ دووبارە لێکدانەوەی ئەزموونە سێکسییەکانی رابردوو بەکاردەهێنرێت. دواکەوتنی تەمەنی بالقبوون ڕوودانی پرۆسەی سەرەتایی دوای مردن دەکاتە مومکین.

خەون زاراوەیەکی گشتگیرەو تەواوکەری واقیعی خۆیەتی. واتا هەم جیهانێکی جیاوازەو هەمیش جیهانێکی تایبەت بە خۆیەتی.بەڵام خەونبینین هەرگیز ڕێگایەک نییە بۆ ئەزموونکردنی جیهانێکی دیکە. خەوتن نەک خەون جیهانێکە لەناو بێ ئاگاییدایە، زۆرجاریش تەمتومانێک بە خەونەکانمانەوەیە، ناتوانین ڕوونیبکەینەوە. خەونبینین و خەوتن لەنێوان بە ئاگابوون و بێ ئاگاییدایە. واقیعی کۆمەڵایەتی کە بریتییە لە بەهاو کولتووری کۆمەڵایەتی و ئەوان جۆری  خەون و خەونبینین پێکدەهێنن، بەزەحمەت پێچەوانە دەبنەوە. تەنیا لەگەڵ گەشەسەندنی واقیعەکەدا جۆری خەونبینینەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. نووسینەکانی فرۆید بەپێی تێگەیشتنی نوێ لە واقیعی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی سەدەی بیستەم هاتوونەتە بەرهەم. کاریگەرییەکانیشی لە ئێستادا زۆر بەربڵاون، بە زەحمەت هەمووی دەبینرێن. بۆیە شایانی ئەوەیە بە گوتاری مۆدێرنانە و دیار لەسەر کارەکتەری خەونبینەکانی بنووسین.

لێکدانەوەی خەون تیشک دەخاتە سەر کارەکتەری ئەقلی ، وەک وێنە. کاتێک خەون وەک نموونەی دەروون سەیر دەکرێت. بەڵام دەروونیش بە نموونەی خەونەکە نیشاندەدرێت کە ئاواتەخوازو پاڵنەرە. وێنەکان لەلایەن پاڵنەرەکان و هەروەها لەلایەن ئارەزووەکانیشەوە پشتگیری دەکرێن. بە

سەیرکردنی کێشەکە لە دیوەکەی دیکەوە نموونەی جەستە و غەریزەیە بۆ فرۆید. غەریزە وزەی جەستەیە کە داوای رەزامەندیت لێدەکات. ئەو رەزامەندییە لە بواری دەروونیدا، لە نوێنەرایەتیکردندا دەبینرێت. بەڵام خودی پاڵنەری راستەقینە، ئەو وزەیەی کە پشتگیری لەم سیستەمەی وێنەکان دەکات، ناتوانرێت وەک وێنە نیشانبدرێت. بۆیە بابەتی دەروونی نییەو لەگەڵ ئەوەشدا دەروون بەشێکی سروشتی پێشەکی پرۆسەکەیە. وێنەو پاڵنەر نوێنەرایەتی وزەو نیشانەو ئارەزوو دەکەن.

تیۆری فرۆید سەبارەت بە پرۆسە سەرەتاییەکان ئەوەندە گرنگە نەک تەنیا بۆ تێگەیشتنمان لە دەروونی، بەڵکو بۆ کارکردنمان لەگەڵ نەخۆشییە دەمارگیرەکان، چونکە ئەم سیستەمە خەون و پێکهاتە دەمارگیرەکانی تر لە قالب دەدات. لە راستیدا فرۆید پێداگری لەسەر ئەوە کردووە کە خەونەکان جۆرێک لە نەخۆشی دەروونی(ذهان) کورتن و باشترین رێگاشن بۆ ئەوەی رووبەڕووی مادەیەکی نا ئاگا ببنەوە.

کاراکتەری وەهمی خەونەکان سەرنجڕاکێشترو گشتیترە لە رووداوی هەڵەی هەستکردن بە بەئاگاهاتنەوە. دیکارت کە بە فەیلەسووفی ئەقڵانی دادەنرێت، خەونبینینی وەک مەتەڵێک داناوە، کە کێشەی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ لە جیهان و لە خۆی دروستکردووە. دیکارت زۆر پێش فرۆید، نەخشەی

ئەوەی کێشاوە کە  دیاردەی خەون بۆ زانین وەک گومانی میتافیزیک وایە. چونکە خەون پێش هەموو شتێک نموونەی فریودان و گەڕانەوە بۆ دواوەیە. تا دەگاتە ئەوەی بنووسێت: بڕیارمدا وای نیشانبدەم، هەموو ئەو شتانەی کە تا ئێستا هاتوونەتە مێشکمەوە، لە وەهمی خەونەکانم راستتر نین. تا دەگاتە ئەوەی بنووسێت: هەندێکجار هەستەکانم زیاتر لە خەونەکانم هەڵخەڵەتێنەرترن و جێگای متمانە نین. ئینجا دەڵیت: هەموو ئەو ئەزموونەی کە تا ئێستا لەبارەی هەستەوە لەکاتی بەئاگاییدا هەمبووە، دەتوانم بڵێم هەندێک لەو هەستانەم ئەوانەن کە لەکاتی خەونبینیندا هەمبوون، واتا سەرچاوەی ئەو هەستە لە دەرەوەی خودی خۆمەوە هاتووە. تا دەڵێت: هەندێجار ئەو خەونانەی دەیانبینین وەک ئەوە وایە راست بن و درۆ نەبن. ئەمەش پرسیارەکەی قورستر کردووە، بۆئەوەی بپرسین ئایا ئەوکاتەی ئەو خەونەمان بینیوە، ئایا خەوتووی بە ئاگا بووین، یان نا؟ لێرەیە فریودانی خەونەکان سەختترو قووڵتر دەبێتەوە.  بەڵام چەندی بیری لێ بکەینەوە، هەر بەو ئەنجامە دەگەین، کە مرۆڤ لەکاتی خەوتنیدا ناتوانێت بەئاگا بێت. واتە تەنیا ئەو روانینە بەهێز دەبێت  کە لەکاتی خەونبینیندا ئەوەیە کە خەوتووی، نەک وەئاگا بووبیت. ئینجا دیکارت بۆچوونێکی راشکاوانە رادەگەیەنێت و دەڵێت، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان خەون و هەستەکانمان هەن، چونکە خەونەکان

هەرگیز بە یادو یادەوەریی کردارەکانی هەموو ژیانمانەوە گرێ نادرێن.

لە راستیدا لێکدانەوەی خەون لە وەرگێڕانی شیعرێکی قووڵ و نوێ دەچێت، کە چەند جوان وەریبگێڕیتە سەر زمانی دیکە، هەر ناتوانی جوانییەکانی لەگەڵ بگوازیتەوە. یان لە ژەنینی مۆسیقایەکی نایاب دەچێت، هەر یەک بە جۆرێک لەگەڵیدا ئاوێتە دەبێت. کەواتە دەتوانین بڵێین خەونیش وەک کارێکی هونەری وایە، بوونێکی تایبەت بە خۆی هەیەو ، ناشتوانرێ لێکدانەوەیەکی فیکریی تەواوی بۆ بکرێت. لە راستیشدا مرۆڤ هەندێکجار لە چارەسەرکردندا بۆی دەردەکەوێت کە باشترە خەونێک لێکنەدرێتەوە. بەڵکو بەجێی بهێلیت وەک خۆی کە هەیە بە هەموو سیفەت و لایەنە نهێنییەکانیدا. ئەم بۆچوونە تیۆری خەونەکانی فرۆید پووچەڵ ناکاتەوە، کە بە دڵنیاییەوە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەونەکان کاری پێدەکرێت.بەڵکو ئەوەمان پێدەڵێت کە خەونیش هەیە، هێزێکی خەیاڵی رەسەن لە دەروونا خەونی بینیوە.

تۆماس هۆبز بەهەمانشێوە زۆر پێش فرۆید هاتۆتە سەر ئەو پرسە گرنگە، هۆبز پێیوایە، هەرگیز خەونی بە بێمانایی بیرکردنەوە لە بەئاگاییەکانییەوە نەبینیوە. دەڵێت: لەکاتی بەئاگابوونمدا هەرگیز خەون نابینم، دەزانم خەون نابینم، هەرچەندە کاتێک خەون دەبینم ، وا بیر دەکەمەوە کە خۆم

بەئاگام. بۆیە دیکارت دەیباتەوە سەر گومان، پێیوایە گەڕان بەدوای پێوەرەکانی دوو دڵی خەونبینین، دەبێتە هۆی گۆمانێکی میتافیزیکی قووڵ. دیکارت بڕوای وایە بنەماکانی زانستێکی سەرسوڕهێنەری دۆزیوەتەوە، بەڵام لە خەونێکدا لەدایک نەبووە.بەڵکو لە خەونێکدا دەربڕدرا. کاتێک لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٦١٩ تۆماری کردووە، بەڵام لە دواتر دەستنووسێکیدا کە  دۆزرایەوە ،کە لە ژوورەکەیدا بەهۆی داگیرساندنی سۆپاکەیەوە ژوورەکە گەرم بووەو ئەویش خەوی لێ دەکەوێت و ئیتر سێ خەونی یەک لەدوای یەک دەبینێت کە لە کاتی بەئاگا بوونەوەیدا وەک بەڵگەی چارەنووسی خۆی بۆ گۆڕینی فەلسەفە لە ڕێگای هێنانە کایەی ماتماتیکێکی نوێ دیکارت خۆی مانیڤێست دەکات.

دۆن کیشۆت چۆن دەردەکەوێت، چونکە ڕەتیدەکاتەوە بە تەواوی لەخەو هەڵبسێت و جیهان بە بەردەوامی لە ڕێگای وێنەی خەونەکانییەوە دەبینێت. لەناو ئەم بازنە سیحراوییەدا تەنانەت دەتوانرێت جیاوازی نێوان خەونبینین و بەئاگابوونەوە لە فۆرمێکی ساختەدا بەرهەمبهێنرێتەوە. کاتێک خەوتووە ، واتا جیاوازی نێوان بەئاگابوونەوەو خەوتن وەک هەموو جیاوازیەکی دیکەی خەیاڵی نا ڕاستەقینە، تەنیا کاتێک بە ڕاستی بەئاگا بێت جیاوازی نێوان خەونبینین و ئەزموونی بەئاگابوون بەهایەکی ئۆنتۆلۆژی ڕاستەقینە هەڵدەگرێت.

تەواوی کتێبەکەی سێرڤانتێس ئەم ڕاستییە بنەڕەتییەی مۆدێرنەی پەروەردە کردووە.

سێرڤانتێس بەشێوەیەکی درەوشاوە، دیدگای جۆراوجۆرو فرە ڕەنگی خستۆتە ناو گێڕانەوە ئاڵۆزەکەی، ئینجا بە تازەگەرییە سەرسوڕهێنەرەکانی خۆی هەموویان دەشێوێنێت. ئاخر لە دۆن کیشۆت دا ئەفسانەییەکان وەک وێنەی خەونەکان دەبنە جۆرێکی نوێی ڕاستەقینەو سەرسامی دەورووژێنێت. ئەم شێوازە کاریگەری سەرەتایی خوێنەر بەرزدەکاتەوە، کە توخمە سەرسوڕهێنەرەکان وەک نیشانەکانی تێکچوونی دۆن کیشۆت قبوڵ دەکات. پێدەچێت گێڕانەوەکە جگە لە دڵخۆشکردن و سەرگەرمکردن ئامانجی دیکەی نەبێت، بەڵام خۆ بەدوورگرتنی نووسەرە ڕەسەنەکە ئەوەندەیە بە هەڵمژینی ناو خەیاڵ و ڕۆڵێکی داهێنەرانە وەک خاڵی کۆکردنەوەی گێڕانەوەی پێدەدرێت.خوێنەر تا دێت بە زەحمەت جیاوازی نێوان خەون و ئەزموونی بەئاگابوونەوە، نێوان ڕواڵەت و واقیع ، نێوان جیهانی خەیاڵی کتێبەکەو بوونی ژیانی ئاسایی ڕۆژانە یان لەنێوان نووسەرو خوێنەردا دەدۆزێتەوە. بۆیە باسی ڕۆمانم کرد، چونکە ڕۆمان خاڵێکی دەستپێکی گونجاوە بۆ سەرسامی ژیانی تەواوی فرۆید بە خەونەکان.

لە ڕاستیدا فرۆید توانای ئەوەی هەیە کە بڵێت نا ئاگاو ئیگۆ بۆ بەرهەمهێنانی خەونەکانمان یەکدەگرن . ئەمەش هێشتا

پرسیاری (گێڕەرەوە)ی کۆتایی خەونەکانمان بۆ جێدەهێڵێت کە لە کوێیە؟ بێگومان خەون نە پرۆسەیەکی ئاژاوەگێڕییەو نە رەمەکیشە.

فەلسەفەی مۆدێرنە زۆر جار خۆی وەک بەئاگا بوونەوە لە خەوی ئەقڵدا دەخاتە روو. دەرکەوتن لە خەونی خورافات و هەڵە، بۆ میتۆدێکی رەخنەیی نوێ ، بە گومانەوە لە سادەترین بابەت نزیک دەبێتەوە، بەمشێوەیەش لە رێگای پرۆسەیەکی بەردەوامی رامان دەگاتە راستییەکان. وەک کانت وتوویەتی: داڤید هیوم لە خەوێکی قووڵدا بەئاگای هێنامەوە. بەڵام پرسیاری گەورە ئەوەیە، بپرسین: خەونبینین و فەلسەفە بە ئاسانی پووچەڵ ناکرێتەوە. بۆیە هەوڵدان بۆ دڵنیایی و حەسرەتی کۆتاییهێنان بە پرۆسەی خۆنوێکردنەوەی گومان لە راستیدا زیاترو زیاتر لە واقیع دوورمان ناخاتەوە؟ ئایا بە راستی فەیلەسوفەکان بە خەون بینین ناوزەد ناکرێن؟ سەرەڕای رەخنەی میتۆدی ، ئایا فەلسەفەی مۆدێرن جگە لە خەونی دڵنیایی نوێ هیچی دیکەیە؟!. یەکێک لە خەونە هەمەلایەنەکانی مۆدێرن ئەوەیە گومان و دڵنیایی، راستی وهەڵە، واقیع و وەهم...هتد بگەڕێنێتەوە بۆ چەمکە زانستییەکان.

فەیلەسوف بە گومانەوە گیرۆدەی ژیان بووە، بێ ماندوو بوون لە بیرۆکەیەکەوە بۆ بیرۆکەیەکی دیکە دەیگوازێتەوە، بەردەوام تاقیکردنەوەو رەخنەگرتنی لە هێزی

نوێنەرایەتیکردنی مرۆڤ هەیە، هەمیشە بیرکردنەوەی یەک لەدوای یەک و بێ کۆتایی بە مێشکیدا دێت و دەڕوات. گومانی فەلسەفی لە جیهانی ئاڵۆزو سەرلێشێواوی ڕووداوەکانی ڕۆژانە دادەبڕێنێت و بە کشانەوە بۆ ناو ئارامیی تایبەتمەندییەکی نەبراوەیە. لەوێدا کایەی ئازادییەکی بێ سنوور بۆخۆی دروستدەکات. ڕەنگدانەوەی فەلسەفیش کاتێک دەخرێتە جوولەو کارەوە کە ئەنجامی پێشبینی نەکراو بخاتە بەردەست و زۆر جار بۆ ئەقڵی نا فەلسەفی سەیرو سەمەرە دەردەکەوێت.

ئەگەر وەدیهاتنی خەونە سەرەتاییەکان فڕین بێت، گەشتکردن لەگەڵ ماسی بێت، بێزارکردنی ڕێگای مرۆڤ لە جەستەی زەبەلاحی شاخەکاندا بێت، ناردنی پەیام بە خێراییەکی خودایی بێت، بینینی ئەوەی کە نەبینراوەو ئەوەی بینراوە لە دوورەوە هەیەو بیستنی دەنگی گوێگرتن لە قسەکردنی مردوو، خۆ خستنە ناو خەوێکی چاککەرەوەی سەرسوڕهێنەر، توانای ئەوەی بە چاوی زیندوو ببینێت کە مرۆڤ دوای ٢٠ ساڵ لە مردنی چۆن دەبێت  لە شەوانی درەوشاوەدا بۆ زانینی هەزار شت کە لە سەرەوە و خوارەوەی ئەم جیهانەن. شتگەلێک کە کەس نییە پێشتر زانیبێتی، ئەگەر ڕووناکی و گەرمی و هێزو چێژ و ئاسودەیی خەونی

سەرەتایی مرۆڤ بن، ئەوا لێکۆڵینەوەی مۆدێرن تەنها زانست نییە، بەڵکو سیحریشە.

ناوەندی خەونبینین بۆ کولتووری سەرەتای سەردەمی مۆدێرنە بەتایبەتی گرنگی جۆرە ئەدەبییەکانی گومان بنچینەی بۆ دەروونزانی فرۆید رەخساند. بەڵام روونە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا هەموو ئەوانەی لە چوارچێوەی لێکدانەوەی خەون هاتوون، بە تەوای کاڵبوونەتەوە، ئەم کاڵبوونەوەیە کاتێک دەستی پێکرد کە مرۆڤ توانای ئەوەی هەبوو کە کۆمەڵگا رێکبخاتەوەو، سروشت کۆنترۆڵ بکات. واتا هێشتا مرۆڤ بە بیرکردنەوەی ئەقڵانی کۆگا زانستییەکەی پڕ نەکردبوو، بەڵکو بە پەیوەندی دابڕاوی لەگەڵ کۆمەڵگاو سروشت، خەون راستی خۆی نمایش کرد.

لەسەردەمی رێنیسانسدا جوانەمەرگی وەک جیۆردانۆ برۆنۆ یان مارسیلۆ فیچینۆ ، خەونیان دەبینی کە لە خەونی فەلەکناسان باڵاتر بوو، جیاواز بوو لەگەڵ ئەو جیهانەی کە کەپلەر ناوی لێنابوو. فڕینی رۆمانسییانە بەهۆی نۆستالیژیاوە بۆ جیهانی پێش مۆدێرن نییە، بەڵکو بە هۆی حەسرەتێکی تێر نەکراوەوە، بۆ گەڕان بە دوای ئەو کۆتاییە بێ کۆتاییەدایە کە لە سەنتەری هەموو شتێکی نوێدایە. ئەم جوولە بێ کۆتاییە قووڵی و پتەوی بە روخساری ژیانی مۆدێرن دەبەخشێت.

## مۆدێرنەو ڤیەنا

کاریگەریی قوتابخانەی پزیشکی ڤیەنا، هەرچەندە لە دارشتنی پێگەی فیکری فرۆید گرنگی خۆی هەبوو، بەڵام تاکە سەرچاوەی ئەم ئاراستەیەشی نەبوو. بنەمای مۆدێرنەی فرۆید هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی رۆمانسیزم لەناو کولتووری ئەوروپادا پزیشکە پێشەنگەکانی ڤیەنا رۆڵێکی زۆر دیاریان بینیوە. بۆنموونە  یۆهان پیتەر فرانک، فرانز جۆزێف گال، سەرەتا چاویان لەسەر پارادیمەکانی فەرەنسایی و سکۆتلەندایی بوو لە بواری پزیشکیدا. ئەوان پشتگیری ئەو بۆچوونەیان دەکرد کە تەندروستی جەستە لەسەر بنەمای ئاستێکی گونجاوی ورووژاندن(کە وەک تێکەڵەیەکە لە تورەیی سروشتی شانەکانی جەستە لەگەڵ توندی گونجاوی هاندانی گونجاودا بیریان لێیدەکردەوە) نەک تێکەڵەیەکی هاوسەنگی شلەی جەستە. جۆن براون دەچووی ئەدینبۆرگ کە بیرۆکەکانی لە ڤیەنا کاریگەر بوون، ئاماژەی بەوە کردووە کە نەخۆشییەکان لە بنەرەتدا تەنیا لەو رادەیەی کە هاندان لە نۆرمێکی تەندروست دوورکەوتۆتەوە، جیاوازن . ئەمە سەرەرای ئەوەی کارل ڤۆن رۆکییتانسکی کە لە ڤیەنا  هەزاران حاڵەتی لەبەردەستدا بووەو ئەوەی لە رێگای کاری مۆنۆمێنتال و وردی خۆی و ڤیرچۆی جێنشینییەوە بوو لە پۆلینکردنی

نەخۆشەکان لە رووی برینە ئەناتۆمییەکانەوە کە پزیشکەکان دەستیان کرد بە دوو گیان کردن.

ڤیەنا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، زیاتر لە هەر شارێکی دیکەی ئەوروپا ، شوێنی هەموو ئەو گۆڕانکارییە زانستی و کولتوورییانە بوو کە ناچار دەبووی لە چاوپێکەوتنەکاندا وەک پێشکەوتووترین تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنێتە سەیر بکرێن. تازەگەرییە سەرسوڕهێنەرەکان لە هەموو بوارێکدا دەرکەوتن، هاوسەنگییەکی جێگیرو سەرنجڕاکێشی دروستکردن و خراپبوونیان لێ کەوتەوەو داهێنەرترینی ئەو تاکانە بوون کە زۆرترین ئاگاداری خراپبوونەکان بوون. لای ئۆسکار کۆکۆشکا پێدەچوو، هەموو جیهان لە دەستی نا ئارامییەکی وجودیدا بێت. ئارثەر شنیتزلەر ئاگاداری تێکەڵبوونی بەردەوامی جدی وگاڵتە، واقیع و وەهم، راستی و درۆ بوو. ستیڤان زڤیگ هات بۆ ئەوەی لە هەستی ئاسوودەیی و ئاسایشی بۆرژوایی خۆیدا(هیچ شتێک نییە جگە لە قەڵایەکی خەون) بناسێت. شار هەم وێنەیەک بوو ، هەم نمونەی ئەو شلە پەشێوەی هەستکردنەش بوو کە جیهانی ئاسایش و ئەقڵانی ئیگۆیزمی بۆرژوایی تێیدا هەڵوەشابۆوە. رۆبێرت مۆسێل بە گەڕانەوە بۆ قۆناخێکی پێش سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی، رۆمانە بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی پیاوی بێ سیفەت، خستە روو. بە وەسفکردنی ڤیەنا لە رووی

کاریگەرییە تایبەتمەندییەکانی ژاوە ژاوو ئاپۆرەی خەڵک دەکاتەوە. وەک هەموو شارە گەورەکان لە ناڕێکی، گۆڕانکاری، خلیسکان بۆ پێشەوە ، نەهێشتنی هەنگاو، پێکدادانی شت و کاروبارەکان و خاڵە بێدەنگەکانی بێدەنگی لە نێوانیاندا لە ڕێگا قیرتاوکراوەکان و بیابانەکان ، لە یەک ریتمی گەورەو ناتەبایی و جێگۆرکێی هەمیشەیی لە هەموو ریتم و دژ بە یەکەکان پێکهاتبوو. بە کورتی ڤیەنا لە شلەیەکی بڵقاوی دەچوو لەناو دەفرێکدا کە پێکهاتبوو لە مادەی رەقی بیناسازی و یاساو نەریتە مێژووییەکان .

کۆمەڵگای رۆژئاوا، رەگ و ریشەی لە کۆمەڵە بەهایەکی هاوسەنگی ناکۆکدا هەیە کە بەشێکیان لە ئایینە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی نزیک و جیهانی هێلینیستییەوە سەرچاوەیان گرتووە. رۆژئاوا ئەوەندەی میراتگری بیرۆکەی یۆنانی (باشی و فەزیلەت)ن، ئەوەندەش بۆ خۆبەزلزان میراتگری چەمکی جوولەکە- مەسیحین. لەکاتێکدا یۆنانییەکان لووتبەرز بوون، واتا غرووریکی زۆریان هەبوو تا ئەو رادەیەی تەحەدای خواوەندەکانیان دەکرد. لە جیهانی هێلینیستیدا غروور هەروەها ئەو سیستەمە ئەخلاقییەی هەشیانبوو لەشوێنی خۆیدا نەبوو کە نەرگسیزم وەک نەخش سەیری دەکرد.

مۆدێرنێتە دەرفەتی نوێی بۆ ئەوانە رەخساند، کە ئامرازەکانیان هەبوو، بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە لە

سەردەمەکەی خۆیان تێبگەن، نیشانە پێشکەوتووەکانی دارمانی کولتووری نیچە، ورووژاندنی دەمار لای سیمێل و هەروەها بێباکی خەوناوی(مۆسێل) نیشانەی ئاشکراو روون بوون. هەر یەکەیان بۆ گەشەسەندنی فۆرمەکانی مۆدێرنێتە کاری زۆر جدیان کرد. بەڵام دەبێت ئەو راستییەش بوترێ ڤیەنا پایتەختێکی پێشکەوتنخوازانەی سەردەمی خۆی نەبوو. چونکە مۆدێرنێتە سەردەمێکە ، خاوەنی چەندین قوتابخانەی فیکری و فەلسەفی جیاواز بە یەکدی و تەنانەت دژ بە یەکدیشە. تۆ بڕوانە مۆدێرنێتەی ئەم سێ بلیمەتە: فرۆید، نیچە، مارکس، سێ قوتابخانەی تەواو دژ بە یەکن.

ڤیەنا وەک ناوەندێکی سیاسی و کولتووری ئیمپراتۆریای هابسبۆرگ، سەرۆکایەتی کۆمەڵەیەکی دەکرد، کە ئیمپراتۆریەت وەک دروستکراوێکی دەستکرد دەرکەوت. دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن لە رووی ئیداری و سیاسی و کولتوورییەوە بۆ ئەو جەماوەرەی هەستیان پێی دەکرد،مانایەکی کەمی هەبوو. پێش هەموو شتێک ، ئەڵمانی ، چیک، پۆڵەندی،سربی، کرواتی، رۆمانی ، سلاڤ، سلۆڤینی ، سلۆڤاکی، ئیتالی ، تا دەگاتە جولەکە، رەنگە نەمسا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر نەبێت ، چونکە بە هیچ شێوەیەک هۆشیارییەکی دەوڵەتی نەبوو تا شوێنێک بۆ نیشتمانپەروەری پێشکەش بکات. هەروەها بۆ ئەو گرووپە بچووکانەش کە

هەستیان بە هیچ هەستێکی نەتەوەیی نەدەکرد، هەر چییەک بێت کە ئیمپراتۆریەتێکە بە پلەی یەکەم تەنانەت بە تایبەتی گرنگییەکی ڕێورەسمی هەبوو. بەڵام لە ڤیەنا ڕێو ڕەسمییەت زۆر بەڵگەی لەسەر بوو. لەسەر یەکپۆشی فرەرەنگ و وردی ئەفسەرانی سوپا بینینێکی رۆژانە بوو. پۆستە فەرمییەکان نیشانەی پێگەی کۆمەڵایەتی بوون و هەرچەندە چاکسازییە بیرۆکراتییەتەکان لەلایەن ئەلێکساندەر باخەوە دەستی پێکرد، کە یەکەم کارکردنی ویلایەتی هابسبۆرگ بوو کە بیرۆکراتیک بۆ خۆی ئامانج بوو.

ڤیەنا لە رووی توخمی دەسەڵاتدارییەوە، رەگ و ریشەی بۆ لە بارۆکدا مابووەوە. بیرۆکە سیاسییەکانی کە بە زەحمەت کاریگەری لیبرالیزمیان لەسەر هەبوو، لە رەهاگەرایی رۆشنگەری کۆتایی سەدەی هەژدەوەبۆ کۆنەپەرستی سەرکوتکەر پەرەی سەندبوو. هەروەها ڤیەنا لەماوەی گەشەسەندنی خێرای خۆیدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا سیستەمێکی مۆدێرنی بۆ بەرهەمهێنانی پیشەسازی بەشێوەیەکی چڕ پەرە پێ نەدابوو. بەڵکو پیشەسازی گەورە بۆ شارە گەورەکانی ئەوروپا گوازرابوونەوە، لە ڤیەنا پیشەسازی بچووک زاڵ بوو، بەڵام لە ساڵی ١٨٧٣ ژمارەیەکی زۆریش لە بازرگانانی بچووک مایەپووچ مانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا، ڤیەنا بۆ ماوەیەکی کەم توانی ببێتە ناوەندی

پێشکەوتووترین کولتووری ئەوروپی. بە پلەی یەکەم وەک کولتووری جولەکەیەکی عەلمانی گەشەی کرد،ئەمەش بەهۆی کاریگەریی هاتنی جوولەکە بوو بۆ ڤیەنا، ئەمەش پاشخانێکی بنەڕەتی و بنچینەیی بۆ گەشەسەندنی فیکری فرۆید پێکدەهێنێت. ئەو رۆشنبیرە عەلمانیە جولەکانە بوون کە رووخساری ڤیەنایان گۆڕی. کە پێشتر تەنیا میوزیکژەن و ئاوازدانەرەکان ناوبانگیان بەو پایتەختە بەخشیبوو. ئیتر کۆمەڵێک یاسا بۆ جوولەکەکان دەرکران کە توانیان وەک هاووڵاتییەکی ڤیەنایی ژیان بەسەر بەرن. کە دواجار ساڵی ١٨٦٧ دەستوورێکی نوێ مافی هاووڵاتیبوونی بە جولەکەکان بەخشی. ئیتربەهۆی ئەم یاسایانەوە، جوولەکە لە زۆربەی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ...هتد گەشەی بێ وێنەیان کرد. بۆیە ڤیەنا بووە ناوەندێکی گەورە بۆ گۆڕانکاری و گەشەسەندنێکی گەورەی جیهانی. تا ساڵی ١٨٨٠ جوولەکە رێژەی نزیکەی ٣٠% هەموو خوێندکارانی ڤیەنایان پێکدەهێنا. هەر لە سەرەتای ساڵی ١٨٨٠ نزیکەی ٦٠% ی هەموو ئەو پزیشکانەی کە لە ڤیەنا تۆمار کرابوون، جولەکە بوون. بە کورتی جوولەکە لەماوەیەکی زۆر کەم، بەڵام زۆر بە خێرایی توانیبوویان کۆنترۆلی فیکرو زانست و ئەدەب و....هتد بکەن. ئەمەش ببووە مایەی نیگەرانی بە رەچەڵەک نەمساوییەکان کە ئەڵمان زمان بوون. بەتایبەت کە داهێنانی بوێرانەی

جوولەکەکان، لە بواری کولتووردا، لە قاوەخانەو شانۆکاندا ڕەنگیان دابۆوە. نەک لە دامەزراوە ئەکادیمییەکان. ڕۆشنبیرو هونەرمەندەکان، بەهۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە یەکگرتنێکیان پێکهێنابوو، نەک بەهۆی دامەزراوە فەرمییەکان.

دەروونزانییەکەی فرۆید بە پلەی یەکەم وەسفکردنێکی ژیانی مۆدێرنەیەو لە ئەنجامیشدا مادەیەکی بێ نرخی بە کۆمەڵناسی هاوچەرخ داوە. بەڵام تا ئەو جێگایەی کە ئەزموونی مۆدێرنێتە بۆ کۆمەڵناسی پرسێکی ناوەندی و بنچینەییە ، ئەوە لە ڕووی بەرهەمە دەروونییە بنەڕەتییەکانەوەیە کە فرۆید بەشداری سەرەکی خۆی لە تێگەیشتنمان لە کۆمەڵگا کردووە. دەتوانین لەو بەرهەمانەیشی نزیک ببینەوە کە مانایەکی کۆمەڵایەتی پێ بەخشیون، بەتایبەت لە بەرهەمەکانی شارستانیەت و نارەزاییەکانی، یان لە تەوتەم و تابۆ دا، بەشداریکردنێکی کۆمەڵناسانەیە. بۆ تێگەیشتن لە سروشتی ئەزموونی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی کۆمەڵگای مۆدێرنە.

دەروونی فرۆید ڕەگ و ڕیشەی لە جەستەو لە سێکسدا هەیە. شێوازی لێکدانەوەو شێوازی ئارگیۆمێنتی فرۆید میدراشی جوولەکە دەهێنێتەوە یاد. جگە لەوەش فرۆید نکۆلیکردن و خۆ بە دوور گرتن لە شیکاری دەروونیدا وەک میتۆدێک بۆ پەروەردەکردنی پێکهاتەی دەروونی نەخۆشی و

پاراستنی شیکارییەکە بەرز دەنرخێنێت. لە بەرانبەردا یۆنگ کەمتر جەختی لەسەر جەستە یان سێکسوالیزم دەکردەوەو مەیلی ئەوەی هەبوو کە جیهانی مادی بە شێوەیەکی هێمایی نیشانبدات، وەک باوکانی سەرەتایی کڵێسا.

### فرۆیدو چارکۆت

به درێژایی سەدەی نۆزدە، دوو چەمکی پێشەنگ لەبارەی سەرچاوەی هیستریاوە پەرەیان پێدرا. هەردووکیان هەوڵیاندەدا حساب بۆ جۆراوجۆری نیشانەکانی و چڕبوونەوەی بە رواڵەت نا رێژەیی لە نێوان ژن(بەتایبەت ژنانی گەنج) بکەن. یەکێکیان سەرەتای نیشانەکانی بۆ زەبر گەڕاندەوە، زۆربەی کات شۆکێکی جەستەیی جۆرێکیان بوو، لەکاتێکدا نیشانەکانی دیکە کە ئیدیعایان دەکرد دەتوانرێت لە رووی پێشنیاریی نەخۆشەکەوە روونبکرێتەوە. بەستنەوەی هەردوو بۆچوونەکە گریمانەیەکی بنەڕەتی هەبوو بۆ لاوازی دەستووری ژنانی گەنج. تیۆری زەبربەخشی هیستریا، بەناوبانگبوونی خۆی قەرزاری دەسەڵاتی جان مارتن چارکۆت بوو، کە گەورەترین زانایانی دەروونی-نەخۆشی کلینیکی-سەدەی نۆزدە بوو. لە ساڵانی ١٨٤٨ -١٨٥٢ نەخۆشخانەی سالپێرتەر لە پاریس کاری مەشقی کردبوو. دوای دە ساڵ

وەک پزیشک و پرۆفیسۆری چاودێر گەڕایەوە. ئەم نەخۆشخانە زەبەلاحە کە یاریدەدەری جیل دی لاتۆرێت بە دۆزەخی لاوازییەکانی مرۆڤ ناوی بردووە. بۆ چارکۆت جۆرێک لە مۆزەخانەی نەخۆشییە دەروونییەکان بوو کە نزیکەی پێنج هەزار نەخۆشی لەخۆ گرتبوو کە دەیتوانی تواناکانی دەستنیشانکردن و پۆلینکردنی خۆی لەسەریان بەکاربهێنێت. فرۆید لە ساڵی ١٨٨٥ بۆ خوێندن چووە پاریس و بۆ ماوەی شەش مانگ لە پاریس لەگەڵ چارکۆت خوێندی. فرۆید هەم بە چارکۆت، هەم بە پاریس سەرسام بوو.چارکۆت پزیشک و پسپۆر بوو لە بواری دەمارناسی و، وتارە بڵاوکراوەکانی کە چەندین نموونەی زیندووی ئەو حاڵەتانەی کە لە برینە تایبەتەکانی شانە دەمارییەکانەوە سەرهەڵدەدەن، بەخۆیەوە گرتبوو. جا نەخۆشیەکە بەهۆی ڕووداوەکانەوە بووبێت، یان بە هۆی نەخۆشییەوە بووبێت. چارکۆت تەنیا مامۆستای فرۆید نەبوو، بەڵکو دەرگایەکی گەورەیشی بۆ فرۆید کردەوە، کە بتوانێت لێیەوە بچێتە ناو ئەو ژوورەی پڕە لە نەخۆشی دەروونی و چارەسەریشیان بکات. هەروەها چەمکی چارکۆت خاڵی دەستپێکی بوو بۆ نەریتێکی گرنگی دەروونزانی و دەمارو دەروونی فەرەنساییدا. چارکۆت هیستریای وەک نەخۆشیێکی نوێ دۆزییەوە، کە بە نەخۆشییەکی مۆدێرن بڵاوکرایەوە. ناڕەزایەتییەکی جەستەیی

بوو دژی ورووژاندنی ناسروشتی ژیانی مۆدێرن. چارکۆت بە پشتبەستن بە تاقیکردنەوەکانی لەگەڵ هیپنۆسدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە نەخۆشانی تووشبوو بە هیستریا بەدەست نەخۆشییەکی دەروونییەوە دەناڵێنن. فرۆید لە چاودێریکردنی ئەزموونی پراکتیکی چارکۆت ئەوەندە سەرسام بوو کە چەند مانگێکی بەسەر بردبوو، بەردەوام بەدواداچوونی بۆ ئەم بابەتە نوێیەی چارکۆت دەکرد. یەکەم بڵاوکراوەیشی لەسەر هیستریا لەسەر بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵ ژنێکی گەنجی جوولەکە بوو، کە بەهۆی ئەو ڕێنماییانەی نەخۆشەکەی تێبینی ئەوەی کردبوو کە نیشانەکانی هیستریا بڕەوێننەوە یان هەر بە تەواوی نامێنن کاتێک بیرەوەرییەکانی کۆدکراو لەژێر بارودۆخی سۆزداری نەرێنیدا وەرگیراونەتەوە.

فرۆید بە هەردوو کەس چارکۆت و بێرنهایم سەرسام بوو، بۆیە کارە سەرەکییەکانی بۆسەر زمانی ئەڵمانی وەرگێڕا. لەکاتی لێکۆڵینەوەی پراکتیکی هیستریادا توخمی تیۆری زەبروزەنگ و پێشنیاری تێکەڵ بە یەکدی کرد. بەڵام لەوەش گرنگتر فرۆید لە پەرەپێدانی ڕێبازی شوێنەوارناسی خۆیدا بۆ گەیشتن لە رووکەشی ژیانی مۆدێرن، ماناو هەروەها هۆکاری گلەیی جەستەیی دۆزییەوە. دروستبوونی کێشەکان وەک کێشەیەکی هێرمێنۆتیک مامەڵەی لەگەڵ دەکرد. واتا وەک دەقێک کە دەتوانرێت بە زاراوەی خۆی تێبگەین، کە

پرۆسەیەکی دووانەی نووسین و کۆدکردن بوو.  جەستەی مێینەی نەرم و نیان کە بەهۆی توێکڵێکی رەقی رەنگدانەوەی ئەقڵەوە نەپارێزراو بوو، بەردەوام دەکەوتە دۆخێکی خەوتنی بێدەسەلاَت کە تێیدا وەرگری چەندین کاریگەریی بێ کۆنترۆل و نارێک بوو. ئەگەر ئەم هێزە دەرەکیانە بگەنە چری زەبرو زەنگ ، ئەوا شوێنەواری درێژخایەن لەسەر جەستە بەجێدەهێلرێت لە شێوەی گۆڕانکاری جەستەیی وزەبەخشدا کە بە سادەیی تۆماری نەدەکرد، بەڵکو هۆکاری ورووژێنەری خۆی واژۆیش دەکرد .

تا سەردەمی ئەم دواییەش، پراکتیزەکردنی ئایین شێوازێکی بالاَدەستی بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێکچوونە دەروونییەکان. کارل یۆنگ دانی بەو رۆڵەی چارەسەررکردنە نابوو کاتێک نووسیبووی: ئایینەکان چین؟ ئایینەکان سیستەمی چارەسەری دەروونی مسۆگەر دەکەن.ئەی ئێمە ؟ ئێمەی چارەسەری دەروونی چی دەکەین؟ ئێمەش هەوڵدەدەین ئازاری ئەقڵی مرۆڤ، دەروونی مرۆڤ یان رۆحی مرۆڤ چارەسەر دەکەین و ئایینەکانیش رێک مامەڵە لەگەڵ هەمان کێشەدا دەکەن. یۆنگ لەسەردەمی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە کاسۆلیکەکان بە دەگمەن بۆ شیکاری دەروونی دەهاتن ، چونکە بەشداری دانپێدانانیان دەکردو باوەڕیشیان بە خودا هەیە. بەهەمانشێوە بە دەگمەن ، مەگەر ئەوانەی

لەکۆمەڵگای جوولەکە چاودێرەکاندا بەدوای چارەسەری دەروونیدا دەگەڕان، بەتایبەت ئەوانەی کە رووبەڕووی پرسە دەروونییەکان ببوونەوە، کە قەبارەیەکی بەرچاویان هەبوو، بۆ چارەسەر سەردانیان بکردباین. هەروەها یۆنگ دەڵێت: ئایین بۆ زۆر کەس شێوازێکی کاریگەر بوو بۆ چارەسەری دەروونی ، بەڵام بۆ ئەوانەی کە ناتوانن دڵنەوایی لە نەریتی ئایینەکاندا بدۆزنەوە، ئەوکات دەبێت بە شێوازی عەلمانییانە چارەسەری دەروونییان بۆ بکەین.

## چاپکراوەکانی نووسەر

١- ديموكراسى و ئيسلامى سياسى (٢٠٠٥) رەخنەو لێكۆڵینەوە

٢- هەتاوى نيوەشەو (٢٠٠٥) رەخنەو لێكۆڵینەوە

٣- ئايين و دەوڵەت و پەيڕەوكردنى شەريعەت (٢٠٠٦) وەرگێڕان

٤- گەردەلوولى سياسەت - بەرگى يەكەم - (٢٠٠٦) ديمانەى سياسى

٥- گەردەلوولى سياسەت — بەرگى دووەم - (٢٠٠٩) ديمانەى سياسى

٦- قەيرانى كۆمەڵگاو حيزبە سياسييەكانى هەرێمى كوردستان (٢٠١٥) تۆژینەوەيەكى زانستى تيۆرى مەيدانييە

٧- قەيرانى ئەقڵ - بەرگى يەكەم-(٢٠١٥) لێكۆڵینەوەيەكى رەخنەيى فيكرييە

٨- دەروونزانى سياسى (٢٠١٥) تۆژینەوەيەكى سياسيى مەعريفييە

٩- دەروونزانى كۆمەڵايەتى (٢٠١٥) تۆژینەوەيەكى ميتۆدى ئەكاديمييە

١٠- فەلسەفە (٢٠١٥) فەلسەفەى فەيلەسووفەكانە

١١- گەردەلوولى ئايديۆلۆژيا (٢٠١٥) بابەتى جۆراوجۆرى سياسييە

١٢- گەردەلوولى سياسەت (٢٠١٥) تێكڕاى ديمانە سياسييەكانمە

١٣- قەيرانى ئەقڵ — بەرگى دووەم-(٢٠١٧) لێكۆڵینەوەيەكى رەخنەيى فيكرييە

١٤- خوێندنەوەيەكى نوێتر بۆ ئيسلامناسى (٢٠١٧) تۆژینەوەيە لەسەر قورئان

١٥- قەيرانى ئەقڵ - بەرگى سێيەم (٢٠١٩)

١٦- قەيرانى ئەقڵ - بەرگى چوارەم (٢٠٢٣)

١٧- تيۆرەكەى فرۆيد (٢٠٢٣)